# هەڵبژاردن

## لە نێوان

# عەلمانی و ئیسلامی

## فکری-پەیامی – واقیعی

مەسعوود عبدالخالق

# ناوەرۆك

تێبینی: ژمارەی لاپەڕەکان هی کتێبەکەیە پاش چاپکردن

دەروازە:.......................................................................................................٤
وەلامەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنیان : .............................................................................٥
بەشی یەکەم: ئیسلامی و عەلمانی ................................................................................٦
چەند سەرنجێك:...................................................................................................٦
چەند پێناسێك : ..................................................................................................٦
عەلمانیەت :.........................................................................................................٧
عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا :..............................................................................٨
کەواتە عەلمانی کێیە لە جیهانی ئیسلامی ؟..................................................................٩
کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ژێر سایەی عەلمانیەتدا : ...........................................................٩
پووختە :...........................................................................................................١١
بەشی دووەم : هەڵبژاردن.......................................................................................١٢
دیموکراسی:.......................................................................................................١٢
دیمکراسی، هەڵبژاردن، فکری ئیسلامی:.......................................................................١٣
ئیجابی و سەلبی‌یەکانی دیموکراسیو هەڵبژاردن :...........................................................١٤
ئیجابی‌یەکان:.......................................................................................................١٤
سەلبی‌یەکان: .......................................................................................................١٤
هەڵبژاردن لە کەلتووری ئیسلامدا .............................................................................١٥
بەشی سێیەم: هەڵبژاردن لەگەڵ عەلمانی‌یەکان................................................................١٧
سێ تەیاری سەرەکی:..............................................................................................١٨
تەیاری یەکەم :.....................................................................................................١٩
بەڵگە نەقلی‌یەکان:.................................................................................................١٩
بەڵگە عەقلیو واقیعی‌یەکان:.......................................................................................١٩
هەڵسەنگاندن:......................................................................................................٢٠
تەیاری دووەم : ....................................................................................................٢٤
هەڵسەنگاندن :.....................................................................................................٢٦
ا- لە بارەی هەڵبژاردن ودیمکراسی : ..........................................................................٢٩
ب - لە بارەی پەرلەمان و دەستوور: ...........................................................................٣١
تێبینی:..............................................................................................................٣٣
تەیاری سێیەم : ....................................................................................................٣٣
میانڕەوی ئەو تەیارە :............................................................................................٣٤
سەر هەڵدانی : ....................................................................................................٣٥
بۆچی ئیسلامیەکان دەنگیان لە زیادبوون دایە :..............................................................٣٦
ئەزموونەکانی جیهانی ئیســـلامی ..............................................................................٣٧
ئەزموونە تاڵەکان .................................................................................................٣٩
بەشی چوارەم : هەڵبژاردن لە عێراق...........................................................................٤١

بەشی پێنجەم : هەڵبژاردن لە کوردســـتان ........................................................... ٤٥
بەرنامەی ئیسلامیەکان لە کوردستان : .............................................................. ٤٦
بەشی شەشەم : مانا و سەرەنجامەکانی هەڵبژاردن ................................................. ٤٨
١ - لەسەر ئاستیعیراق : ................................................................................ ٤٨
٢ - لەسەر ئاستی کوردستان : بۆ پەرلەمان ........................................................ ٤٨
بۆ شارەوانی یە سەرەکیەکان : ....................................................................... ٤٨
چەند مانایەکی : ......................................................................................... ٤٩
پێشبینی و ئەنجام : ..................................................................................... ٥١
ئەنجام و گۆڕان : ........................................................................................ ٥١
(١) دەست کاری سایـکس ــ بیـکۆ : ................................................................ ٥٢
(٢) دامەزراندنەوەی عێراق : ............................................................................ ٥٢
(٣) تەوافوق : ............................................................................................... ٥٤
(٤) لیستی شیعە و کورد : ............................................................................... ٥٥
گرفت و ناکۆکیەکانی لیستی شیعەو کورد : ....................................................... ٥٦
(٥) کەواتە چەندە بەردەوام دەبێ ؟ ................................................................. ٥٧
(٦) ستراتیژیەتی کورد : ................................................................................. ٥٨
سەرەنجامی لە کوردستان .............................................................................. ٦٠
ناوەوەی کوردستان : .................................................................................... ٦٠
داهێنانی دوو پایەی نوێ : .............................................................................. ٦١
سەرەك کۆمار : .......................................................................................... ٦١
سەرۆکی هەرێم : ........................................................................................ ٦٢
چەند سەرنجێك لەبارەی یاسای سەرۆکی هەرێم ................................................... ٦٢
ناوەرۆك ..................................................................................................... ٢

## دەروازە:

لە دوای دارِمانی خەلافەت بەیەکجاری لە ساڵی١٩٢٤، کۆمەڵگەی ئیسلامی گیرۆدەی بۆشاییەکی مەزن بووەوە، بە سیستەم و ئەزموون و پێوەرەکانی عەلمانی ڕۆژئاوا پڕکرایەوە، لە دروست کردنی دەوڵەت و سنوری جوگرافی و مانای کۆمەڵگەو نەتەوە و دەستور ویاسا و پەرلەمان ڕێکەوتنە جیهانیەکان و سەرۆك و٠٠٠٠ هتد

لێرەدا دوو گرفتی پێچەوانەی لە جیهان سەری هەڵدا، یەکێکیان لە لای ئیسلامیەکان، ئاخۆ چەندە دروستە بەشداری ئەو دەزگایانە بکرێ کە لە بناغەدا لە پەیڕەوو ئامانجدا ئیسلامی نیە ؟، دووەمیان لە لای عەلمانیەکان ئاخۆ چەندە دەشێ بەپێی بنەماکانی عەلمانی (جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت) لە گەڵ هێزێکی ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسی پێکەوە بەشداری یەکتر بکەن ؟ ٠٠ ئاخۆ ئەو دوو پەیوەندییە هەر پێکدادان و نەگونجانە یاخود دیالۆك و پێکەوە ژیانە لە چوارچێوەی سیستەمێکیهاوبەش کە هەردوو لا پێی قایل بن؟ ئەوەش کۆمەڵێك چەمکی بەرەنجام هێناوە لەوانە ((دیالۆگی عەلمانی ئیسلامیی، ژیانی دیموکراسی، ئازادی و فرەیی،...)) لە ڕوانگەی بەشێك لە ئیسلامیەکان هەموو ئەو چەمکانە بەرهەمی عەلمانیەتە وە هەر لە قازانجی ئەوانیشە، وای نابینن کە بەرهەمی کەلتورو ئەزموونی هەموو کۆمەڵە تەنها ئەوەیە لە سەردەمی ڕابوونی عەلمانی زیاتر دەرکەوتوونە، لەڕۆژئاوا ئەو کێشەیە بەو ئەندازەیە نیە لە بەر چەندین هۆ لەوانە :

١ - قایل بوونی عەلمانیەکان بە دیموکراسی و سەرەنجامەکانی.

٢ - کەمی جیاوازی نێوان هێزە عەلمانی و هێزە ئاینیەکان بە حوکمی نەبوونی(شەریعەت) لە ئاینی مەسیحیەتدا(بۆیە دەبینین حزبە ئاینیەکانی ڕۆژئاوا زۆربەی لە ناویشدا ئاوەڵناوی مەدرەسەیەکی(عەلمانی) بۆ زیاد کراوە وەك حزبی مەسیحی دیموکراسی، حزبی مەسیحی سۆشیالیست،حزبی مەسیحی لیبرال، مەسیحی ناشێونالیزم بەوشێوە) ٠

٣. سەروەری یاسا و دەستور.

٤. دەست گۆڕینی دەسەڵات و نەمانی دیکتاتۆریەت.

٥. گرنگی هاووڵاتی و ڕای گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی.

بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێشەیەکی زۆری لە سەرە بەتایبەتی لە نێو دەسەڵاتدارانی پێچەوانەی ئەو پێنج خاڵانەی سەروو،بەشداری کردن لە هەڵبژاردن لە گەڵ عەلمانیەکان یەکێکە لەو کێشە ئاڵۆزانە، هەر پەیوەندی بە بابەتەکانی دیموکراسی و پەرلەمان و دەستور نیە، دەپەڕێتەوە بۆ تیۆرەکانی (چاکسازی) و (شۆڕش) و (ئاشتی).لەگەڵ کۆمەڵێك پرسیار٠٠٠.

تەقەلا دەدەین لەو نووسینە زۆر بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئاخۆ چەندە دەشێ ئیسلامیەکان بەپێی شەریعەت بەشداری ژیانی سیاسی ئاشتی بکەن لە گەڵ عەلمانیەکان؟ هەڵوێستیان بەرامبەر دیموکراسی؟ ئایا ئیسلامیەکان لە هەڵبژاردن و دیموکراسی قازانجیان کردووە یان زەرەر؟ ئایا توانیویانە نموونەیەکی سەرکەوتوو بەهۆی بەشداری هەڵبژاردن و دیموکراسی لە هیچ شوێنێك دروست بکەن؟ ٠

ئەی بەپێچەوانەکانیان ؟ئەزموونی جیهانی لەو بارەیەوە وەڵامی چیە؟ ئایا هەموجۆرەکانی عەلمانی وەك یەکن ؟ ئیسلامیەکان چەند تەیارن بەپێی وەڵامی ئەو پرسیارانە؟ هەر تەیارەی لە تێگەیشتن و ژێرخانیو ووشیاری سیاسی و دەروونی چۆنە ؟ ٠

پاساوەکانی شەرعی و سیاسیان چیە ؟ خاڵی بەهێز و لاواز لە هەر لایەك چیە ؟کامیانە میانڕەو؟ میانڕەو بەپێی واقیعی جیهانی یان بەپێی فیکری ئیسلامی ؟

هەروەها بە ڕوانگەی عەلمانیەتیش وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە :-

ئاخۆ چەندە دەشێ بەپێی بنەمای عەلمانیەت بەشداری لە گەڵ ئیسلامیەکان بکەن ؟ ئایا ئەوە بەکارهێنانی ئاین نیە لە پێناو سیاسەت ؟ ئەی هەموولایەك ئیسلام نین ؟ ئەی ئەوە تێکەڵ کردنەوەی ئاین و سیاسەت نیە ؟

## وەڵامەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنیان :

وەڵامی بەشی یەکەم لە پرسیارەکان

وەڵامەکان بەڕوانگەی فیکری ئیسلامی دەدەینەوە (نەك شەرع)، وەڵامی شەرعی پێی ناوترێت سیاسەت پێی دەوترێت (فەتوا)... هەر چەندە (فەتوای سیاسیش هەیە)، هەر خودی خۆشی سیاسەت لە ئیسلامدا هەموو جارێ ناگەڕێتەوە سەر (شەریعەت) زیاتر دەگەڕێتەوە سەر فیکری ئیسلامی کە بنچینەکانی زیاتر ئەو فیقهانەیە (واقیع، موازنة، گۆران، اولویات، تدرج، ممکن...) ابن عقیل دەڵێ ئەگەر ووتت (لا سیاسة الا ما نطق به الشرع – قرآن والسنة – فغلط، السیاسةما وافق الشرع – صحیح -) ٠

ئینجا لە بەشەکانی زیاتر بەنمونەی کوردستان دەخەینە ڕوو کە زیاتر بۆ ئیسلامی و عەلمانی پانتایی هاوبەش دەدۆزرێتەوە لەوانە:

١ - هەڕەشەی هەمیشەیی داگیرکەران بۆ سەر هەر دوولا.

٢ - پابەندی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ئیسلام.

٣ - مێژووی ئیسلامی بوونی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد...

٤ - هۆیەکانی ڕاستەوخۆ پەیدابوون و بەردەوامی مەینەتی کورد لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت و بەردەوامیەکەیەتی لەگەڵ کۆتایی خەلافەت ٠

بۆیە عەلمانیەتی کورد هەر بارستاییەکی سەلبی نیە وەك دەسەڵاتداری عەلمانی عەرەب و دیکتاتۆریەکانیان، بەڵکو ئەوانە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە بەرگری نیشتیمانی بەتایبەتی عەلمانیە نیشتیمانپەروەرەکان بۆیە ئەگەر هەردوولا پابەند بن بەتەواوی مانای ئیسلام و نیشتیمان پەروەری ڕەنگە بەدەگمەن هەبێ لە جیهان میللەتێك بەو ئەندازەیە عەلمانی و ئیسلامیەکان لێك نزیك بن.

# بەشی یەکەم

# ئیسلامی و عەلمانی

## چەند سەرنجێك:

١.ئەو بابەتە هەر لەبنچینەدا بەراووردو مل ملانێی نێوان ئیسلام و دیموکراسی نیە، بەڵکو بابەتی دیموکراسی و بزوتنەوە ئیسلامیەکانە، لەوەش هەڵبژاردنی نێوان ئیسلام و دیموکراسی نیە بەڵکو دیموکراسی و (بەدیلەکەی)کە دیکتاتۆریەتە.

٢.ئەو باسەمان لەو سات و کاتە ڕاستە کە ئازادی و دیموکراسی تەواو هەبێ، نەك هەربەگۆتە، وەك دەسەڵاتدارانی عەرەب بەدەنگی ٩٩٪ هێناویانە هەمووی بە تەزویر و، یان وەك دەسەڵاتی کوردی باسی دیموکراسی دەکەن و شەڕ لەسەر دەسەڵاتیش دەکەن. بۆیە واچاکە بەووردی سەرنج بیخوێنیەوە.

## چەند پێناسێك :

زیاتر پێناسێکی عەلمانی و ئیسلامی دەکەین لە دوایشدا دیموکراسی و هەڵبژاردن، ئینجا هەندێ پێناسی پێویست بۆ بابەتەکە، هەڵبەتە پێناسی ئیسلامی بەهەمو پێوانەیەك زۆر ڕوون و کورتە مادام دەکەوێتە سەر یەك (مەرجەعیەتی) چەسپاو، بەڵام پێناسی عەلمانیەت زۆر هەڵدەگرێت چونکە :

١.مەرجەعەکان و مەرجەعیەتەکانی بەخێرایی دەگۆڕێ و بگرە (چەسپاوی) دەگمەنە .

٢.لە جیهانی ئیسلامی‌دا پێناسێکی ڕوون و ئاشکرا نادا بەخۆی .

٣. ناسنامەی فکری لیڵە...

ئەوەش قەیرانە نەك ئیجابی، بۆیە تاڕادەیەك قووڵ بوونەوەیەکی پێویستە بۆ بەرزەفت کردنی پێناسێکی هەمەلایەنی.

### ئیسلامی:

هەر بزوتنەوە و دەستە و تاقمێك (یان هەرکەسێك) تەقەلابدا لە پێناو هێنانەدی دەوڵەتی ئیسلامی پێی دەوترێت ئیسلامی.

بەڵام پێناسی یاسایی یەکەی ئەوەیە : ئیسلامیەکان ئەوانەن کە لە چوارچێوەی دەستور بەهۆی بەرنامە و چالاکی سیاسی و لە ڕێی هەڵبژاردن دەیانەوێ حکومەتێك پێك بهێنن سەرچاوەی یاسا دانانی شەریعەتی ئیسلامی بێ.

هەڵبەتە لەدوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت ١٩٢٤ز هەر لە ئەندۆنیسیا و نیمچە دورگەی هیند هەتا مغرب بە جیا جیا دەستەی ئیسلامی دروست بوو، ڕەنگە (کۆمەڵەی محمدی) ی سعید نەورەسی لە دوای ئینقلابەکەی ١٩٠٨ لە پێشڕەوەکان بووبێ، بەڵام بەسەرەکی مێژووی ١٩٢٨ز بۆ (برایان ـ ئیخوان المسلمین) کە دامەزرێنەکەی شێخ حسن بنا دەگەڕێتەوە، ئەگەر چی (انصار السنة المحمدية) لە ساڵی ١٩٢٦ دروست بووە بەڵام شوێنەواری کەم بووە.

دوای (الجماعة الأسلامية فی شبه جزيرة الهند) لە ١٩٤١ کە دامەزرێنەرەکەی (ابو أعلی المودودی) بوو دواتریش (حزب التحرير) لە١٩٥٢ دامەزرێنەرەکەی (تقی‌الدين النبهانی)... ئەوانە بناغەیەکی گرنگیان دارشت بۆ فیکری ئیسلامی، بەڵام زیاتر لە چوارچێوەی توێژێك زیاتر نەدەپەڕیەوە بۆ (ڕابوون)، تا سەرکەوتنی هەردوو شۆرش ئیسلامی ئێران و ئەفغانستان رابوونیش لە گەڵی تەقیەوە..ئیسلام ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرت و حسابی بۆ کرا،

فیکری ئیسلامیش کەوتە نێو فەرهەنگی سیاسی و فیکری و یاسایی و مێژوویی، جارێکی تر ئیسلام گێڕدرایەوە گۆڕەپان بەگەرمی، کە زاناکانیان پێشتر لە مزگەوتەکان ئابلۆقە و خانەنشین کرابوون، ئیتر قسەو باسی لەو بابەتە هاتەوە گۆڕێ، لەوانە (عەلمانیەت، دیموکراسی، دەوڵەت، دەستور، پەرلەمان، هەڵبژاردن)، باسیان لە چارەسەری کێشەی جیهان و دەوڵەت و کۆمەڵگە و مرۆڤی نوێ کردەوە، بەناوی (السیاسة الشرعیة) شانبەشانی قوتابخانەکانی جیهان (لیبرالی، سوشیالیستی، شیوعی،...) کە چارەسەری هەمەلایەنەی بۆ سیستەمی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی و دبلۆماسی و فەرهەنگی...داوە، قوتابخانەی ئیسلامیش بووە یەکێك لەو قوتابخانە سەرەکیانە، هەروەك چۆن سۆشیالیستی (ئەو کەسەو لایەنەیە کە دەیەوێ سیستەم و حکومەتێکی سۆشیالیستی دروست بکا)، نەتەوەگەری (ئەوەیە کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بهێنێتە دی)، شیوعی و لیبرالیش ئاوا، بەهەمان شێوەش ئیسلامی ئاوا، بەوماناو پێناسەی ئاینی ڕۆژئاوا یان هەتا بەپێناسی (علی عزت بیگۆڤیج) یش بۆ ئاین[1] ئەوا بزوتنەوە ئیسلامیەکان لایەنی ئاینی نین، بەڵکو لە ڕووی یاساییەوە بزوتنەوەی سیاسین، بۆیە ئەگەر عەلمانیەکان دڵسۆزبن بۆ بنەمای عەلمانیەتیان و بەدوای بیانو نەبن ئەوا هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئیسلامیەکان هیچ گرفتێکی دەستوری نیە، هەتا لەگەڵ(مقاصد) (جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت) یش، لە کوردستان ئەو گفت و گۆیە بە هەردوو ئاڕستەی ئاسۆیی (واتە ئیسلامیەکان خۆ بە خۆ) و ستونی (واتە ئیسلامی و عەلمانی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٨١ بەدواوە، پێشتر کەمتر ئەو فکرەیەی (جیهادی) هەبووە، چونکە لەلایەك هەتا کۆتایی شۆرشی ئەیلولیش سەرکردەکانی کورد زانای ئاینی بووینە، هەر لە نەهریەکان، بدرخانیەکان، شێخ سەعیدی پیران، مەلا سلیم، شێخ عبد السلام، شێخ مەحمود، قازی محمد،...هەتا ملا مصطفی،..)

ئەگەر چی حزبەکانیان ئیسلامی نەبونە بەڵام عەلمانیەتی توندیش نەبووینە، تا لە دوای ١٩٧٦ ز کە قۆناغی نوێی کوردایەتی پێدەوترێت ئینجا سەرکردایەتی شۆرشی کوردیش بۆ یەکەم جار جاڕی عەلمانیەتی دا و چەمکی نا ئیسلامی خستە فەرهەنگ، ئەوە هەمەوو لەلایەك، لەلایەکی تریشەوەلەو نێوانە مێژووییە ڕابوونی ئسلامیش تەقیەوە وگەیشتەکوردستان، بەو شێوەیە بەستوونیەکەی لە دوای ١٩٨١ ئەو دەمەتەقێیە پەیدابوو،بەڵام بەشداربوون لەگەڵ عەلمانیەت کە بووە هۆی ڕای جیا جیا لە نێو ئیسلامیەکانی کوردستان ڕیشەکەی بەلاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ کاتێ بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری (بەرەی کوردستانی) نەکرد، ئینجا بەفراوانی سەری هەڵدا کاتێ تەیاری سەلەفی توند بەرە بەرە کەوتە کوردستان یش.

## عەلمانیەت :

سەرهەڵدان و جاڕدانی عەلمانیەت لە ئەوروپا لە سەردەمی ڕابوونی زانستی خزمەتێکی زۆری خۆی پێ کردووە، مانای وادەبەخشێ کە عەلمانیەت بەرهەمی عەقلانیەت و دوا ئەزمونی زانستیە، بۆیە وەسفی (مەشخەڵێکە مرۆڤایەتی لە تاریکی گواستەوە بۆ ڕۆناکی) هەڵدەگرێ هەر بۆیەش لە ناوەکەش تا ئەو ساتەش هێشتا تێکەڵ دەکرا لەگەڵ (علم) نەك لەلایەن خەلکێکی سادە هەتا لەلایەن دەزگا زانستی و پسپۆر و فەرهەنگیەکانیش، سەرنج بدە ماددەی عەلمانیەت لە فەرهەنگی حزبی بەعس -(تعریفات ببعض المصطلحات -) بە (علم) وەرگرتوە، کەچی سیکولاریزم بەمانای دەسەڵاتێکی دنیای نائاینی، کە لە بنەڕەتدا لە ئاینی مەسیحی دنیا و دین زۆر ناکۆك بوونە، هەم ڕێگریش بووە لە پێشکەوتنی کۆمەڵ هەم زۆردارییەکی زۆریشی لە خەڵکی دەکرد بەناوی دەسەڵاتی خودا

[1] علی عزت بیگۆڤیج - ( الأسلام بين الشرق والغرب ) .

(تیۆکراسی)، تەنها باج (١٧) جۆریان لە خەڵك وەردەگرت، بەھەشت و دۆزەخیش دەکڕا و دەفرۆشراوە بە قازانج وەك چەکی (مصرف)، هەم ئاینەکەش بۆشایی زلی تیابوو بواری دەسکاری مرۆڤی تیا بوو، پێویستی هەمیشەیی بە (تعمیر)و (تعدیل) دەکرد، زۆربەی قەشەو پیاوانی ئاینیان دانیان دەنا بەو دەسکاریە بەڕوانگەی (ربوبیە - diecisem (هەر بە نموونە: قەشە (ولیام پامبل) ی کنێسەی کاتەنبەری لە بریتانیا دەی ووت (بەهیچ شێوەیەك خودا بەتەنها ئاینمان بۆ دانارێژێ، بەڵکو زیاتر مرۆڤ بەشداری دەکا) بۆیە زۆر بەسانای عەلمانیەت جێی خۆی کردەوە و سەری هەڵدا و گەشەی کرد، بنەچەی هەموو ئەو بەشانەی وەك (فکرەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیاتی ئیمپراتۆریەت، بیری نەتەوەگەری، ژیانی دەستوری، لامرکزی،... هەر بۆیە عەلمانیەتیش... بۆ ڕێکەوتنی وێستیڤالیای ١٦٤٨ز دەگەڕێتەوە، یەکەم پەیڕەویش بۆ حکومەتی شۆرشی فرنسا ١٨٧٩ز دەگەڕێتەوە.

یەکەم وەرگێرانی مانای لائیکی و (سیکولاریزم) بۆ عەرەبی لە لایەن (لویس بستەری) میسری لە (١٨٢٨) فەرهەنگی (عربی - فرنسی) هاتووە بەناوی (عەلمانیەت)، زۆر بلیمەتانە ئەو ناوەی لە نزیك (علم) هەڵبژارد تا دەستکەوت و گەشەی زانستی پاڵپشتی ئەو چەمکە بێت، زۆر کاریگەریش بووە زۆربەی عەلمانیە عەرەبەکان سەردەمی خەلافەتی عوسمانلی بانگێشی عەلمانیەتیان بەو هۆیەوە دەکرد، ئەوناوە جورئەتی پێدابوون ئینجا دەچوونە ناوەڕۆکەکەی ڕایان دەگەیاند کە تا کۆمەڵگەی ئیسلامیش ئاین خانەنشین نەکا و لە دەسەڵاتی سیاسی جیانەکاتەوە پێشناکەوێ و نابێتە وولاتێکی پیشەسازی لەوانە : ((نجیب عازوری، احمد لطفی سید، ساطح الحصری، محمد عزة دروزة، قاسم امین، اسماعیل مظهر، سلامة موسی، طه حسین، انطوان بستانة، میشیل عفلق،...) لەناو کوردیش ئەوگوتارە هەرهەبووە (ئیسحاق سکوتلی، عبداللە جودت، رفیق حلمی، شەریف پاشا،...)

هەریەکە لە بزوتنەوەکانی مەشروتیەت (دەستوری) و ئیسلاحی و...سەرەتابوون لەناوجەرگەی خەلافەت، تا دروست بوونی (ئیتحاد وتەڕەقی) لە پاریس لە ١٨٩٨ز ئینقلابەکەی ١٩٠٨ لەسەر خەلافەت، بەوشێوەیە عەلمانیەت لە ئەنجامی بۆشایی زانستی و میراتی سیاسی و دواکەوتەی هەندێلە خەلیفەکان.. جێی خۆی کردەوە بەخێرای گەشەی کرد لە نێوان (دابڕانی زانایانی ئیسلام و ژیانی خەڵکی نوێ)، بەوشێوەیە هەموو دام و دەزگا سەردەمیەکانی وەك دەوڵەت، وەزارەت، سنور، نەتەوە، دەستور، پەرلەمان، کۆمەڵگەی مەدەنی، پەیوەندیەکان،..پێوەر و تەرازو و نرخ و جۆری دراو بەرواو... بەعەلمانیانە داڕێژرانەوە، بەڵام دیموکراسی و هەڵبژاردن لە گەڵ ئەو شەپۆڵە نەبووە ئەوەندەش پەیوەندی بە عەلمانیەوە نیە، بەڵکو بە پێچەوانە بەشێکی زۆری عەلمانیەت دژی دیموکراسی و هەڵبژاردن بووینە نەك هەر لە جیهانی سێیەم لە ئەورووپا و ئەمریکاشەوە، دیاردەکانی نازی و فاشی و شۆڤێنی و ڤالانسێ و تیرۆریستی لە هەناوی عەلمانیەت سەریان هەڵداوە، ئێستاش هەر عەلمانی جیهانی عەرەبن زیاتر دژی دیموکراسی و پەرلەمان و هەڵبژاردن و دەست گۆڕی دەسەڵاتن...

## عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا :

کاتێ ئاینی ئیسلام لە کارخرابوو سانایەکی زۆری بۆ هاتنی عەلمانیەت کرد، لێرەدا دەبێبەوردی تێبینی بکرێ لە ئاینی ئیسلامدا هیچ بۆشاییەك نیە (ئەگەر خۆمان دروستیان نەکەین) تا بەندێکی تری شەریعەتی عەلمانی یان لیبرال دیموکراسی پڕی بکاتەوە، هیچ بواری سەودا لە بناغە شەرعیەکان نیە، لە ڕابوونی ئیسلامیدا بارودۆخی عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر لەق دەبێ و بەتوندی تێك دەگیرێن، زەمینەی کەلتوورو باری دەروونی و فکری کۆمەڵگەی ئیسلامی زۆر تەنگ دەبێتەوە بۆ عەلمانیەت، بۆیە لە قازانجی عەلمانیەتە ئەو زەمینە هەردەم لێڵ و نا ئارام و بێئازادی و پاشکەوتە بێ، ئێستاش، ئەودۆخە لە ئەورووپا و جیهانی نائیسلامی کێشەیەکی وای لە سەر نیە،

هەرچەندە سەدەی (٢١) بە سەدەی ڕابوونی ئاینەکان لە قەڵەم دراوە، چونکە ڕابوونی ئاینی مسیحی یان بوزی، یان تاوی، هندۆسی.. أجیَ بە بنەماکانی عەلمانیەت لەق ناکا، مادام ئەوئاینانە وەك (تالیدان، سپنۆزا،...) دەڵێن چەند ئامۆژگاریەکن و بەس، تەنیا پەیوەندی نێوان تاك و خودایە، (هەر چەندە لە بنەچەدا وا نەبووینە، هەموو ئاینێکی یەکتا پەرستی بەرنامەی ژیانی (شەریعەت)ی هێناوە،.. بەو شێوەیە عەلمانیەت و ئاینەکە دەحەوێنەوە، خۆماڵیکردنی عەلمانیەت بە کەلتوور و فەرهەنگی هەر میللەتێك لەوانە بوویتە بەشێك لەو پێشکەوتنانە و بەتایبەتی ژیانی دیموکراسی و ئازادی و دەست گۆڕی دەسەلات و هەڵبژاردنی ئازادانە.

## کەواتە عەلمانی کێیە لە جیهانی ئیسلامی ؟

هەموو ئەو حکومەتانەی ئێستا کە دەستوورو دەزگاکانی سیاسی و ئیداری و دبلوماسی و... بە شەریعەتی ئیسلامی پابەند نیە بە دەوڵەتی ئیسلامی حساب نیە، ناسنامەی تری هەڵگرتووە زۆربەی وولاتانی جیهانی موسڵمان نشین(جگە لە ئێران وسودان و چیچاان و ئەفغانی پێشوو) ئیسلامی نین و عەلمانین، هەروەها زۆربەی ئەو حزب و لایەنانەی بەو بەرنامەیە ڕازیە بە حزبی عەلمانی حسابە، دیارە تاکی عەلمانیش ئەوەیە کە بەو بەرنامەو حکومەتانە قایل بێت و کاری سیاسی و فیکری بۆ بکا، لەسەر هەمان پێوەر حکومەتەکانی عێراق هەر لە مەلەکیەوە هەتا (صدام حسین) و ئێستای (اياد علاوی)حکومەتی عەلمانین، لەگەڵ هەردوو حکومەتی ئێستای کوردستانیش ٠[٢]

## کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ژێر سایەی عەلمانیەتدا:

تێبینی (هەر یەکە لەو بەشانە وا زۆر بەکورتی سەرە قەلەمێکیان لێ باس دەکەین ئەوا بەسوودە بۆ هەڵسەنگاندن و ساناکردنی مەبەستە بنچینیەکان، بەتایبەتی تەییارە جیا جیاکانی بەشی داهاتوو).

دوای هاتنی عەلمانیەت و دروست کردنی دەزگاکانی سیاسی و ئابووری و یاسایی و دبلۆماسی و...بەبەهاکانی عەلمانیەت، کاریگەریەکی زۆری کردە سەر بناغە کۆمەلایەتیەکانیش، بەرەو کۆمەڵگەیەکی ماددی پاڵینان، هەڵبەتە وەك یاسای بنەڕەتی گەردوونی هاتووە (هەر کۆمەڵگەیەك لە ئاین دوورکەوێتەوە و لەماددیات نزیك بێتەوە کۆمەڵگەیەکی عەوامی بەرەو گیانداری دەڕوا)

دەقی یاسایەکە (Univasal Social Law): (تزداد نسبة الجرائم فی المجتمعات التی تلعب فيها الدين دورا هامشيا و ثانويا)[٣]٠

ئیتر ئەو بناغە ئەخلاقیانەی کە بە بەهاکانی ئیسلام دروست کرابوو بەرە بەرە داڕووخا، لە سەرەتادا بەها گشتیەکان ئینجا بۆ ناو دەزگا کۆمەلایەتیەکان تا دەگاتە ناو خێزان (دوا -یەکەی- کۆمەلایەتی) ئینجا دەخشێتە ناو دەروونی تاکیش، هەروەك ئێستا دەبینین گۆشەیەکی فراوانی بەراورد لە نێوان کۆمەڵگەی ئێستامان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئیسلامیە، هەتا لەنێوان ئێستامان و پێش ٣٠ ساڵەی کۆمەڵگەی کوردەواریش جیاوازی هەیە، ئەو سەردەمی (بەئەمەکی، ڕاست گۆیی، بەزەی، خۆنەویستی، پیاوەتی، بەرژەوەند گشتی ویستی،دلسۆزی، خۆشەویستی نیشتیمانی، پابەندی بەبەڵێن، سپاردەیی، چەسپاوی، ئازا، پرئۆقرەیی،...) بوو، کەچی ئێستا لە ژێر سایەی بەها عەلمانیەکان کۆمەڵگەکەمان گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێك بنەمای ترسناك وەك (بێئەمەکی، درۆ، بێبەزەیی، خۆویستی، گوێپێنەدان، بەرژەوەندی تایبەتی، خێرا گۆراوی، بێسپاردەیی، بێبەڵێن،ترسنۆکی، بێئۆقرەیی، هەڵەشە،...) لەو

[٢] کاتی نوسینەکە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٥ ٠

[٣] بروانە ( موسوعة علم الأجتماع ) لا ٥٠٦

سەدەیەدا ئەو دۆخە لە زۆر شوێنی کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕوویداوە بە تایبەتی لە وولاتانی عەرەبی،لە فەرهەنگە کۆنەکان کە باسی (مادە: کورد) هاتبێ واباس کراوە کە خەلکانێکی بەئەمەك و چاونەترس و...کە چی ئێستا ئەو بنەمایانە (وەك لە سەروو پێشانماندا) وەرگەراوە، بۆیە ئێستا خودی کۆمەڵگەی کوردەواری بەشێکە لە پەروەردەی تێك ڕووخان و بەرهەم هێنانی سیستەمی سیاسی سەلبی، هەرچەندە لە بنچینەدا ئەو فاکتەرە وێرانکەرە بۆ دەسەلاتداری سیاسی دەگەرێتەوە بەلام کاری کردۆتە سەر بناغەکانی کۆمەڵیش، بۆیە بینیمان لە شۆرشی نوێدا ژمارەی خۆفرۆشی (٤٠٠) هێندەی پێشمەرگەی شاخ بووە، تا ئەو ساتەش ژمارەی بەرژەوەند پەرستان زیاتر لە ٥٠٠ هێندەی دلسۆزانە، واتە ڕێژەکە هەروا لە زیاد بوونە، لەگەڵ دیاردەی نوێی سەلبی ترسناك تر.. وەك بوونی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی (فایل دار)، بەدرێژایی مێژوو دۆخی وا بەسەر میللەتی کورد نەهاتووە..بەو شێوەیە ئەو کۆمەڵگانە و کۆمەڵگەی کوردیش لە بڕواییەوە وەرچەرخاوە بۆ عەوام بەهەموو مانا و پرانسێپ و پێوەرەکانەوە (با مۆبایل و ئینتەرنێتیش بەکاربهێنێ)، بەپێی پێوانەکانی ئاینی و زانستی، ئیمام علی دەڵێ (العوام ينحنون بكل ريح اذا تجمعوا ضروا واذا انتشروا نفعوا) بەو شێوەیە کۆ دەنگی (ئیجماعیان) زەرەرو زیانە، بەهەمان شێوە هەریەکە لە(میکاڤیلی، هۆبز، دۆرکایم،...) وسفی وەها کۆمەڵگەیەکیان بە هەڵخەلەتاو (ڕەوە بەشەر) کردووە،بۆیە دەنگی ئەوانە، هەڵبژاردن و زۆرایەتی و کەمایەتی و... هەموو ئەو پێوەر و تەرازووانە وەردەگەرێ تەواو دەبێتە (يصدق بالكاذب و يكذب بالصادق) لە کۆمەڵگەی ئیسلامی وادا بنەماکانی ئیسلامی و عەلمانی تێکەل دەبێ، حەلال و حەرام، فساد و ئیصلاح، تێکدان و بینا،چاك و خراپ، ڕەش و سپی، سیاسەتی شەرعی و سیاسەتی میکاڤیلی،... تێکەڵ دەبێ، ئا لێرەدا پرۆسەی حوکمی شەرعی لە سەریان دەگۆڕێ ناتوانرێ بە ئایەت و فەرموودە (بکە و مەکە) لێك بکەیتەوە، زیاتر لە کۆمەڵگەی وا (کە سیاسێنراوە بە سیاسەتی میکاڤیلی، لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی و بۆرجوازیەتی ئابووری، بازاری ئازاد،مل پێکەچ کردنی میللەت،...) زیاتر فیقهەکانی: موازنە، واقع، متغير، ممكن، تدرج، أولويات،..) ئیش پێدەکرێ تا پەڕینەوە لەو قۆناغە، چەندە ئەو هەنگاوانە (مصلحە) و (مفسدە) ی تیا یە ئینجا ئەو (مصلحەیە) و(مفسدە) یەش نابێ بەپێوانەی (بەرژەوەندی کەسێتی) یان (بەرژەوەندی حزبایەتی) دەبێ بەرژەوەندی مەبادئی بێ...

ئەو کۆمەڵگەیە نەخۆشە دەبێ هەموو لایەك ئیشی لە سەر بکەن بۆ ڕاست کردنەوەی، جا هەرچی هەنگاوێك بۆ ڕاست کردنەوە و بینای کۆمەڵایەتی بێ ئەوا (بەرژەوەندی گشتی ڕەسەنە= شەرع) (السياسة ما كان فلا يكون معه الناس اقرب الى الصلاح، وابعد عن الفساد، وان لم يضعه الرسول و لا نزل به وحى).[٤]

دەبێ ئیسلامیەکان پشت گیری بکەن، ڕەنگە هەمان ئەوپرۆسەیە لە شوێن و کاتی تر ناشەرعی بن، لە نێوان ئەو پەڕی نەفامی و تەواوی پێگەیشتن و دادگەری چەندین وێستگە هەیە، دەبێ زۆر وورد بین لەگەڵ ئەو ڕاستیەی خوارەوە :

مادام کۆمەڵگە لە ئاستی گەشەکردنا لە وێستگەکانی خواروو بەرەو وێستگەیەکی سەروو هەنگاوبنێ (بۆ ئەو قۆناغ و زەمان و زەمینە) دەبێتە بەشێکی پرۆسەی ڕەوایی، وەك گواستنەوەی کۆمەڵگە لە نەفامیەوە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوێش بەرەو دادگەری ئەوا هەنگاوێکی دروستە لە خزمەتی ستراتیجیەتی ئیسلامە،لە کۆمەڵگەی ئیسلامیت نزیك خستەوە، (اعدلوا هو أقرب للتقوى)، واتە جوولە بەئاڕستەی کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕەوایە، پێچەوانەش بە پێچەوانە، بە هەمان شێوە هەموو هەنگاوێکی مرۆڤایەتی ڕەوایە کە لە دیکتاتۆریەوە بەرەو

---

[4] بروانە ( الطرق الحكيمة ) ابن عقيل –ل ١٧

دیموکراسی دەبا...، بەووردی سەرنج بدەین لێرەدا (ئاڕستە، ڕووی گەشە، لە کام لا بۆ کام لا..) چەندە حوکمەکان دەگۆڕن، ئالێرەدایە بەشێك لە ئیسلامیەکان بەهەڵەدا دەچن (لە دیاری نەکردنی ئاڕستە) بە تایبەتی دژ بە دیموکراسی و مەدەنی کردنن، کاتێ ئەو دژایەتیە ڕاست و دروستە کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو مەدەنیەتی پاڵنێی، هەروەك ئەو تەقەلایانەی لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی بۆ مەشرو تیەت و ئەدەبیاتی شۆرشی فرنسی و مەدەنیەت و عەلمانیەت دەدرا،... لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەی نەفامی، ستونی، هەموو هەنگاوێك بە ئاڕستەی زانیاری و ئاسۆییانە ڕەوای وەردەگرێ، زەمینەی دەعوە ساناتر دەکا، هەتا بە عەلمانی کردنی کۆمەڵگەیەکی (نەفامی ستونی) بەرەو ئیجابی‌یە ئەگەر بەدیلی ڕاست و دروست تر ئامادە نەبێت.

## پوختە :

لەو سەردەمەی عەولەمەدا لە ئاست جیهانی ئیسلامیدا مانا و پێناسەکان لە سەرچاوەی ڕەسەنی خۆیان دا کەلاون، ئێستا لە نێوان عەلمانی و ئیسلامی هیچ پانتاییەکی بۆشی وا نەماوە تا بڵێین مەرج نیە هەرچی عەلمانی نەبێ ئیسلامی‌یە یان پێچەوانە، بەتایبەتی لە ژێر سایەی ئەو (دیەی) ئیسلام کە کەمتر سەودا و پێك هاتن قەبوول دەکا، بۆیە ئیسلامی ڕاستەقینە لە سیایەت و دەوڵەت و دەستوور وایە تاکە سەرچاوەی وەرگرتنی پەیامە، ئەزموونی بەشەری تەنها وەك ئامراز و چۆنیەتی پەیڕەوکردن وەردەگرێ، تەنانەت لە کۆتایدا ئەو جۆرە ڕستانەی وەك (شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگی دەستورە) یان (شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی تەشریع)..، قەبوول نیە، تەنها لە قۆناغەکانی سەرەتای نەبێ، بە پێی قۆناغ بە قۆناغ لە بزوتنەوە و دەعوە وە بۆ دەوڵەت دەگۆڕێ،کەواتە لە قۆناغی دەوڵەتە هەر هاوبەشێك (شریکێك) بۆ شەریعەت پەیدا بکەی مانای دەوڵەتی ئیسلامی نابەخشێ (أم لهم شركاء شرعوا لهم من الدين ما لم يأذن به الله) بەڵام لە هەمان کات ئازادت دەکا تۆچ هەڵدەبژێری کاتێ کە ئیسلام نەبێ، بەهیچ جۆرێك ئازادت ناکا بڵێی ئیسلامم و بەشێکی لەو ئیسلامە لە گەڵ بەشێکی تری (نا ئیسلامی) تەرهیم بکەی، لە کاتێکا هەموو ئەو هەنگاوو تەرهیمانە لە لایەن عەلمانیەوە قەبوولە، بۆیە ئامێزی فراوانترە، هەڵبەتە هەردەم ئامێزی ڕاستی تەسك ترە لە ناڕاست، هەر بۆیەش ئێستا عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا پانتایی و سنوری لە پێناسەکەی خۆی فراوانترە، کەواتە لایەنی عەلمانی یان مەدرەسەی عەلمانی یان کەسی عەلمانی سیاسی ئەوانەن کە تێ دەکۆشن لە پێناو هێنانە دی دەسەڵاتێکی سیاسی نا ئیسلامی، ئەوانە ئەگەر ماسی بن ئەوا کۆمەڵگەی ستونی خێڵەکی و بەرژەوەند پەرستی وەك دەریایەکی ژیانە بۆ ئەو ماسی‌یانە.

کەواتە دەبێ حوکم و فەتواکانی زانایان ومونەزیری بەشێك لەحزبە ئیسلامیەکان لەو بارەیەوە سەرتاسەری بگۆڕێ نابێ حوکمی وا لەسەر ئەو کۆمەڵگە و حکومەتەکە بدەن لە سەر بنچینەی ئەوە (ئومەی ئیسلامە) و (دەوڵەت و حکومەتی ئیسلامە)، دەبێ‌بزانن ئەوە کۆمەڵگەکەیە وئەوەش سیستەمی حوکمەکەیە لە جیهانی ئیسلامی ئێستا. ئەو بەشە زۆر گرێ کوێرە بۆ بابەتەکەمان دەکاتەوە.

# بەشی دووەم

# هەڵبژاردن

مەبەست لێرەدا لە هەڵبژاردنی حزبی سیاسی‌یە بە بەرنامە جیا جیاکان لەلایەن خەڵکەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بەشداری کردنی لایەنە ئیسلامیەکان لە گەڵ عەلمانیەکان بە مل ملانێی سیاسی لە ڕێی دەنگی میللەت بۆ سەرەنجامەکانی، دیمەنێکی نوێیە لە مێژووی ئیسلامیدا، ئەو پرۆسەیە بەشێکە لە دروست کردنی ڕای جیا جیا لەناو ئیسلامیەکان، کێشەکە وەبەروە دەچێ لە گەڵ پەیوەندی هەڵبژاردن بە هەریەکە لە دیموکراسی و ئاشتی و گۆڕان و چاکسازی، بەگشتی سەرچاوەی کێشەکە دەگاتە ئەو پرسیارە:

ئاخۆ ئەو ڕێبازانەی کۆمەڵی پێ دەگۆڕێ بەرەو دادگەری و (شەریعەت) لە نێوان ئاشتی و شۆڕشگێڕیدا کامەیە؟ یان بەهەردوو سەریشە؟ بۆیە پێویستە لا باسێکی خێرا لە سەر هەریەکە لە دیموکراسی و ئامرازەکانی گۆڕان ساغ بکەینەوە تا بزانین چەندە لە گەڵ (مقاصدەکانی شرع) تێك دەکەنەوە.

## دیموکراسی:

وەك زاراوە دوو ووشەی ئەگریکییە(دیموس+کرات) دوای یۆنانیەکان لێکیان دا کردیان بە(دیمکراسی) = (دەسەڵاتی گەل) جار وایە ئەو وەسفەی (ابراهام لنکولن) پێ‌دەدەن (دەسەڵاتی گەل،لە پێناو گەل) ٠

یەکەم پەیڕەوکەری لە مێژوودا بۆ سەدەی (٦،پ.ز) دەگەڕێتەوە لە یۆنان،ئەو کاتی هەموو ئەسینا ٣٠٠\٠٠٠ دەبوون، بەڵام ئەو دیمکراسیە هەموو ئەسینیەکی نەدەگرتەوە، بەپێی مانای ئەو کاتی (هاووڵاتی)، چینەکانی هەژار و بەندە و ئافرەت و غەوارە و (ئیثنی) و ڕەگەزە بێ هێزەکان نەدەگرتەوە، بەو شێوەیە تەنها ١|١٥ی خەڵکی ئەسینای دەگرتەوە، ئەو دیمکراسیە ڕاستەوخۆیە ئێستا (دیمکراسی ئەسینی) پێ دەووترێ، لە بەر چەندین هۆکاری مێژووی و زیاد بوونی دانیشتوان و جیای بەرژەوەندی... ناتوانرێ درێژە بەو جۆرە دیمکراسیە بدرێ، لە کاتێکا دیمکراسی ئەو سەردەمە زیاتر (دیمکراسی نوێنەرایەتی) پێ‌دەووترێ، دیمکراسی‌ئەسینیەکە ئێستا تەنها لە چەند هەرێمێکی (کانتۆن) سویسری (کلارس، ئەپتزل، ئەنتروالد) تا ڕادەیەك ماوە، لە (لیبیاش) وا بانگێشە دەکرێ کە دیمکراسی ئەسینی‌یەکەیە (واتە میللی)!!، سەرەك کۆماری نیە، لیژنەکانی میللی بڕیار دروست دەکەن و جێبەجێ دەکەن، بەڵام (ڕۆسۆ) لە کتێبی (فی العقد الاجتماعی) دەڵێ ئەو دیمکراسیە ئەسینسە نە پەیڕوکراوە و نە دەشکرێ دیمکراسیەتی ئێستا زیاتر مانای میکانزمی پێکەوە ژیانی ڕەنگە جیا جیاکانە کەمتر بنەما و پرانسیپی هەڵگرتووە، بۆیە زیاتر (پەیمانی سیاسی) ە نەك (ڕێبازی سیاسی) ئامرازە نەك ئامانج، میکانیزمە نەك سیستەم، ئایدێنتی‌تی‌یە(محاید) نەك ئایدیۆلوجیا، ئەو دیاردە و توخمانەی وەك (ئازادی ڕادەربڕین و پەرلەمان و هەڵبژاردن و دەست گۆڕی دەسەڵات و مافی یاسای ئوپۆزیسۆنی) دەگرێتەوە، ئەوە لە کاتێکایە کە پەیڕەو بکرێ بە ووردی، ئەگینا لە زۆربەی ووڵاتانی عەرەب و دەسەڵاتی کوردیش(کە زیاتر کاریگەرە بە نەریتی سیاسی عەرەب) دیمکراسی نین و هەموو لایەکیش بانگێشەی دیمکراسی دەکەن هەروەك (معمر قزافی) بە نوکتە لە کۆنگرەی هاوبەشی ئەفریقی و ئەوروپی لە مانگی ٤/٢٠٠٠ ووتی : دیمکراسی لە ناو عەرەب لە دوو ووشە پێك هاتووە ئەکەمیان(دیموس) یۆنانیە بەڵام دووەمیان عەرەبیە(کراسی) واتە (حکم الکراسی) ! ئەو نوکتە بۆ بەش کوردستانی عێراقیش دەلوێ.

## دیمکراسی، هەڵبژاردن، فکری ئیسلامی:

گەلێ جار بەشێك لە ئیسلامیەکان لە هەوڵ و تەقەلایەکی بێ ووچانن بۆ گونجاندنی ئیسلام لە گەڵ هەموو قەبارەو شێوازێك، لە گەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی، دیمکراسی، هەڵبژاردن.. هەتا سوشیالیستیش، لە ڕاستیدا لە ئیسلامدا بۆ هەموو سیستەمێك کۆمەڵێك سنوور هەیە ناکرێ بیبەزێنی، لەلایەکی‌تریش (ئیسلام) ئەوەندە ووشك نیە هەر یەك تاقە ڕێگە و ئامراز بدا، بەپێی بارو دۆخ کۆمەڵە ڕێگەو ئامرازی پلە بە پلە دەدا لە چاك بۆ چاکتر یان لە خراپتر بۆ خراپ، والآی دەکا بۆ پەیڕەوکردن ئەوەیان ئامرازە، بەڵام خودی ئیسلام بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە و هەمە لایەن و چەسپاوی هەڵگرتووە بۆ هەموو زەمان و زەمینێك گونجاوە کۆن نابێ، لێرەدا نوێ کردنەوە (تجدید) لە بەرنامەی عەلمانی و زۆربەی ئاینەکانی تریش بریتیە لە نوێ کردنەوەی پەیڕەو خودی ڕێبازەکە بەرەو گونجان لە گەڵ دیفاکتۆی کۆمەڵگە، ئەویش عادەتەن لە ژێر دیفاکتۆی سیستەمی ئابووری‌یەکەیە، لە ئیسلاما مانای نوێ‌کردنەوەی پەیڕەو(شەریعەت) نیە، مانای نوێ‌کردنەوەی فکری ئیسلامی‌یە لە لایەك لەلایەکی تریش نوێ‌کردنەوە و چاکسازی کردنی کۆمەڵگەیە بە هەموو کارتێ کەرەکانیشیەوە، تا لە ئەلقەی شەریعەت بخرێنەوە کەلێی داکەلابووینە، جا ئەو هەنگاوانە ئامراز و ناوی جیا جیاش هەیە،چاکترین ئامرازیش ئەوانەن کە ڕێکەوتنی زۆرترینی مرۆڤی لە سەرە تا زۆرترین خەلك لە گەل ئیسلام کارلێك بکا، لەوەش چاکتر (حوجە) لە نەریت و دەستوری بەرامبەرەکەت هەبێ وەك مەسەلەی (شهد شاهد من اهلها)، ئینجا بۆ بەشداری زۆرترین خەلکیش دەبینین هەڵبژاردنی (یوم الزینة) لەلایەن ح.موسی چەندە دانایی و زانایی بوو، چونکە جەژنی ئیسلامی ئەو سەردەمەی ڕۆژی (بت شکاندنی پێغەمبەر ابراهیم (س) بوو بەڵام ح.موسی ئەو ڕۆژەی هەڵنەبژارد، (یوم الزینة)ی هەڵبژارد کە جەژن و قەرەباڵغی لایەنە بەرامبەرەکەی بوو تا سەرەنجامی جادووەکانیان ببینن، ئەو سەرەنجام و بەرهەمە چاکەش هەبوو (فوقع الحق وبطل ما کانوا یعملون... والقی السحرة ساجدین، قالو امنا برب العالمین) هەڵبەتە لە هەر قۆناغێکی بەشەری ئەو زۆرترین (ڕێکەوتنە) نەرێتێك بووە، لەو سەردەمی بە(جادوو)، لە سەردەمی ح.یوسف (چارەسەری گرانیەکە)، لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دادگەری و جیهانگیری بوو، لە سەردەمێکی نزیك تر سوشیالیستی، ئینجا ررزگاری میللەتان، وا ئێستاش هەڵبژاردن و دیمکراسی... بۆیە نابێ بێ شارەزایی یەکسەر ئەو سیستەمانە ڕەت بکەینەوە وەك چۆن ج.موسی جادووشی ڕەت نەکردەوە، بەشێکی زۆر لەو بەشە کە کێشەیان لە گەڵ دیمکراسی و هەڵبژاردن هەیە ڕەنگە لەلای فقهەکە شارەزایەکی باشی هەبێ بەڵام بەشی دووەمی زانیاری پێویست بۆ فتواکانی ئەوەیە تەواو لە واقعی دیمکراسی و هەڵبژاردن (ئیجابیەکان و سەلبیەکان، لە مانای کۆن و نوێی، لە دۆخەکانی گۆڕاو و پلەکانی...) بە چاکی نەگەیشتوە، ناتوانن بە هەنگاوی لوژیکی بیگێڕتەوە سەر سەرچاوەکانی، هەر بە نمونە: لە نێوان جۆرەکانی دیموکراسیدا هەتا ئەو بەشە (ئەسینیەکەش) کە زۆربەی ئەو لایەنە ئیسلامیەی هەڵوێستیان دژیەتی یان هەر بە کوفری دەژمێرن، بەڵام دەبینین ئیجابی وسەلبی‌یەکە لە دیموکراسە نی‌یە، لە هەڵبژاردنەکەش نی‌یە، لە دوا هۆ (یان وەك ئەرستۆ ناوی ناوە — العلة الفاعلة -) میللەتەکەیە ئاخۆ سروشتی ئەو میللەتە چی‌یە کە دەنگ دەدا؟ خۆ ئەگەر نەفام و نەزان بێ ئەوا ئەنجامی زۆر جیایە لەگەڵ میللەتێکی بە بڕوا (کە ئوممەتی پێ دەوترێ) ئەو کات چ ناکۆکی‌یەك هەیە لە (الولایة للأمة) کە یەکێکە لە سێ وویلایەتەکانی ئیسلام ئەوەش (مانای دەسەڵاتی گەلە) دیموکراسی‌یەکەیە، تەنها جیاوازی‌یەکەی ئەوەیە مەرجی بڕوا زیاد بکرێ بۆ گەل ئەوەش ئەرکی دەعوەی ئیسلامی‌یە، لە دوایدا زیاتر دەردەکەوێ دروست بوونی هەموو جیاوازی‌یەکان لە جۆری میللەت دێت... ئەوەش دیسان کۆمەڵێك گرێ کوێرەو دەرگای داخراومان بۆ دەکاتەوە.

## ئیجابی و سەلبی‌یەکانی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن :

لێرەدا هەر لەسەر هەڵبژاردن زیاتر مووڕ دەبینەوە (ترکیز)، دیسان لە کۆتایی‌دا دەبینین ئیجابی‌و سەلبیاتەکان دەکەوێتە سەر جۆری ئەو میللەتە.

## ئیجابی‌یەکان:

ئیجابیاتی ئەو دامودەزگا عەلمانی‌یانەی سیستەمی ڕۆژئاوا بە گشتی وەك (دەوڵەت، دەستوور، دیموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ.. نەتەوە یەکگرتوەکان.. هەتا ئیپریالیزم (ئیستعمار) و هاتنی ئەمەریکای ئێستا بۆ عیراق.. هەموو ئەوانە لە سیفەتێك کۆ دەبنەوە، ئەوانە ئیجابین لەچاو بارو دۆخی پێشووی خۆیان، ئەو بەراورده لەگەڵ کۆمەڵگەو سیستەمی دادگەری یان ئیسلامی نی‌یە، لەگەڵ سیستەمی پەلامار و چەوساندنەوەو کوشت و بڕو... یان وەك جاران لە چاو بازرگانی بە بەندەو قولە ڕەشەکان.... گەلێ ئیجابی‌یە، بۆیە لە کۆنەوە زۆر جوان ووتراوە: بنەماکانی ڕۆژئاوای نوێ بەهشتت بۆ ناهێنێ، بەڵام لە دۆزەخت ڕزگار دەکا، ئەوەیە مەبەست، دیموکراسی و هەڵبژاردن تەواو دادگەری نی‌یە، بەڵام لە چاو ئەو واقیعەی ئێستا چاکترین بوونێکە، بۆیە ئیسلامی‌یەکانی هەموو جیهان بە کوردستانیشەوە تارادەیەك کۆکن لەسەر ئەو وەسفەی (شێخ علی باپیر) بۆ دیموکراسی‌و هەڵبژاردنی‌و پەرلەمان کە دەڵێ : (چاکترین داهێنانی بەشەری‌یە) کە تیایدا سەروەری یاساو دەست گۆڕی دەسەڵات و هەڵبژاردن و ئازادی بیروڕاو مافی یاسایی نەیاری‌و شەفافیەت... زۆر لە خزمەتی ستراتیجی‌یەتی هەموو ئەو مەدرەسانەیە کە بەرنامەو پەیامی چاکسازی بۆ کۆمەڵگەیە.

## سەلبی‌یەکان:

لێرەدا سەلبیاتەکانی دیموکراسی کۆ دەکەینەوە لە بابەتی هەڵبژادن، دەبینین لەگەڵ ئەوەی چاکترین داهێنانی بەشەری‌یە بەڵام سەلبیاتێکی زۆری هەیە نەك هەر بەپێوانەکانی ئیسلام، جێی سەرنجە زۆربەی حیزبە عەلمانی‌یەکانی کوردستان هەروەك چۆن سەردەمی هەشتاکانیان لایان (شیوعیەت دەرمانی هەموو دەردان) بوو ئێستاش دووبارە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەکانیان تۆماریان کردووە کە (دیموکراسی دەرمانی هەموو دەردانە) هەر هەمان ئەو دیموکراسی‌یە لەلایان ئامانجی بۆرجوازی پێشەنگی ئیمپریالیزمی بوو.... لە ڕاستی‌دا دیموکراسی‌و هەڵبژاردن نەئەوەندە سەلبی‌یە نە دەرمانی هەموو دەردانیش بێت. با یەکەم خاڵ بۆ کێشەی کورد لە سەلبیاتەکانی دەست پێبکەین:

١ - لە زۆر کۆنەوە عەلمانی‌یەتی کورد (چارەسەری دیموکراسیانە)ی بۆ کێشەی کورد کردۆتە دروشم (دیموکراسی بۆ عیراق ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) کەچی دەبینین کێشەی نەتەوایەتی بەو دیموکراسی‌یە تەواو چارەسەر نابێ، هەروەك ئەو کێشەیە لەناو جەرگە دیموکراسی‌یەکانی وەکو (ئیرلەنداو بەریتانیا، باسك و ئیسپانیا، کورسیکا وفەرەنسا، کشمیر و هیند، تامیل و سریلانکا، کوردستان و تورکیا... وا عیراقیش هاتە پێش... هەموو دانیشتوانە ڕەسەنەکانی هەردوو ئەمەریکاو ئوسترالیا و.. زۆری تر، بە دیموکراسی وا چارەسەر نابێ مادام لە کۆتایی‌دا زۆرایەتی دەنگ کەمایەتی بخوا، لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی (زاناو نەزانێك)، (فەیلسوف و نەفامێك)، (خۆفرۆش و نیشتیمان پەروەرێك)، (پسپۆڕو عەوامێك).... هەر یەك دەنگە.

٢ - دەنگی زۆرایەتی ئەنجامەکان دیاری دەکات جا چەوسانەوە بێ یان ڕاستی و دادگەری، ئەوەش مەرج نی‌یە لە دوو ڕوان:

أ/ جاروایە نەك زۆرایەتی بەڵكو هەموو مرۆڤی سەر ئەو زەوییە یەك ڕا بوون كە زەوی ناوەندی گەردوونەو ڕۆژیشی بە دەوری دەسوڕێتەوە، كەچی (كۆپەر نیكۆس، گالیلۆ، برۆنۆ....) پێچەوانەی ئەو زۆرایەتییە بوون و لە دوایىدا ڕاستی بەلای ئەو كەمایتییە بوو، یان لە نمونەیەكی نزیكتری (مافی خولعەكەی لەلایەن ئافرەتانەوە) لە میسر لە كۆتایی مانگی ٢٠٠١/١ سەری هەڵدا پەرلەمانی میسر پێشنیارەكەی خستە بەردەم ئەنجومەنێكی (٤٠) كەسی زانكۆی ئەزهەر لە ئەنجامی دەنگدان (٣٥) لە قازانجی پێشنیارەكە بوون (٥) یش دژ، دوای لێكۆڵینەوە دەركەوت تەنها ئەو (٥) زانا پسپۆڕە بووینە، كەواتە ڕای دكتۆرێكی ئافرەت بەهێزترە لە ڕای (١٠٠) جوتیار بەرامبەر نەخۆشێك و ڕای جوتیارێكیش لە ڕای (١٠٠) دوكتۆر بەهێزترە لە جووتەكە. واتە ڕاستیو پێكان لە پسپۆڕییە نەك لە زۆرایەتی.

ب/ ڕاستیو دروستیو زۆرایەتی و كۆ (ئیجماع) دەكەوێتە سەر جۆری میللەت وەكو لەوەو پێش باسمان كرد.

٤- ئەو كۆمەڵە خەڵكەی هەڵدەبژێریت چ لە پەرلەمان چ لە دەزگا جێ بەجێكردنەكان لە كۆتاییدا دیسان دەبنە كەمایەتییەك و نوێنەری بەرژەوەندی خۆیان و چینەكانی سەروو بە سەر زۆرایەتی، ئینجا جیاوازی چینایەتیو دەوڵەمەندی زۆر خەست دروست دەكات، هەر لە ئامارێكی ئەمەریكیدا دەركەوت سامانی یەك تاك بە ئەندازەی (٢٠٠) ئەمەریكی ئاساییە، ئەو دۆخە لە كیشوەرێك بۆ كیشوەرێكی تریش لە ژێر سایەی بنەمای عەلمانییەتی دیموكراسیانەی (بەرژەوەندی ماددی) دروستە، هەر لە ڕاپۆرتی ١٩٩٨ ی نێو نەتەوەیی و دوایی لە كۆنگرەی (قمة الأرض) لە جوهانسیرك دووپات كرایەوە و تیایدا هاتووە: خەڵكی سەروو (ئەمەریكای سەروو و ئەورووپا) لە ٢٢٪ دانیشتوانی جیهانن كەچی لە ٨٠٪ی داهاتەكەی دەخۆن، ئەو دۆخە بەو نیمچە دیموكراسییەتە گەیشتۆتە وولاتی خۆشمان لە ئامارێكی نارەسمی لە پێش هاتنی ئەمەریكا (لە لیژنەی چاودێریو بەدواداچوون) وەرگیراوە هاتووە موچەی بەرپرسێك (حزبیو ئیداری) لە كوردستان بە ئەندازەی ٤٩٦ جار مووچەی كەسێكی ئاساییە.

چەندین سەلبیات و دەردی تری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی سیاسی و كۆمەڵایەتیو ئابووریو زانستیو شارستانی وەك: بانێك و دوو هەوا، ڕەگەز پەرستی، چینایەتی، لیبرالیەتی بێ سنوور، سیفەتی داروینییەتی كۆمەڵایەتی،.... زۆر لای تر.

لە دوای هەموو ئەو سەلبیاتانەش بەڵام (هەر چاكترین داهێنانی بەشەرییە) و لەوەی چاكتر جارێ نییە هەموو لایەك پێی قایل بن.

## هەڵبژاردن لە كەلتووری ئیسلامدا

كەلتووری ئیسلامی بۆ هەموو مێژوی ئیسلامی بە ئیجابی و سەلبی دەگەڕێتەوە، ئەگەر بچینە بژار كردن ئەوا تەنها نێوانی خولەفای ڕاشیدین و عومەری كوری عبدالعزیز و چەند خەلیفەیەكی تر دەگەڕێتەوە، ئەگینا بەشی هەرە زۆری لە دوای (معاویە) لەو ڕووەوە سلبی بووە، ئەو كەلتورە بارێكی زۆر ترسناكی لە كۆنەوە دروست كردووە هەتا ڕەنگی داوەتەوە لە نووسینەكانی زانایانی پێشوش، بە ناچار (غالب) بە ڕێگەیەكی هەڵبژاردنی خەلیفە تۆمار بكەن، ئەگینا (سیرە) پڕیەتی لە نمونەی هەڵبژاردن، هەر خودی پێغەمبەر (د.خ) لە ساتەكانی (بێ سرووش) بە دەنگدانی پسپۆڕی بڕیارەكانیان دروست دەكرد، دوو بەیعەتی وەرگرتووە، لە ئیسلامدا حوكمی خوایی بە مانای (تیۆكراسی) نییە، بەڵكو سەركردایەتیو دەسەڵات زیاتر (عقدێكی سیاسیە) بۆیە لە فقهی ئیسلام (ئیجماع) پایەیەكی زۆر بالای هەیە لە دوای هێزی پەیام، ئینجا هەڵبژاردنەكانی نوێنەرایەتی (ئەنسار)، هەروەها هەڵبژاردنەكان و (بەیعەتی)

خەلیفەکانیو ڕاپرسییەکان، هەتا لە (الموسوعة السیاسیة) الکیالی لە (مادەی شورا) ل- ٥٠ -ج٣ هاتووە کە (العشرة المبشرة) زیاتر مانای شورای دەوڵەت بوو بەپێی نوێنەرایەتیان لە نەخشەی کۆمەڵایەتیو سیاسی :

ابوبکر طلحة لە (قیم)

عمر و سعید بن زید لە (محدی)

عبدالرحمن بن عوف سعید بن ابي وقاص لە (زەهرة)

علي لە (بني هاشم)

عثمان لە (بني أمیة)

زید بن عوام لە (ئەسەد)

أبو عبدالله لە (فهد)

## بەشی سێیەم

## هەڵبژاردن لەگەڵ عەلمانی‌یەکان

مەبەست لێرەدا چونە نێو هەڵبژاردنە لە نێوان لایەنە ئیسلامی‌یەکان و عەلمانی‌یەکانە لەبارودۆخ و کۆمەڵگایەکی موسڵمانی کارتێ کراو بە بەهاکانی عەلمانی‌یەت، هەڵبەتە دەسەڵاتی سیاسیو دەستوورو دەزگاکانی وولات داڕێژراوە بە سیستەمەکانی عەلمانی،ئەو دۆخ و دیمەنەی پێکەوە ژیان (هاوبەشیو لێك جیایی) بەو شێوەیە نوێیە لە مێژووی فیقهی ئیسلامی، نوێیایەتی‌یەکە لە هاتنی عەلمانی دێ بۆ ناو جیهانی ئیسلامی، ئەوەی زیاتر ئاڵۆزی کردووە لەو سەدەی دوایی زانایانی ئیسلام لە سیاسەت و واقع دوورکەوتبوونەوە، مەرجەعی‌یەتیان نەماوە (بە تایبەتی سوننە)، ئیجتیهاد وەستابوو، ئاستی زانیاری شەرعی نزم ببوو،.. لەلای واقیعیش سیاسەت ئەوەندە لە (ئەخلاق) داڕنرابوو تا پێناسی‌یەکسەر بە (سیاسەت واتای درۆ) دەناسێنرا، ئەوەش ئەسلی سیاسەت نی‌یە بەشی سیاسەتی میکاڤیلی‌یەکەیە، بۆیە زۆربەی زانایانی ئیسلامی پەیڕەوی (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة) یان کردووە بەو دیدە چەوتە.... هەر بۆیەش زۆر ئاسایی دەبێت لە بابەتێکی ئاڵۆزی وەك بەشداریکردنی لایەنێکی ئیسلامی لەگەڵ عەلمانی‌یەکان کێشە دروست دەبێ، ئەگەر بەووردتر بۆی بچین لە بنەچەدا کێشەو فرە ڕاییەکەی زانایانی ئیسلامی لە ئاڵۆزی واقیعەکە زیاتر دێ، واتە دەست کورتی هەیە لە قەبلاندنی ئەو واقیعە و شیکردنەوەو دۆزینەوەی ستراتیجی‌یەت و سەرئەنجامەکانی، ئا لێرەدا بەڕاستیو بێ بوختان پەیوەندی‌یەك هەیە لەگەڵ بابەتی (توندڕەوی) و (میانڕەوی).. ئەو دۆخە کتو مت ڕووبەڕوی (شیوعی‌یەت) بۆوە لە جیهان، ئەوانیش ئەو کێشەیان هەبوو ئاخۆ دەشێ حزبێکی مارکسی (شیوعی) لەگەڵ حزبە بۆرجوازی‌یەکان (نەتەوەگەری، لیبرالی، دیموکراسی، نیشتیمانی...) بەژداری هەڵبژاردن و ژیانی سیاسی و ئاشتی‌یانە ببێ، بە هەمانکێشە سەرچاوەی کێشەکە قوڵتر دەبۆوە بۆ چۆنی‌یەتی گۆڕانی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیستی ئاخۆ بە ئاشتیانە دەبێ یان بەتووندو تیژیو شۆڕشگێڕی، جا لەئیسلامدا (مەرجەعی) چارەسەری کێشە چەسپاو ڕوونە، بەڵام لە شیوعیەتدا ئەو (مەرجەعە) چەسپاوە نی‌یە، بۆیە چارەسەری کێشەکەیان بووە هۆی پەیدا بوونی نەك هەر (تەیار) بەڵکو (مدرسە) ش چونکە (مارکس) خۆی ڕێگای بە چاکسازی ئاشتیانە نەداوە و ئامۆژگاری‌یەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ (ئێوە شۆڕشگێڕ بن نەك چاکساز)، ئەو کەلتوورەیە زیاتر بەرپرسە لەو ووشیاری‌یە عەلمانیەی توندی تیژی و تیرۆر لەنێو کۆمەڵگەکەمان، بۆیە ئەوەی باوەڕیان بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو بەشداری هەڵبژاردنیان دەکرد بریتی بوون لە مەدرەسەی سۆشیال دیموکراسەکان و ئۆرۆ شیوعی‌یەکان، بەشی دوەمیان بەشێکی زۆر توند بوون باوەڕیان بە پێکەوە ژیان نەبوو لەگەڵ بۆرجوازیو سەرمایەداری لەسەر بنەمای (باکۆنین) (تحطیم کل ما هو قائم خیر) ئەوانەش ڕێکخراوەکانی (الألویة الحمراء، یادر ماینهوف، بەرەی گەلی فەلستین، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، PKK...) ڕێکخراوێکی زۆری تری وا، لەگەڵ تەیاری ترۆتسکی و ماوی‌یەکانیش...

بەشی سێیەم میانڕەوتر بوو بە هەردووشێوەکاری سیاسیان دەکرد زیاتر نمونەی واقیعی تری جیهانیان هەبوو، ئەوانە زۆربەی شیوعی‌یەڕەسمی‌یەکانی جیهان بوون، لەبەر نەبوونی (مەرجعی‌یەت) ئەو کێشانەیان پێ یەکلا نەدەکراوە وەك وولات: تەیاری چینی ماوی، تەیاری ئەلبانی خۆجەیی، تەیاری سۆڤیەتی، تەیاری تیتۆیی.... جیا جیا بوو، زیاتر لە (٢٥٠) جۆر مارکس لەو ماوەیە کورتە دروست ببوو بەپێی دوا فەرهەنگی سۆڤیەتی خۆی.

ئەوو کێشە لە ناو ڕابوونی ئیسلامی بەسووکتر دروست بووە، ئاخۆ چەندە دەشێ لەگەڵ عەلمانی‌یەکانی جیهانی ئیسلامی بچنە هەڵبژاردن و فەزای دیموکراسی بەپێی (شەریعەت)، زۆر ڕوونە کەمتر (برایانی شیعە) ئەو کێشەیان هەیە، چونکە (مەرجەعی‌یەتی فیقهیان) هەیە، ئەو بۆشایی‌یە لە ناو (سوننە) وای کردووە سێ تەیار وەڵام بۆ ئەو پرسیارو کێشەیەی هەبێ بە سەرەکی.

## سێ تەیاری سەرەکی:

لە ڕاستیدا ئەو سێ تەیارە لە مەسەلەیەکی فراوان و قوڵ تر لێك جیا دەبنەوە، ئاخۆ چەندە دەشێ لایەنە ئیسلامی‌یەکان بە بەرنامەیەکی سیاسی واقیعی بە ئاشتیانە لە چوارچێوەی دەستووری وولاتی ئەو سەردەمە چالاکی سیاسی‌و یاسایی بکەن، ئەلقە بە ئەلقە دیسان لە ئەنجامی قوڵبوونەوە لەو بابەتانە پێ‌بەپێ کێشەکە زیاتر فراوان دەبێ تا دەگاتە دوا مەبەستەکانی (مقاصد الاسلامی) کە پرۆسەی (چاکسازی‌یە) (الاصلاح)، ئاخۆ گۆڕان و چاکسازی بە ئامرازەکانی ئاشتی‌و پەروەردە دەبێ یاخود بە توندوتیژی‌و شۆڕشگێڕی (جهاد)، جا پرسیارەکانی سەروو دەگەنە ئەو پرسیارە ئاخۆ چاکسازی لە کۆمەڵگە دەست پێدەکا بۆ تاك یان بە پێچەوانە، ئەو کێشەیە لە نێو ئیسلامی‌یەکانی هندی گەورە یەکەم جار دروست بوو، لە باری یەکەم چاکسازی: (کۆمەڵ ⟵ تاك) ئەوە تەیاری مودودی[٥] پێ دەوترا، ئەوەیان مانای وایە لە پێشدا دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بگریە دەست ئینجا شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو بکەی‌و مرۆڤی ئیسلامی بینابکەی بەو ڕێسایەش هەروا پاڵپشت دەکرێ (الا ان في مجتمع مضغة إذا صلح صلح سائر أجزاء المجتمع الا وهي الحكم).

لێرەدا مانای ڕێنەدانە بە ژیانی ئاشتی‌و سیاسیانە و هەڵبژاردن.

لە باری دووەم چاکسازی: (تاك ⟵ کۆمەڵگە) کە تەیاری (ابو حسن نەدەوی) پێی دەڵێن واتە چاکسازی‌و پەروەردەی کۆمەڵگە لە پەروەردەو بیناکردنی مرۆ (تاك) دێت، تا هەموو کۆمەڵگەو ئینجا دەسەڵاتیش چاك دەبێ، بێ پێویستی بە توندوتیژی و شۆڕشگێڕی‌و تێکگیران لەگەڵ باڵە عەلمانی‌یەکان، ئەوەیان زیاتر بووە ئایدۆلۆژیای (برایان) هەروەك ئیمام حسن بەننا دەڵێ (پێش ئەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەی ئەو دەوڵەتە قورئانی‌یە لەناو دڵ و دەروونی خۆت دروست بکە). ئەو دوو تەیارە لە زۆربەی چەمکەکانی وەك هەڵبژاردن، دیموکراسی، دەزگا سیاسی‌یەکانی تری سەردەم، شۆڕش (جهاد)، چاکسازی..... لێك جیان، تا ڕابوونی ئیسلامی دوای هەشتاکان لە سەر دەستی هەردوو شۆڕشی ئێرانی‌و ئەفغانی تەقی‌یەوە واتە تەیاری سێیەم بە ڕەسمی خەملی، بریتی‌بوو لە کۆکردنەوەی ئەزموونی ئیجابی هەردوولا بە داهێنانەوە، بەو شێوەیە ئێستا واقیعی بزوتنەوە ئیسلامی‌یەکانی جیهانی سەبارەت بە هەڵبژاردن و ئەو بابەتانەی تر سێ ڕای سەرەکی هەن:

تەیاری یەکەم: پێی وایە بەژداریکردن لە هەموو بارێك دروستە.

تەیاری دووەم: تەواو پێچەوانەی یەکەمە.

تەیاری سێیەم (میانڕەوی‌یە) هەردوو باری پێ دروستە هەریەکە بە پێی بارو دۆخو قۆناغی خۆی.

هەر تەیارەکیش کۆمەڵێك بەڵگەی عەقلی‌و نەقلی خۆی هەیە.... بە کورتی باسیان دەکەین بە بەڵگەی نوێ‌و هەڵسەنگاندنەوەش.

---

[5] ئاماژە بە —ابو اعلی المودودی ٠

## تەیاری یەکەم :

زیاتر تەیاری برایانن (الاخوان المسلمین) لەگەڵ چەند باڵێکی تری چاکسازی بەگشتی(تیار الاصلاحی) پێ دەوترێ، ئەو لایەنانە دەگرێتەوە وەك : بزوتنەوەی ڕاپەڕین (تۆنس)، کۆمەڵگەی ئاشتی (جزائر)، بەرەی کار (ئوردەن)، بزوتنەوەی ئیسلامی عەرەب (٤٨) لە فەلەستین— ئەوانەی لە ساڵی ٢٠٠٠ز بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بۆ بوونە ئەندام لە کنێستی ئیسرائیل، حزب العدالة التنمي -ترکیاو مغرب، حزب السلامة دوای فەزیلە (جماعة التبلیغ والدعوة) هیند و پاکستان، حزب الاسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی لە عیراق و کوردستان.. لە زۆربەی وولاتانی تر لقی هەیە. بەگشتی ئەوانە پێیان وایە تاکە ڕێگەی گەیشتن بە حوکمی ئیسلامی لە ڕێگەی ئاشتی و پەروەردەو دیالۆگ و خۆگونجاندن و خۆلادان لە پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتداران، کۆمەڵێك بەڵگەی عەقلیو نەقلی خۆشیان هەیە :

## بەڵگە نەقلی‌یەکان:

- ئەو کۆمەڵە ئایەتانەی کە باسی لە تەبایی و ئاشتیو پێکەوە ژیان دەکات دەکا وەك ( لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)، (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ... )...هتد.

لە سیرەشدا باس لەو هەموو هەنگاوو تەقەلا ئاشتیانە دەکەن بەرامبەر (حزبەکانی مەککە) و ئەو هەموو هاوپەیمانی‌یەتی‌یە لەگەڵ نائیسلامی‌یەکان وحیکمەت لە پەیماننامەی (حودەیبییە) وە سەرەنجام و سوودەکانی،...

خۆلادان و تەقەلای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ڕوو بەڕوو نەبوونەوەو پاراستنی ئاشتی (..... لاتتمنوا لقاء العدو.......)

- ئەو بەرهەمەی لە دەعوەی ئاشتی بوو لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دواییش کۆمەڵگایەکی بە (عەقیدەی) پتەو تری لێ دروست بوو کەمتر دیاردەی (ردە — هەڵگەڕانەوەی) لێ پەیدابوو لەچاو ناوچەکانی تری جەنگی، بۆیە (ئەسل) — لە مقاصدی ئیسلام) ئاشتیو گفتوگۆو قەناعەت پێهێنانە بە بەڵگەی واقیعیو عەقلیو گەردوونی.

- لەدوای کوشینی (سیرە) و هەڵێنجانی (مقاصیدەکانی) لیَی وای دادەڕێژنەوە کە قۆناغەکانی (هجرە - کۆچ) و (قتال — جەنگ) ناچاری بووە، زیاتر لە بەرامبەرەکەیان بۆ دروست بووە نەك بە بەڕیارو نەخشەی ناوەخۆ....

## بەڵگە عەقلیو واقیعی‌یەکان:

١ - بەرنامەی ئیسلام تێرو تەسەلە و دوڵەمەندە لە بارو دۆخی ئاشتیو ئارامی خەڵکی سادەو ناسادە وەری دەگرن، ئەو بەرنامەیە دەتوانێ لە پێشبڕکێی ئاشتی سەرکەوێ بەسەر بەرنامەکانی تری دەستکرد : کە لاوازو دەست کورتە، بۆیە هەموو ئامرازێکی ئاشتیو ئازادیو دیموکراسی و هەڵبژاردن ئەو بارو دۆخە دەڕەخسێنێ، بە پێچەوانە لە بارو دۆخێکی نائارامیو توندو تیژیدا تەنها دەسەڵاتدارو بێ بەرنامەکان قازانج دەکەن.

٢ - لەو سەردەمەی بێهێزیو بێ تەکنۆلۆجیای ئیسلامی‌یەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی دەڤەر و جیهان، ئەوا گواستنەوەی گۆڕەپانی فیکر (کە ئیسلام لێی دەوڵەمەند و بەهێزە) بۆ گۆڕەپانی جەنگ (کە نائیسلامی‌یەکان و دەسەڵاتداران لێی بەهێزن) و مسۆگەر تیایدا دۆڕاوی، ئەو هەنگاوەی تێك شڵۆقاندنی ئاشتی و ئارامیو باری دەستووری (با ئەو دەستوورەش ئیسلامی نەبێ) ئەوا ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ستراتیژی‌یەتی بەرامبەرەکەتە.

٣ - زۆربەی ئەفریقیاو خوارووی ئاسیا.... بەهۆی هەڵس و کەوتی جوان و ئەخلاقی بەرزو بانگی بە دانایانە ئیسلام بوون، بە پەیڕەو کردنی (فلیکن تهذیبکم بسیرتکم....) هەر بە پتەویش مایەوە.

٤ - لەگەڵ بەژداری کردنی هەڵبژاردن و ژیانی سیاسی پاساوە یاسایی‌یەکان دابین دەکەی بۆ مەدستە بنچینەیی‌یەکانت و گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو بەهاکانی ئیسلامی و (أمر بالمعروف والنهي عن المنكر).

٥ - ئەزموونی جیهانی و کوردستانیش زیاتر دەرکەوتووە کە خەڵکی بێزارن لە چەکداریو کاری توندو هەروەك دەرکەوت لە هەڵبژاردنەکانی نیکاراگوا، جزائر، ئەنگۆلا، کۆسۆڤا، کوردستان،....

٦ - بە پێی لێکدانەوەی بە شێکی تریان دیموکراسی بە شورای ئیسلام دەشوبهێنن،پاڵپشت دەکەنە سەر (مالك بن نبی) کە چۆن لەو سەردەمی وەسفی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دەکا بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەچوێنێ.

٧ - مادام بە نیەتی خزمەتی ئیسلام بەژداری بکەی با ئەنجامیش نەهێنی ئەوا (ڕەوایی) وەردەگرێ.

٨ - بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و هەتا بونیشت بە کەمایەتیەك لە ئەنجومەنەکان دەنگ بونێکی بە معازەرە بۆ (منکرات) و بە (بەڵێ) هاندان بۆ (چاکە) ئەوا چاکترین خزمەتی دەعوەت کرد، چاکترین (أمر بالمعروف نهی عن المنکر) و (أفضل الجهاد کلمة حق عند سلطان جائر) لەوێ ئەنجام دەدرێ.

٩ - ئەگەر بەشداری لە هەڵبژاردن و یاسایانە چالاکی سیاسی نەکەی ئەوا (بەدیلەکەی).

ا - قەدەغەکردن و ڕاگرتنی جموجۆڵی زانستی و ڕەوشەنبیری و سیاسی ئیسلامیەکانە.

ب- هیچ دەنگێك نابێت لە نێو ئەو دەزگایانە دژی (منکرات).

ج- ئەو کات چەمکە ئیسلامیەکان و هەڵوێستەکانی ئیسلامی و دەنگ و باسەکانیان لە ڕێی دەسەڵاتداران دەگات بە خەڵك، ئەوەش بە چەواشەیی دەبێو دەردی هەمو دەردانە.

د - پڕۆسەی لێك جیاکردنەوەی هەق و ناهەق بۆ خەڵکی سادە دەوەستێ و دیسان لێی تێکەڵ دەبێتەوە.

هـ- لەلایەن ئیسلامیەکانیشەوە ئەگەر بە ژیانی ئاشتی قایل نەبن ئەوا لە توندو تیژی و نائارامی زەرەریان کردووە، ئەزمونەکانی سوریا،میسر،جەزائر، تاجکستان، عیراقی سەردەمی (صدام حسین)... سەرکەوتو نەبوو گەلێ تاڵیش بوو.

١٠ - لە کۆتاییدا بەرژەوەندیەکانی ڕابوون لەچاو (مەفسەدەکانی) زیاترە لە بەشداری کردن نەك پێچەوانە.

## هەڵسەنگاندن:

ئەو تەیارە خزمەتێکی زۆری بە دەعوەی ئیسلامی کردووە، مەدرەسەیە کە زۆربەی تەیارو زاناو باڵەکانی تری ئیسلامی لەوێ پەروەردە بووینە، هەتا شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش بە گفتی هەردوو لا لە ژێر کاریگەری سەرەتای ئەوان بووینە، هەڵبەت ئەو بەڵگانەیان (کە لەوەو پێش باسکرا) بەشێکی تەواو ڕاست و دروستە، بەڵام بەشێکیشی دادەبەزێ بۆ (پاساو) بەشی تریش بۆ (بیانو)، هەر چ هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو ڕێبازە دەکرێ بەپێوانەی (مەزنی ئیسلامە) هەتا جارجار ئەو ڕەخنانەی ئاراستەیان دەکرێ سەبارەت بە بێ هەڵوێستیان بەرامبەر بە مەینەتی کوردستان ئەوا لەو بێ هەڵوێستیەشیان سەد قات لە عەلمانیەت چاتر بووە کە پشتیوانی داپڵۆسێنەرانی کورد بوونە، واتە لە چاو دادگەری و ڕەونەقی ئیسلام ئەو خاڵە تاریکانەی سەر ڕەوتیئەو تەیارە دەردەکەوێ، ئەگینا لەچاو واقیع و پڕانسیپکانی (بەرژەوەندی) زۆر ئاساییە.

لە سەرجەم ئەو خاڵانەی لەو تەیارە وەردەگیرێت،خاڵێکی بنچینەیی داکانە هەیە، ئەو خاڵە ڕێنماییو پلانانە ڕاستن بۆ سەرەتای ڕابوون و ساواییەکەی، هەروەها بۆ ئەو وڵاتانەی تەواو ئازادیو دیموکراسی تیایە، بەڵام کاتێ ئەو فەترەیە درێژ دەبێتەوە بێ ئەنجام بەهۆی پاوەن کردنی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان، یان دەستە وەستان دەوەستێ بەرامبەر داگیرکەر (وەك عیراق و کوردستان) ئەوا ئەو تەیارە دەکەوێتە نێو خولگەیەکی داخراو پرسیارارانیش دەکرێ، واتە ئەزموونی ئەو سەدەیەی ڕابردوو تا ئێستاش گەشەی تەیاری (ئیخوانی) دەگاتە (سەقفێك) و خول دەخواتەوە چیتر گەشەی پێناکرێ و ناتوانێ ئەو (سەقفە) بشکێنێ، هەر چەندە لە ساڵی ١٩٨١ لە سوریا تەقەلایەکی

مەزنیان دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، تا ئەوڕادەی کاریگەرییەکەی خەریکە پەکی دەکەوێ هیچ حیسابێکی ستراتیژیو جیهانیو دەڤەری بۆ ناکرێ بۆیە گەلێ جار للایەن دیکتاتۆریو داگیرکەرەکان بەو تەیارە دەلێن (موعتەدیەلەکان، نەرم ڕەوەکان، میانڕەوەکان، عەقلانییەکان، مۆدێرنەکان.....) بۆیە نیوەی ئەو بەرنامە پێویستی بە چاکسازی تەواو هەیەو هێشتا نەیان کردووە، هەر بۆیەش هەموو خاڵەکان جێی هەڵوەستە نین، بەشێکیانە:

١ - ڕاستە ئەو ئایەت و فەرمودانە هەیە بەڵام لە بەرامبەریدا بە دەیان ئایەت بەبارێکی تری شۆڕشگێڕیو ئامادەکاری (جهاد) هاتووە، سیرەش هەروا پڕیەتی لە نمونەی جەنگ و بەرگری بەرەو دەوڵەتی، بۆیە ئەو ئایەت و فەرموودانە نابنە (پاڵپشت) بۆ هەموو قۆناغەکان، هەروەك لە کۆنەوە باسی ئایەتی (مەککی) و (مدنی) کراون لەگەڵ شوێن و قۆناغی بەکارهێنانیان (کە لەدوایی باسیان دەکەین).

٢ - هەر بەگشتی تا ڕادەیەك خەلەل لە ژێر خانی تێگەیشتنەکانی هەیە بۆ یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی سروشتیو گەردوونیش، چۆن لە گەردوون و سروشتی خۆمان گۆران بە ئاساییو لەسەر خۆ و هێمنانە هەیە ئاواش گۆڕانی توندو ناکاو خێراو چۆنایەتیو بە بازدان هەیە لەوانە : گڕکانەکان، زەمین لەرزین، گەردەلول، تاڤگەکان، بروسك،... هەتا دەگاتە دیاردە گەردونییەکانی وەك (سوپر نوفا، تەقینەوەکانی ناوەکی، گۆڕانی H2 بۆ He،...) بەهەمان شێوەش مێژووی کۆمەڵ وا هاتووەو وا بەڕێوە دەچێ بە گۆڕانی هێواش و هێمن، شان بەشانی گۆڕانە خێراو توندو ناکاوەکان کە بەشۆڕش و ڕاپەڕین و جەنگ و... خۆی دەنوێنێ، وەکو ڕوبارێکە چۆن بە ئاساییو چەندایەتیانە دەجولێ بەرەو دەریا ناوە ناوەش دەبێتە تاڤگەو کۆمەڵێك گۆڕانی خێراو چۆنایەتی دروست دەکات... ئاواش مێژووی کۆمەڵ هاتووەو دەڕوا، ئەوە سوننەتی بونەوەرە (سوننە لە یاساش بەهێز ترە) واتە لەناو کۆمەڵ شۆڕش و بەرگریو ڕاپەڕین... یاسایە، ئەو تیۆرانەی مەسیحییەت کە دەڵێ (ئەگەر لەولا ڕومەتیان دای لا ڕومەتەکەی تریا بۆ وەرگێڕە) یان ئامۆژگارییە بەنرخەکەی ئیمام حسن بەننا (ئێوە وەك درەختێك بن ئەگەر گاشە بەردێکیان تێ گرتن مێوەیان بۆ بەردەنەوە)... ئەو بنەمایانە زۆر ڕاستە بۆ کۆمەڵگەیەکی بڕواداری مرۆ خواز، کە هەردەم کەمایەتین لە هەموو جیهان چ وەك پەیوەندی تاك بە تاك چ وەك پەیوەندی جیهانی، بەڵام ئەوە لەگەڵ کۆمەڵگەو خەڵکانێکی نامرۆڤانە هەڵی دەقۆزنەوە کاتێ لەولا ڕومەتەیان دای لا ڕومەتەکەی تریان بۆ وەرگێڕی بێ بەرگری ئەوجارە بە قامچیش دایدەگرن، یان کە بینیان وا میوەیان بۆ بەردەدەیەوە بێ بەرگری دێن درەختەکەش لە ژێرەوە هەڵدەکێشن، وەك ئەو هەموو دیاردانەی ڕۆژانە لە کۆمەڵگەی خۆمان دەبینین چ جای ئەو جیهانەی هەروا گەورە بچوك قووت دەدات، بەهێز بێ هێز ڕادەماڵێ، (اذا نطق القوة سکت الحق)، گەلێ جار ئەو بێ بەرگرییە زیانی گیانی زیاترە لە ملکەچ کردن و هەلاتن، وەك جیاوازی نێوان ئەو دوو پیاوەی یەکێکیان توندو تۆڵ و ئەوەی تریش شل و شۆق و بێ بەرگری بەلای کۆمەڵێك یاوەران ڕەت بوون، دەمەتەقێك پەیدابوو ئایا کامیان دوورە بەلا ترە، لە کۆتاییدا سەلمێنرا کە پیاوە توندو تۆڵەکە دوورە بەلایەو پیاوە شلۆق و بێ بەرگرییەکە نزیکە بەلا ترە (ئەو ئەنجامە تەواو ڕاستە لە کۆمەڵگەی نا دادگەری)، سەرنج بدە وەڵامی وەزیری بەرگری یابان چەندە جێی پەندە، لێیان پرسی ئەگەر (بۆمبی ناوەکی)تان هەبوایە ئیوەش بەکارتان دەهێنا لە تۆڵەی هێرۆشیما، ووتی ئەگەر بۆمبی ناوەکیمان هەبوایە هەر لە بنچینەدا ئەمەریکا جورئەتی نەدەکرد لێمان بدات،... (دیگول)یش ڕاستی ووتوە (کلیلی دەرگاکانی ئاشتی بە شەڕ دەکرێتەوە) ئەوانە یاسان، بەهەموو بێدەنگی جیهان نوزەیەکیان پێ کپ ناکرێتەوە، بە هەموو تاریکی جیهان تروسکە ئاگرێکیان پێ ناکوژێتەوە، بە هەموو ئاشتی جیهان شەرانگێزێکیان پێ ئاشت نابێتەوە (ئیمام عثمان) دەڵێ : (إن الله لینزغ بالسلطان ما لا ینزغ بالقرآن).

٣ - ڕاسته پڕۆسەی (أمر بالمعروف نهی عن المنكر) داینەمۆی چاكسازی كۆمەڵگەیە بەڵام بەبێ دەسەڵاتی لە باشترین دۆخیدا نیوەی دەكرێ واته تەنها (امر بالمعروف) نەك (نهی عن المنكر)، ئینجا بە ئامارو ژمارە دەسەلمێنرێ كه تا دەزگایەكی ئیسلامی بێ دەسەڵات به (امر بالمعروف) (١) كەس چاك دەكات ئەوا بەرامبەرت بەهۆی (أمر بالمنكر) (٥) كەست لێ تێك دەدات، لەكاتێكدا هەر خودی سروشتی زۆربەی ئادەمیزاد لایەنی شەڕی بە ئاسانی تر دەوروژونێ لە لایەنی خێرەكەی، بەڵێ لەو كۆمەڵە هاوكێشە لە كۆتاییدا هاوكێشەی نەدەوی (چاكسازی : تاك ⟵ كۆمەڵگە) شكست دەهێنێ لە دۆخی وادا. بناغەكانی ئەخلاقی كۆمەڵگە بە خێراتر تێك دەڕوخێ و كۆمەڵگەكانی ڕاستی و مەبادیئو ئاین تێك دەلەقێ و ڕابووی ئیسلامی لە كورتی دەدا، هەروەك ئەزمونی ئەو (١٥) ساڵەی جیهانی عەرەبی‌و كوردستانی باشوریش بە ووردی دەری دەخا.

٤ - هەتا ئەو ساتەش بەو ئامرازەی (التيار الاصلاحى) نزیكەی سەدەیەكە نموونەیەكی سەركەوتووی پێ دروست نەبووە، لە ساڵی ١٩٥٢ز. ڕا وا برایان لە میسر لە قۆناغی بەشدار بوونی وەزارەت بوون بە دوو وەزارەت لە حوكومەتی (محمد نجیب) ئەو ئەزمونانە هەروا لە خولگەی داخراوی تاقی‌كراو تاقی دەكەنەوە لە بەرامبەردا چەندین نمونە بەڕێگەو ئامرازی تر دروست بووە (ئێران، سودان، ئەفغانستان و چیچانی پێشوو..، حزب الله، حماس،.... زۆری تر.

٥ - ڕاستە لە بنچینەدا ئیسلام مانای (ئاشتی)یە ئەوەشی مەبەستەو لەوەوەش ئامانجە ئیسلامی‌یەكان چاكتر دێتە دی لەگەڵ كۆمەڵێك خاڵی زولاڵی تر لە بەڵگەكانی ئەو تەیارە... بەڵام دەسەڵاتداری بەرامبەرە (لە كۆن و نوێ) نایەڵێ ئەو بارە ئاشتی‌یە بەردەوام بێت، لە دۆخی وا چەپڵە بە دەستێك لێدەدرێ، واقیعێكی شڵۆقاو دەسەپێنێ وەك (د. قەرزاوی) گۆتەنی ئیسلامی‌یەكان هەموو ڕێیەكیان لێ دەگیرێ.. جا چ بكەن ؟ بەو شێوەیە لەگەڵ سازانی هەموو مەرجە یاسایی‌و سیاسی‌یەكانی (برایان) لە شوێنێكی وەك میسر هەر بواریان پێ نادەن بەشداری ئەو هەڵبژاردن و دیموكراسی‌یە سەقەتەش بكەن، جا دیالۆگی چۆن بكەی لە كاتێكدا زۆر بە ڕاشكاوی (لە دوای ئەو هەموو مەینەتی‌یەی ئیسلامی‌یەكان) حسنی مبارك لە لێدوانی ١٩٩٧/١١/٢٢ز دەڵێ (لە گفت و گۆو دیالۆگ و ئاشتی لەگەڵ ئیسلامی‌یەكان زەرەرمانە.... نایكەین) !

٦ - نابەرابەری تەكنۆلۆجی پاساوی ئەو خول خواردنەوەیە نی‌یە،.. بۆ ئەو خاڵە هەر دیسان بە وەڵامی (د. قەرزاوی) لە بارەی بەرگری قارەمانانەی چیچانی‌یەكان لە گرۆزنی بەرامبەر ئەو تەكنەلۆجی‌یە زەبەلاحەی ڕووسی ووتی (موجاهیدانی چیچانی حوجەی جیهاد نەكردنمانی نەهێشتەوە لەبەر هۆی تەكنەلۆجیا..).

٧ - نابێ ئەو ناوو ناووتۆرەی دیكتاتۆرو داگیركەران وەك (ئوسولی،متشدد، ئیرهابی، متطرف،....) سڵت بكاتەوە لە نەخشەو پلانە ستراتیجی‌یەكانت، ئەوە (لۆمەی لۆمەكەران) لە توركیا تەنها كوردەكان داوای بە زمانی كوردی خوێندنیان كرد، عەلمانی توركی ووتیان ئەوە داوایەكی تیرۆرستی‌یە! جا كەوابێ دەبێ خۆ بدەیە دەست ئەگەر بە پێی فەرهەنگ و ویستی دیكتاتۆر و داگیركەران بسلەمێیەوە.

٨ - لە بارەی ئەو گۆتانەی گوایە باوی بەرگری‌و هێزی چەكداری نەماوە... سەردەم سەردەمی دانوسان و دیالۆگ و ئاشتی‌یە.. ئەوەیان هیواو پەخشانە، وەڵامی ناوێ هەرچی ئەو ڕایەی هەیە با سەر لە لەژێر پۆشاك بێنێتە دەر سەیری چەپ و ڕاست و سەرو خواروی بكات بەس. خۆ ئەو واقیعەی كوردستانی خۆشمان ئەگەر بەرگری‌و ئەو هێزەی پێشمەرگەی نەبێ ئەو دەستكەوتانە نەدەبوو، حزب الله نەبوایە تا ئێستاش خوارووی لوبنان هەر ئیسرائیلی لێ دەبوو، ئەی ئەوە هێز نی‌یە وای كردووە ڕۆژانە ئەمەریكا لێرە ببینین و لە جیهان كێخوا بێت. ئینجا كەی گەلانی

ژێردەستەو معارەزەی چەوساوە دیالۆگ و گفتوگۆو ئاشتیان ڕەت کردۆتەوە، هەر دەسەڵاتداران و هێزدارەکانن، ئەگەر گفتوگۆو دیالۆگیان کردبێ زۆربەی لەسەر ئەو بنەمایانە کۆتایی دێت: بەهێز دەڵێتە بێ هێز با دیالۆگ بکەین چۆنت بخۆم بە برژاوی یان بە کوڵاوی؟ سەرنج بدە ئەو هۆنراوە جوانە:

ئەگێــڕنـــــــــــەوە ئـــــــــــەڵێن ســـــــــــەردەمێ
بــــــــەرخێ تینــــــــوی بـــــــــووە چـــــــــووە ســــــــەر چــــــــەمێ
لـــــــــەوێوە گورگــــــــــــــێ بــــــــــە فێــــــــــڵ و درۆ
لەگــــــــــەڵ بەرخەکــــــــــــە کەوتــــــــــــە گفتوگــــــــــۆ
ووتــــــــــی تـــــــــــۆ کـــــــــاری چـــــــــەوت و چـــــــــیلە ئەکــــــــــەی
بەرخەکــــــــــە ئــــــــــاوم لەســـــــــــەر لێــــــــــڵ ئەکــــــــــەی
بەرخەکـــــــــە ووتــــــــــی گــــــــــەورەم کـــــــــەی وایـــــــــــە
ئــــــــــەوەی تــــــــــۆ ئەیلــــــــــێی زۆر ناڕەوایــــــــــە
ئــــــــــاوێ لای تــــــــــۆوە بــــــــــەرەو لای مــــــــــن بــــــــــێ
دەبــــــــــێ چــــــــــۆن چــــــــــۆنیو بۆچــــــــــی لــــــــــێخن بــــــــــێ
ووتــــــــــی ئــــــــــەی باشــــــــــە جنێوەکــــــــــانی پــــــــــار
بەرخەکــــــــــە ووتــــــــــی گــــــــــەورەی ســــــــــەردار
تــــــــــۆ ئەفــــــــــەرمووی پــــــــــار، پــــــــــارم نەدیــــــــــوە
تــــــــــەنها شــــــــــەش مــــــــــانگم تەمــــــــــەن بڕیــــــــــوە
وەهاشبــــــــــێ دیســــــــــان تــــــــــەواوە
بــــــــــاوك وبراکــــــــــەت جنێــــــــــویــــــــــان داوە
ئــــــــــەبێ ئــــــــــەو داخــــــــــەت هــــــــــەر پــــــــــێ بڕێــــــــــژم
هــــــــــەر کــــــــــە ئــــــــــەوەی ووت بــــــــــە چەپــــــــــۆك و دان
بەربووەلاشــــــــــەی بــــــــــەرخی بەســــــــــەزمــــــــــان
ئــــــــــاوا لــــــــــە ســــــــــایەی جــــــــــەوری ستــــــــــەمکــــــــــار
دەتلێتــــــــــەوە بــــــــــێ دەستــــــــــی هــــــــــەژار

ئەوەش سەرەنجامی گفتوگۆو دیالۆگ لەگەڵ بێ بەزەییان.

٩ - ئێستا سەرجەم هەڵوێستی (تەیاری ئیسلاحی - برایان) کەمێك لەباریەك هەڵوەشایتەوە، دوچاری بەجێمانو دابڕان بووینەلە دواترین کاروانیش، بۆیە بەشێکی زۆر لە لقەکانی (برایان) سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە بەپێی واقیع و باری خودی نەك (مرکزی)، بۆیە یەکێتی هەڵوێستەکانیان تەك و لۆ بووە، بەشێکیان ئەو ڕایانەی سەروویان هەیە بەڵام بەشێکی تر ئێستا داکۆکی لە چەکداریو ڕاپەڕین دەکەن، هەر لە بارەی عیراق لە کاتێکا هەر یەکە لە (یەکگرتوو) و (حزبی ئیسلامی) کە زۆر پابەندن بە مەرکەزیەتی برایان کەچی بەشدارن لە لەو دامودزگایانەی دروستکراوی ئەمەریکی، لەلایەکی تر(المرشد العام) و (د.قەرەزاوی) و زۆربەی ڕێبەرانیان داکۆکی لەو بەرگریەی دەکەن لە دژی ئەمەریکا.

١٠- له دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران ١٩٧٩ز (برایان) یش له سوریا له ١٩٨١ز ڕاپەڕین ئەگەرچی شکستیان هێنا، بەڵام مانای وایه خەریکه لقەکان لـه (مرکـز) یـاخی دەبـن لەسـەر ئـەو شـێوه کـاری سیاسـی‌یه بـێ ئەنجامه، له ڕاستیشدا له سەرەتادا (برایان) ئەو هەڵوێستەی ئێستایان نـەبوو، دروشـم و ڕێنماییـیـان جیهـادی بـووه، بەشداری جەنگەکانی سویس و فەلەستینیان کردووه، دروشمەکەیان (ڕاستی‌و هێز) و دوو شێرو ئایەتی (وأعدوا لهم ما إستطتم من قوة)ی پێوه بوو، بەڵام دوای لەژێر فشاری دەسەڵاتداره دیکتاتۆرەکان بەو واقیعه دەگەیشتوون.

١١- له ڕاستی‌دا دیموکراسی‌و شورا یەك نین، هەروەك هەڵبژاردن و بەیعەتیش تەواو یەك نین، ئەو پاساوەی تەیاری ئیسلامی گوایه دیموکراسیش هەر وەك شورایه ئەو فکرەیه له باسـەکەی (مالـك بـن نـبی) هـاتووه کـه کۆمـەڵگـەی ئیسلامی به کۆمەڵگەی دیموکراسی چواندووه.. ئەوانه لێك جیان، شوراو دیموکراسیش لێك جیان هەر د.قەرزاوی (٦) جیاوازی داناوه، زیاتر لەوه (د.فتحی درینی) له کتێبی (خصائص التشريع الاسلامي في السياسة و الحكم) (١٧) جیاوازی له نێوان (شورا) و (دیموکراسی) تۆمار کردووه.

## تەیاری دووەم :

ئەو تەیاره تەواو پێچەوانەی یەکەمه، زیاتر لەو سەردەمه سەری له نێو سەلەفی‌یەکان و تەیاری وەهابی‌و هەندێ تەیاری توندی تری وەك (قاعیده به هەمـوو لقەکانی‌یەوه، کۆمـەڵی ئیسلامی‌و الجیهاد له میسر، کۆمـەڵی چـەکداری ئیسلامی له جەزائیر، بزوتنەوەی تالیبان، کۆمەڵەی هيجره و التكفير، بەشێك له حزبی جبهه التحرير، قاعدة الجهاد في الارض الرافدين، جماعة أنصار السنة في السودان به لقەکانیشی‌یەوه، جيش الصحابة لـه پاکسـتان، أنصـار الإسلام له کوردستان،...) ئەوانه پاڵپشت دەکەنه سەر ابو اعلى المودودي، سيد قطـب..) دواییـش هەنـدێ زانـای عەرەبی‌و سعودی، هەوەها ابو بصير، ابو مصعب السوري، ابو قتـادة،.... زۆربەی ئەو سەرکردەو ئەنـدامانی ئـەو گروپانه ئەو بیرو بۆچونەیان له ڕاوەدوونـان و خۆشـاردنەوەو زینـدانی...یـان...لـه گۆرپـانی جـەنگ و سـەدای (الله أكبر)..بۆ دروست بووه، واته له بارێکی ئاسایی نەبووه، زیتر لەو وولاتانەی دیکتاتۆری دەسەڵاتی پۆلیسی تیا بلاوه، ئەوانه هەمووجۆره بەشداری‌یەك له هەڵبژاردن، گفتوگۆ، پێکەوەژیانی سیاسی ئاشتیانه، له ١٠٠٪ ڕەت دەکەنەوه چ له فەزایەکی دیموکراسی چ دیکتاتۆری بێـت، دەڵـێن حـوکمی خـودا بـێ کـۆچ و جیهـاد نەهاتۆتـه دی و نایەتـه دی: (وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين لله)، (أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون).

ئەو بەڵگانەشیان هەیه :

١- دیموکراسی‌و هەڵبژاردن و فرەیی‌و... سیستەمێکه له ڕۆژئاوا هاتووه و دەستکردی مرۆڤه، هیچ پەیوەندی‌یەکی به پەیام نی‌یه و کوفره: (ان الحكم الا لله).

٢- له دیموکراسی‌و هەڵبژاردن و باقی بەندەکانی پێکەوه ژیان له ژێر (مـەرجەعی‌یـەتی) دەسـتورێکی دەسـتکردی عـەلمانی‌یه، ئەوەش ڕووبەڕووه لەگەڵ قورئان.. (و ما اختلفتم فيه من شيء فحكمه الى الله)، لەو فەزایەدا حوکمەکەی له جیاتی بۆ (الله) بێ ئەوا بـۆ (دەسـتوور)ێکـی عـەلمانی‌یـه، (يريـدون أن يتحـاكموا الـى الطـاغوت وقد أمـروا أن يكفروا به).

٣- ئیسلام خۆی تێرو تەسـەل و بـێ کـەم و کوڕی‌یـه، بۆیـه چـوونه نـاو هەڵبـژاردن بـه ئـارەزووی خـۆت لەگـەڵ بەرنامەیەکی دەستکرد ئەوه قابل بوون و به ڕەوا زانینی‌یەتی بەوەی بەرنامەی خودا کەم و کوڕی هەیه تەواو کامل نی‌یه، پێویستی به تەرهیم و پڕکردنەوه هەیه، تەعدیلی دەوێ، بەرنامـەی تریش مـافی منافسـەی بەرنامـەی خـوای هەیه، ئەوانەش ڕکاو ڕك لەگەڵ کۆمـەڵە ئایەتێکی (ڕاشکاو) ڕووبەڕوو دەبێتەوه (تبيان لكل شيء) و (هدى ورحمة

وبشرى)، (ما فرطنا في الكتاب من شيء..)، (اليوم أكملت لكم دينكم...)، بۆیە هەر تەنها قایل بوونت بە چوونە ناو هەڵبژاردن و ژیانی دیموکراسی لەگەڵ عەلمانی کوفرە، چونکە هەر لەپێشدا مانای وایە تۆ قایلی نیوەی ڕاستی لای تۆیە نیوەشی لای دەسەڵاتدارێکی زۆردارە، واتە وازت لە نیوەی ئایەتەکانی خۆت هێناو قورئانیش بە توندی ئاگادارت دەکاتەوە.

نەك هەر هاوبەش بۆ خودا، بە هەر هاوبەشیەك بۆ شەریعەتیش قایل بی ئەوا کوفرە، مادام لە هەڵبژاردن (ئیئتیلاف) لە حوکم دەبێ هەندێ لە بنەمای لە عەلمانیو هەندێ لە ئیسلامیو دەستورو یاساو بەرنامەکان بە هاوبەشی دەبێ کەچی لە قورئان دەفەرموێ (أم لهم شركاء شرعوا لهم من الدين ما لم يأذن به الله)، (ولا يشرك في حكمه أحداً).

٤- دانیشتن لە ئەنجومەنەکانی وەزیران، پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی تری مەدەنی لە ژێر سایەی بەها عەلمانیەکان هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو ئایەتە دەبینەوە (وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُوا مَعَهُمْ فَلاَ تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ) دەبێ بەجێی بهێڵی کەچی ئەتۆش ئەندامی لەو ئەنجومەنەو پابەندی پێی.

٥- دیموکراسیو هەڵبژاردن و ئازادیو مافی مرۆڤو مافی ئافرەت و فەلسەفە و دەستوورو پرۆگرامی خوێندن و پەیکەری ئیدارە.. بە ووشەو ماناو مەبەست لە ڕۆژئاوای کافر هاتوون هیچ پەیوەندیەکی بە (پەیام) نیە، لاسایی کردنەوەیە (لا تتبعوا أهواء الذين لا يعلمون...) دەبێ موسڵمان خۆی پێشڕەو بێت (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ).

٦- کاتێ دیموکراسی مانای (حكم الشعب) بێ ئەوا (حكم) بۆ خوا نابێ (ان الحكم الا لله) : کەواتە قایلی لە هەڵبژاردنا ئەنجامێکی تری غەیری حوکمی خوا دەردەچێ مادام زۆرایەی کەمایەتی دەبا، هەتا ئەگەر دەنگی زۆرایەتیشت هێنا خۆ هەر دەبێ ملکەچ بی بۆ (حوکمی گەل) نەك حوکمی خودا.. ئەوەش مەڵبەندی کوفرەو دەربازی تیا نیە.

٧- خۆ هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و شارەوانی و سەرۆکایەتی.. بە پێی دەستورێك یاسا دادەنێ، زۆربەی ئەو یاساو حوکمانەش بێشەرعین، (حلال و حرام)ەکانی تەواو جیان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام، ئەوەش لە باشترین دۆخی وێچوی بەسەرهاتەکەی (عودەی کوڕی حاتەم)ە لەگەڵ ڕەهبان و قەشەکان و پێغەمبەر (س) بە توندی ئاگاداری کردەوە واز بهێنێ، بەڵام خۆ لەو دۆخەش خراپتری هەیە لە دیموکراسیەکی تەواو بەڕەڵا.. کە لەو ساتەدا وەك (عبدالمنعم مصطفى حليمة-أبو بصير) لە کتێبی (حكم الأسلام فى الديمقراطية و التعددية الغربية) دەڵێ دیموکراسی واتە (اباحية) واتە دیموکراسی لە نێوان دوو وەسفە یان (دين الطاغوت) یان (الأباحية).

٨- ئەوانەش بە پێچەوانەی تەیاری یەکەم دەڵێن (بە دیلی) جیهاد و ڕاپەڕین تەنها ملکەچیە، شەرعی دانە بەناشەرعی زیاد کردنی مەفسەدەیە...

ئینجا دەپرسن کوا نمونەیەك بە ڕێگەی یەکەم دروست نەبووە و نمونەی جەزائیری (بەرەی ئینقاز)، تورکیای فەزیلەو تاجیکستان و.. بە گەرم و گوڕی دەکەنە حوجە.

## هەڵسەنگاندن :

بەشی هەرە زۆری ئەو تەیارە دڵسۆزو گیان پۆلآن بۆ ڕێبازەکەیان، ڕێگەی خۆشگوزەرانیو ئیسراحەتیان هەڵنەبژاردووە هەر وەك لەسەر تەیاری یەکەم دەگوترێ، سەرنج بدە ئەوە چوارەمین ئەمیری (کۆمەڵەی ئیسلامی لە جەزائیر) لە سەر ئەو ڕێبازە ڕۆیشتووە، بەڵام دڵسۆزی جیایەو پێکاندنی جیایە، هەروەك لە مەسەلەی (فەتوای دەستنوێژی یاوەرەکە) و چۆن بەهۆی خوێن بەربوون و تەڕکردنی بە هیلاك چوو (قتلوه قتلهم الله، هلا سئلوا، إنما شفاء العي السؤال) واتە دڵسۆزیو نەزانی گەلێ جار پێکەوە کۆ دەبنەوە.

زۆر بە کورتی خاڵە لاوازەکانی ئەم تەیارە باس دەکەین :

لە سەرجەم ئەو بیرو بۆچونانەی لەو تەیارە هاتووە سێ کێشەی پێشەکی هەیە لەژێر خانی زانیاری (بنیە المعرفە) وای لێ کردووە تەرازووەکانی وورد نەبێ بەرامبەر هەڵبژاردن ودیموکراسیو سەرنجام و حیکمەت و..، کێشەکانیش :

یەکەم : لە تێگەیشتنی زانستی قورئان.

دووەم: لە سیرەو (مەقاصیدەکانی) شەریعەت ٠

سێیەم: لە واقیعی نوێدایە.

تا گفتوگۆو توێژینەوەکە بگوازینەوە سەرچاوەو بناغەکانی. یەکەم کێشەی لێرە دەست پێ دەکەین، دووەکەی تریش لە ڕەوتی هەڵسەنگاندن باسی دەکەین.

هەڵبەتە ئەوانەش بەهەمان شێوەی تەیاری یەکەم بە (تاك ئایەت) پاڵپشتی هەڵوێستەکانیان دەکەن، ڕەچاوی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانە لە قۆناغەکانی (سیرە) نیە بە (قیاس) لەگەڵ قۆناغی ئیستای خۆیان... لێرەدا خەلەلەکە دروست دەبێ، وا دەبینین هەموو تەیاری یەکەم و دووەم گەڕانەوە سەر ئایەتەکانی قورئان، ئایا دەشێ ئایەت پێچەوانەی یەکتر بن، یان دوو هەڵوێستی دژ بەیەك دروست بکا لە یەك ئایەتدا.. (ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه إختلافا كثيراً) زۆر بە دڵنیایی خەلەل لە (زانستی قورئان)ی ئیمەیە، جارێ لە پێشدا دەبێ بزانرێ هەڵوێستی سیاسی وەك فەتوای (باری کەسێتی — احوال شخصی) نیە تا بە ئایەتێك یەکلا بکرێتەوە، هەڵوێستی سیاسی ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵێك دۆخی گۆڕاو، بۆیە لە هەڵوێستی سیاسیدا دەبێ چەندین ئایەت بهێنینەوە... ئەوەیان لە زانستی تەفسیر پێی دەوترێ (التفسير الموضوعي)بە تاك ئایەتیش دەوترێ (التفسير التجزيئي)، زۆر ڕوونە هەردوو تەیار گەڕانەوە سەر (التفسير التجزيئي) بۆیە هەڵوێستەکانیان تەك لۆ خەملیوە، لەلایەکی تر بەکارهێنانی ئایەت و فەرموودە وسیرە بۆ هەڵوێستی سیاسی بە ڕاستەوخۆیی بێ (فقه) وەك کارەبای (ضغط عالي) بێ (محاويلە) بدرێتە سەر دەزگایەك و دەسوتێ، بۆیە ئایەتی ڕاستەوخۆ بۆ هەڵوێستی سیاسی وەك (ابن عقيل) دەڵێ (لا سياسة الا ما نطق به الشرع (القرآن والسنة) فغلط،... بل هي ماوافق لما جاء به)[1] ئینجا بەکارهێنانی ئایەت و فەرموودە پێویستی بە تێگەیشتن و (فیقهی) چەند لایەنە هەیە، لەوانە:

١ - زانستی قورئان و فەرمودە.

٢ - شارەزای تەواوی زانستەکانی سیاسەت.

٣ - شارەزایەکی ووردی فەلسەفەی زانستی (یاساکانی گەشەی کۆمەڵ) بێت.

ئەگەر بەووردی لەو سێ خاڵە بنوارین، دەبینین هەمان دوو مەرجەکەی (ئیمام شافیعی)ی‌یە بۆ ففەتوا (١- شارەزای شەرع، ٢-واقع).. لەو سەردەمە زۆربەی خەلەلە مەزنەکانی تەیاری دووەم لە خاڵی (٢)و (٣)ی سەروو دێ، ڕاستە ئەوانە تا ڕادەیەکی چاك شارەزای شەریعەتن بەڵام بەو پلەیە شارەزای زانستی سیاسیو فەلسەفەی یاساکانی گشتی کۆمەڵ نین،بۆیە زۆر بە کورتی هەوڵ دەدەین بە سادەیی مانای سیرە و ئایەتەکان و پەیوەندی‌یان بە یاساکانی گشتی کۆمەڵایەتی دەرخەین، زۆربەی گرێ کوێرەکانمان بە یەکجاری بۆ دەکاتەوە، دەست پێ کردنی ئەو پەیامە لە کۆمەڵگای نەفامی عەرەب زۆر پڕ حیکمەتە کە لە دواترین کۆمەڵگە هەڵبژێردراوە وە لە کۆتاییش (اليوم أكملت لكم دينكم...) هەمان کۆمەڵگە گەیشتۆتە ترۆکی گەشەو دادگەریو شارستانی‌یەتی، هەڵبەتە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵ وەك بۆچوونی ماددی‌یەکان نی‌یە کە وێنەیەکی سپرینگی دەدەنە گەشەی کۆمەڵ بڕوانە وێنە (١).



کات

- وێنەی (١) -

بەڵام ئەوەیان گەشەی زانست و تەکنەلۆژیایە گەشەی کۆمەڵ نی‌یە (لە دەرفەتێکی تر بە درێژی باسیان دەکەین)، بەڵام (التفسير الاسلامي للتأريخ) بریتی‌یە لە گەشەو پێوەری (ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی) بەو شێوەی لە وێنەی دووەم.




وێنەی (٢)

خاڵی (س) بریتی‌یە لە دواکەوتووترین و گەندەڵترین کۆمەڵگە، خاڵی (ص) یش باڵاترین و بە ئەخلاق ترین کۆمەڵگەیە، پەیامی پێغەمبەر (د.خ) لە (س)ەوە دەستی پێ کردووە لە (ص) کۆتایی هاتووە، بەو شێوەیە هەتا دونیا ماوە گەشەی کۆمەڵ لە نێوان (س، ص) قەتیس دەمێنێ. کەواتە سیرەو ئایەتەکانیش هەتا دونیا ماوە هەر بەکارن هەریەکە بە پێی قۆناغی خۆی لەو نێوانەی (س، ص)، هەموو دەم دۆخەکانی کۆمەڵ، هەڵوێستەکان، ئاستی کۆمەڵ بەگشتی، ئاستی دەعوە،... لە نیوان (س،ص) دەبێ، جا کێشەی هەرەمەزن ئەوەیە چۆن لە کۆمەڵگەی ئێستادا شێوەو جەوهەرەکەی لە نێوان (س،ص) دەدۆزینەوە، واتە چۆن قۆناغی سیرە بۆ ئاستی گەشەی کۆمەڵگەو دەعوەی ئیستات دەدۆزی‌یەوە، لە چ قۆناغێکە، سەرەتایی‌یە، مەککی‌یە، پێش کۆچە،.. دوای دەوڵەت دروست کردنە.. لەو نەدۆزینەوەیە کێشە دروست دەبێ، واتە لەو دیاری کردنە، وە فتوای پێچەوانە... چۆنی چارەسەر دەکەین ؟ یان زیاتر ئەو نێوانە بخەینە ژێر میکرۆسکۆپ تا زیاتر دەردەکە (تشخيص) بکەین، وەك لە وێنە (٣)،

نێوان (س،ص) دەکەینە (٥) پەیژە کە بریتی‌یە لە هەر پێنج قۆناغەکەی سیرە، بڕوانە وێنەی -٣-. جا ئیستا ئەو کۆمەڵە ئایەت و فەرموودەو هەڵسوکەوتەی لە (١) دەکرێ زۆر جیایە کە لەگەڵ (٢) بە هەمان شێوە (١)و(٢) لەگەڵ (٣)دا وەهەروەها، واتە جیاوازی (١) و(٥) هەر گەلێ فراوانە تا ڕاددەی پێچەوانە بە ڕواڵەت ئەگەر شارەزاییەکی زۆر بالاَت نەبێ لە زانستەکانی قورئان و واقیعی (فەلسەفەی یاساکانی گەشە کۆمەڵ) نەبێ ئەوا دەردەکەوێ ئایەتەکان خۆبەخۆ یەکتر نەفی بکەنەوە و پێچەوانەی یەکتر بن، کەچی لەدوای زانین دەردەکەوێ یەکتر تەواو دەکەن بەلاَم بە قۆناغ (تدرج) وەك (ئیمامی زەرکەشی) و بەشێکی زۆر لە شارەزایانی نوێی قورئان ناویان لە (نسخ)یش ناوە (تدرج)، جا بزانین (خەلەل) لە تەیاری یەکەم و دووەم لە بەکارهێنانی ئایەت و فەرموودە لە کوێیە ؟ لێرەدا دەبێ دیسان بە ووردی ڕەچاوی پەیوەندی ئاستی گەشەی ڕابوون و ئاستی گەشەی کۆمەڵەکە بکەین،




تێبینی: (١)، (٢)، (٣)، (٤) گەلێ جار لە نێوان پڕۆژەو بەرنامەی سیاسی دایە بەلاَم (٥) فیکری سیاسی‌یە، واتە دوای ستراتیجی‌یەتی بزوتنەوە ئیسلامی‌یەکان، لە (٥) دا بواری سەوداو تاکتیك و نەرم و نیانی‌و تەوقی‌یەو... نی‌یە.

ئێستا زۆر ڕوونە تەیاری یەکەم ئایەت و فەرموودەکانی (١) بەکار دەهێنن تەیاری دووەمیش ئایەت و فەرموودەکانی (٥)، تەیاری یەکەم کێشەو گرفتی نی‌یە و زۆر بە لێزانینی پەیرەوی سیرەو ئایەتەکان دەکەن تا (٣) ئەوە سەقفەکەیە لەوێ بە دواوە ئاستی گەشەی کۆمەڵ و ڕابوونەکەیان دەگاتە (٣) بۆ (٤) بەلاَم ئەوان هەر حوکمەکانی (١) بەکاردەهێنن و کە لە بەڵگە کەوتوون و دووچاری ئەو قەیرانە دەبنەوە.

هەرچەندە تەیاری دووەم هەمان قەیرانی هەیە بە شێوەو ئاراستەیەکی پێچەوانە، خۆی‌و کۆمەڵگەکەی لە قۆناغی (١) یان (٢) ە، کەچی ئەو بە ئایەت و فەرموودەو سیرەی (٥) بەکاردەهێنی، ئا لێرەوە هەم (إفراط) و هەم (تفريط) ەکە دەردەکەوێ هەم ڕیشەی فکری هۆکارەکانی (تطرف) یش دەردەکەوێ لە کوێیە، بەو شێوەیە هەردوو تەیار لە قەیرانێکی هاوشێوە دەبن و نابنە میانڕەو هەر دەبێ تەیاری سێیەم پان و بەرین و میانڕەو دروست بێ.

کەواتە ئیستا دەتوانین بچینە ناو چەند خاڵێکی هەڵسەنگاندن :

١ -ئەو بەڵگانەی تەیاری دووەم لە ئایەت و فەرموودەکان ئەوە باسی خەلافەتە نەك قۆناغەکانی سەرەتایی کە ئیمەی تیایە.

٢ - لە سیاسەتدا ڕاستەوخۆ (بە دەگمەن نەبی) ئایەت بەکار نایەت وەك ابن القيم الجوزى لە ل١٧ی کتیبی (الطرق الحكمية في السياسة الشرعية) ئەو بابەتانەی کۆکردۆتەوە (..فقال الشافعى: لا سياسة الا ما وافق الشرع،

فقال ابن عقيل: السياسة ما كان فلا يكون معه الناس اقرب الى الاصلاح، وابعد عن الفساد، وان لم يضعه الرسول، ولا نزل به وحى، فان اردت بقولك: (الا ما وافق الشرع) أي لم يخالف ما نطق به الشرع فصحيح، وان اردت : لا سياسة الا ما نطق به الشرع (القران والسنة) فغلط، وتغليط الصحابة)... دەگاتە ئەنجام لە ل١٨ دەڵێ: (..فلا يقال : ان السياسة العادلة مخالفه لما نطق به الشرع، بل هى ما جاء به) سەرەڕای ئەوەش (فقه السياسة) بەشێکی زۆر بە جوولەیە بۆیە کەمتر فقهی کۆنی بۆ دەلوی، لە بەشی (احوال شخصی) کیشەیەکی بەو ئاستە نیە چونکە وەك سیاسەت بەو رادە لە گۆڕاندا نیە، بۆیە سیاسەت فقهو فتوای دەماو دەستی دەوی بۆ هەموو رووداوە دەماودەستەکان، ئەوانەش تەقدیسی رابردوو دەکەن کەمتر دەگەڕێنەوە سەر موفتیەکانی سەردەم.

٣- ئەوانە لە (زاراوەش) کەمیك کێشەیان هەیە کەمتر جیاوازی لە نیوان (جهاد)و(قتال) دەکەن، هەموو (جهاد)یك (قتال فی سبیل الله) نیە، بەڵام هەموو (قتال)ێك (جهاد)ە، سەرنج بدە ئیمام علی لە شیکردنەوەی (جهاد) (امر بالمعروف ونهی عن المنکر)یشی بە (جهاد) دەژمێری، ئنجا (پەروەردەی دڵ و دەروون و- جهاد النفس) بە (جهادالاکبر) پلەدار کراوە بێ (جەنگ).

دەبێ زۆر وردبین هەتا لە (سیرەش) بەشی ئامرازەکان (چەسپاو) نین، ئەوەی چەسپاوە ئامانج و (مقاصد)ەکانە، جا (جهاد)، (قتال)، (خەباتی ئاشتی)... ئامڕازن، ئامانج نین، بۆیە مەرج نیە (قتال) بەشێك بێ لە سیرە)ی هەر لایەك بە بیانۆی ئەوەی لە سیرەدا قتال) هەبووە، نەخێر مادام (ئامانج) نیە ئەوا دەگۆڕێ، ڕەنگە ئەو ئامانجە بێ ئەو (قتال)ە بێتە دی لەوەو ئەو تەیارە پێی نەکراونە وورد بێ و ئەو ئامراز و ئامانجە لێك بکاتەوە و هەموو سیرەی بە (ثوابت) حساب کردووە.

٤- ئەو خالانەی سەبارەت بە گرنگی (دەسەلات) باس کراوە وەك (..الا ان في المجتمع مضغة اذا صلحت صلح سائر الاجزاء واذا فسدت فسد سائر الاجزاء الا وهى الحكم) راستە، بەڵام چۆن ئەو دەسەڵاتە وەرگیرێ؟ بە(ئینقلاب)، شۆرش، کوشت وکوشتاری بی کۆتایی، یان هەڵبژاردنی ئازادانە، ئەگەر دوا ڕێگەت لا چاکترین ڕێگە نەبێ ئەوا باوەڕت وانیە کە خەڵکە زۆرایەتیەکە ئیسلامخوازە. بۆیە بەشێکی زۆر لەو تەیارە کۆمەڵگە بە نەخۆش و تاوانبار تێدەگا لە هەموو کاتێك.

٥- هەڵبەتە لە هەریەکە لە پاساوەکانی تەیاری یەکەم و دووەم زۆر راستی تیایە هەریەکە لە قۆناغی خۆی، بەڵام کە لە قۆناغی خۆی دەترازی بە هەمان پاساو هەڵە دەردەچی، بۆیە پاساوی راستی هەرلایەك کە (لەوەو پیش تۆمارمان) کرد وەلامە بۆ ئەوی تر.

٦- کە دێینە سەر تێڕوانینەکانیان لە بارەی بنەچەکانی دیمکراسی وهەڵبژاردن ودەسەڵات وئەرکی پەرلەمان ودستوورو ئەوا دیسان وەك بابەتی (کەم وکوری لە ژیر خانی زانیاریەکانی زانستی قورئان) دەبێ شیکردنەوەیەکی ووردیان بۆ بکەین تا (مشخص) بزانین سەرچیخیەکەیان لە کێیە؟. پێویستی بە دوو رونکردنەوە هەیە ئینجا دەگەڕێینەوە سەر رەوتی خاڵەکان :

## ا- لە بارەی هەڵبژاردن ودیمکراسی :

ئێمە سەرەتایەکی دەروازەیمان باسکردن بە پیی پیویستی بۆ ئیرە، ئەوانە کە باسی دیمکراسی دەکەن باسی دیمکراسی ئەسینیەکە دەکەن بە مانای (دەسەلاتی گەل)، کەچی ئیستائەو مانایەی نەماوە ٢٦ سەدە لەوەو پیش بەکارهاتووە هەروەك (جان جاك رۆسۆ)ش دەڵێ: دیمکراسی ئەسینی نە پەیرەوکراوە نە دەشێتیش بۆ پەیرەوکردن، واتە ئەو تەیارە دژایەتی سیستەمێك دەکەن بەهۆی باپیرانی کە لەپێش ٢٦ سەدە هەبووە!! ئیستا دیکۆریکی بەرجەستەی

نیه لە هەرووڵات و شوێنێك بەپێی باری واقع و كەلتوورو بەرژەوەندیان شێوازێكی لێ دەتاشن، بەڵام بە گشتییەكەی بریتیە لە (هەڵبژاردن، راوبۆچونی جیاو ئازاد، دەست گۆری دەسەڵات، مافی معارەزە لە دەسەڵات، مافی هاوڵاتی و سەروەری یاسا، شەفافیەت).. ئەوانەش زۆر خالی ئیجابین لە چاو واقعی (بەدیل).

هەتا دیمكراسیە ئەسینیەكەش ئەگەر بە ووردی شیی بكەینەوە دەبینین كیشەكە لە (دیمكراسی) نامینی،دەسەڵاتی گەل واتە (الولایە للشعب) لەدۆخیكدا (كە دیمكراسی ئیجابی) پێ دەڵێن دێتەوە سەر مانایەكی ئیسلامی، چونكە لە بارەی (الولایە) لە فیكری ئیسلامیدا سێ را هەیە ١ - الولایة للامیر (یان فقیە) ٢ - الولایة للشوری ٣ -الولایة للامة.. یان بۆ هەرسێكیانە بەپێی سنووری خۆی، بەڵام زانایان زیاتر داكۆكی (الولایة للامة) دەكەن دەڵێن قورئان زیاتر رووی لە (امە) یە نەك (ئەمیر) یان (شورا)، هەتا پێغەمبەر (د٠خ) بۆ دروست كردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەیعەتی لە ئوممەت وەرگرت، بەیعەتیش مانای پەیمان و رێكەوتنە، ئینجا خەلیفەكانیش بەیعەت و رای خەڵكی ئەو ئەمانەتەیان وەرگرتووە، ئەگینا شەرعییەتی نەبووە، واتە ئوممەت سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە بەڵام سەرچاوەی تەشریعە بنچینەییەكان نییە ٠كەواتە كیشە لە دیموكراسی نەما كیشە بووە ئەوە ئاخۆ میللەتەكە چیە، عەوامە، یان مەدەنیە،.. یان ئومەتە،.. كەواتە ئەگەر كۆمەڵگەیەكی (ئومەتیت) دروست كرد ئەوا دیمكراسی مانای (ولایة للامة) دەدا مانای لە دۆخە (ئیجابیەكەی دیمكراسی) هیچ ناكۆكیەكی لەگەڵ شەریعەت نابێ، بۆیە دەبێ زۆر وورد بین لەو بابەتانە یەكسەر سەرتاپای رەت نەكەینەوە، چۆن دەبێ ئەو وەسفانەی دیمكراسی بە (نظام الكفر، عقیدة الدیمقراطیة، دین الطاغوت، شریعة الدیمقراطیة) سیستەمی دیمكراسی، ئایینی دیمكراسی...)ئەو وەسفانە دیمكراسی ناگریتەوە زۆر روونە ئەوە دیسان بە هەڵەداچوونە ئەوە (لیبرال دیمكراسیە)، دیمكراسیو (لیبرال دیمكراسی) زۆر لیك جیان، بروانە وینەو هیلكاری (٤) بۆ ئەو جیاوازیانە دەبینین لیبرال دیمكراسی یە مدرسەیە، ئایدیۆلۆژیە، سیستەمە، نیزامە، ئاینە،...) ریبازیكی كۆمەڵایەتی و سیاسیە تیایدا (حلال و حرام) ی خۆی هەیە، كەچی دیمكراسی تەنها میكانیزمە، نە سیستەم و ریبازە، نە ئایدیۆلۆژیا بۆیە ئەوەی لەگەل (شەریعەت) ناكۆكە لیبرال دیمكراسیە نەك دیمكراسی، بەووردتر با سەرنج بدەین لێرەدا دیمكراسی خورد دەبێتەوە بۆ هەڵبژاردن، كەواتە ساڵی یەك رۆژ دیمكراسیە لە رۆژی هەڵبژاردندا، ئەگینا ئەو لایەنەی لەو هەڵبژاردنە دەیباتەوە بەرنامەیەكی هەڵگرتووەیان لیبرالیە یان سۆشیالیستیە، یان شیوعیە یان ئایینیە، یاخود تێكەڵێكە لەوانە، واتە ئەو بەرنامە و ئەو لایەنەش جیاوازە لە دیمكراسی، دیمكراسی رێكەوتنێكی نێوان ئەوانەیە بۆ یەك رۆژ، كەواتە ئەو دیمكراسیە ساڵی یەك رۆژ پەیرەو دەكرێ و بەس.

وێنەی هیلكاری (٤)

| دیمكراسی | لیبرال دیمكراسی |
|---|---|
| ١ -میكانیزمە | ١ - مدرسەو سیستەمی ژیانە |
| ٢ -پەیمانی سیاسی و كۆمەڵایەتیە | ٢ - ریبازی سیاسی وكۆمەڵایەتیە |
| ٣ -ئایدیۆلۆژیا نیە | ٣ - ئایدیۆلۆژیایە |
| ٤ -ئامرازە | ٤ -ئامانجە |
| ٥ -تشریعاتی نیە | ٥ -تشریعاتی هەیە |
| ٦ -مولكی گشتییە | ٦ - مولكی سەرمایەدارو رۆژئاوایە |
| ٧ -پابەندیە | ٧ - باوەرهینانە |
| ٨ -بەرجەستە(مجسم) نیە | ٨ - بەرجەستەیە |

## ب – لە بارەی پەرلەمان و دەستوور:

لێرەدا دیسان (تشخیص)ی دەوێ تا بزانین لە کوێڕا بە ووردی نەقەپەلیندراوە، کاتی حوکمی کوفر بەسەر پەرلەمان دا دەبڕن و دەڵێن شوێنی یاسا دانانەو یاساش هەر دەبێ خوا داینێ (ان الحکم الا لله). راستیەك هەیە روون بکرێتەوە ئەو تێکگیرانەی نیوان پەرلەمان و ئەو تەیارە رەنگە لێك بێتەوە بە سانای، بەپێی نەریتی دیمکراسی پەرلەمان یاساکان لە دەستوور هەڵدێنجێ، بۆیە دەستوور (یاسای بنەرەتی)یشی پێ دەووترێ و دەستووریش[٦] لەسەرووی پەرلەمانە، لە راپرسی میللەت دێت، کەواتە دیسان دەگەڕێینەوە سەر هەمان سەرچاوە، هەمووی میللەتەکەیە (اذاصلح صلح سائر الاجزاء) بەلاّم لەژیانی دیمکراسی تەواو ئازادە هەروەك لە بابەتی (کۆمەڵگەی موسڵمان لە ژێر سایەی عەلمانی) باسمان کرد، خۆ ئەگەر ئەو میللەتە ئیسلامخواز بێت ئەوا دەستورێکی ئیسلامیت بۆ هەڵدەبژێرێ، هەروەك راپرسیەکەی ١٩٧٩ ئێران، ئەگەر دەستور ئیسلامی بوو ئەوا پەرلەمان ناتوانی بەپێی ئەو دەستورە هیچ یاسایەکی نائیسلامی دەربکات... بەلاّم پێچەوانەکانیش بە پێچەوانە دەبێ، واتە کێشە لە پەرلەمان، هەڵبژاردن، دیمکراسی نیە کێشە لە سرووشتی میللەتە، واتە حوکم دان لەسەر دیمکراسیو هەڵبژاردن و دەستوور دەکەوێتە سەر حوکم دان لەسەر میللەتەکە، بۆیە بەشێك لەو تەیارە زیاد توند بوونەو گەیشتوونە (هجرة والتکفیر) لە نیو میللەتدا، ئەگینا هەر ئەو پەرلەمانە بوو رۆژی ١٩٢٤/٤/٣ بەزۆرایەتی دەنگ خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشاندەوە لە ئەنقەرە، هەرهەمان پەرلەمانیش لە چەندین هەرێمی نایجیریا لە ژێر حوکمێکی مسیحیانە بە دیمکراسیانە دەنگیان بۆ (شەریعەتی ئیسلامی) داوەو وا پێڕەو دەکرێ لە (١٠) هەرێم، هەر ئەو هەڵبژاردن و پەرلەمانەشە لە چیچانی پێشوو، لە پاکستان، لە چەند هەرێمێکی تری مالیزیا شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو کردووە، بۆیە تەیاری ئیخوان تا ئەو رادەیە جوان تر بۆیچوونە لە قۆناغی خۆیدا بەشداری هەڵبژاردن و ژیانی دیمکراسی و دەستووری دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن (دەعوە) و چاکسازی خۆیان لە نێو میللەت بکەن، بەرەو میللەتیکی بە بڕوا تیایدا سەرچاوەی چارەسەریەکانە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر زنجیرە خاڵەکانی هەڵسەنگاندنی ڕای ئەو تەیارە (تەیاری توندەکان).

٦ - بەشداری کردنی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ئازادە (بەو مەرجە)، لە نێوان کۆمەڵێك رەنگ و مدرسەو حزبی سیاسیدا (بەپێی شەریعەت) رەنگە بەشێکیان کوفری تیابێ، مونافقی تیابێ، بێلایەن و بەرەو ئیسلامی تیابێ... جا هەریەکە سەربەستە چۆن خەڵك پەیدادەکا، هەرگیز لە شەریعەتی ئیسلامی نیە خەڵکی بە تۆبزی بۆ لای ئیسلام پەلکێش بکەی، ئازادە (ومن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر) لەسەر ئەو بنچینەو ئەو روونکردنەوەی پیشووش هەم لەسەر لایەنە ئیسلامیەکان هەم لەسەر خەڵکێکی پابەند بە ئیسلامەوە ئەرکی شەرعیە بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکەن، تا گوزارش لە رای خۆیان بکەن بەچاك بڵێن چاك و بەخراپیش بڵێن خراپ، ئەگینا (هلك قوم مالم یقل للمسيء اسئت، وللمحسن احسنت)، هیچ ئامرازو رێگەیەك نیە لەو سەردەمە (ئەگەر ئازادی هەبێ) لەهەڵبژاردن چاکتر تا خەڵکی بتوانن گوزارش و پەیڕەوی لەو فەرموودە بکەن، بەهەمان شێوەش بۆ فەرموودەی (افضل الجهاد کلمة الحق عند سلطان جائر).

---

[6] دەستور ووشەیەکی کوردی و فارسیە بەمانای نەریت هاتووە، دوایی بووە یاسای بنەڕەتی دەوڵەت، یان هەر دەزگایەکی سیاسی و ناسیاسی، یەکەم پەیڕەوکەر و داهێنانی دەستوور گوایە لەو کۆمەڵە بڕیارەی شازادە جۆن لە سەدەی (١٣) هاتووە بەناوی (ماگناکارتا)، بەلاّم لە سەردەمی دەوڵەتی پێغەمبەر(د.خ) بەڕوونی دەستوری مەدینە دیاریکرا بەناوی (الصحیفە)، صحیفە جیایە لەگەڵ قورئان، دوو بەڵگەنامە بوو لەنێوان پێکهاتە و ڕەنگەکانی مەدینە.

٧ - دەڵێن دیمکراسی و فلسەفەو پەرلەمان لە ڕۆژئاوا هاتووە لە قورئان نەهاتووە،... ئەوەیان بۆنی ڕەگەزپەرستی لێدێ، ئەگینا خۆ (عقیدە) ئەوەندە لە (کتابی ئیسلامی) بەکاردێت کەچی ووشەیەکە تەنها عەرەبیە بەڵام لە قورئاندا نیە.

٨ - ئەگەر دەڵێن دەوڵەت ودەستوورو وەزارەت و سیستەمی کۆماری و لیك جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت زادەی دیمکراسین، هەروەك تقی الدین البنهانی (دامەزرێنەری حزبی تحریر) هەتا کۆماریش پێی وایەو دەڵێ : (فالنظام الجمهوری یقوم في اساسه علی نظام الدیمقراطیة لذلك الحكم فی الاسلام لیس جمهوریا،..)

دەبێ بزانین هەر لە پێغەمبەر (د.خ) و دوایش (خەلیفەی راشدین) و بەرە بەرە سود لە ئەزموونی بەشەری وەرگیراوە لە یاسای (جوار) (فضول) دوای (بەرید، سوپا، زانست، تکنۆلۆجیا، وەزارەت) بۆیەش لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانلی وەزارت هەبوو سەرۆك وەزیر ناوی (صدر الاعظم) بوو، پەرلەمانیان ناوی (المبعوثان) بوو.. مەرج نیە زادەی دیمکراسی بن، ئەوەتا وولاتە دیکتاتۆریەکانیش ئەو دام ودەزگایانەی هەیە (لێك جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتیشیان) هەیە کۆماریش مەرج نیە دیمکراسی بێ، ئەوەتا لەچەندین وولاتی دیکتاتۆری و کۆماریش، کەچی وولاتی وەك بریتانیا، سوید، هۆلەندا،.. دیمکراسین و کۆماریش نین، دیسان مەرج نیە کۆماری لێك جیاکردنەوەی ئایین بێ لە دەوڵەت، ئەوەتا سیستەمی ئیرانی نوی کۆماریشە و ئاین و دەوڵەت لیك جیا نەکراوەتەوە... ئەو حوکمانە ووردایەتی دەویٌو شارەزابوونی لە واقع زۆر زیاتر پیویستە، لەبارەی ئەزموونی بەشەریش ئەم کورتە روونکردنەوەیە پێویستە: دوو زاراوەی زانستی هەیە تێکەڵکراوە زۆر لێکیش جیان لە روانگەی فیکری ئیسلامی، ئەویش بریتیە لە (ڕێباز — مذهب)، (زانست — علم) هەموو بابەتیك ئەو دوولایەنەی تیایە، (ڕێبازی ئابووری) و (زانستی ئابووری). یەکەمیان لەچۆنیەتی دابەشکردن و چارەسەری ژیانی ئابوری دەکۆڵێتەوە، هەرچی (زانستی ئابووریە) لە چۆنیەتی گەشەی ئابووری و بەرهەم و چاکردنی دەزگاو تکنۆلۆجیای ئابووری.. دەکۆڵێتەوە.. ئەوەیان بەرژەوەندی گشت بەشەریەو یەك هەڵوێستین، کەچی لە یەکەم (ڕێبازی ئابووری) لێك جیاین،.. بەو شێوەیە (ڕێبازی سیاسی) و (زانستی سیاسی) هەیە، (ڕێبازی کۆمەڵایەتی) و (زانستی کۆمەڵایەتی) هەیە...هتد. زانستەکان ئەزموونی بەشەرین ئاسایە موسڵمانان سوودی لی وەرگرێ، بەڵام لە (ڕێبازەکان) ناشێ بەو ڕەهاییە وە هەڵوەستە هەیە.

٩ - لە هەمووی گرنگتر ئەوانە لە حوکمەکانیان وای بۆچوونە وەك بەراوورد بێ لە نیوان (شەریعەت) و(دیمکراسی)، لە راستیدا لەواقیعی ئیستای جیهانی ئیسلامی بەراووردەکە لە نیوان (دیکتاتۆری) و (دیمکراسیە)، بۆیە ئەو بابەتە بە پێی سروشتی ئیستای کۆمەڵگەکانمان (هەروەك لە بابەتی کۆمەڵگەی موسڵمان لە ژێر سایەی عەلمانیەت) خوێندمان دەکەوێتە ژێر (فقه الموازنة).. ئیتر هەر دیمکراسی چاکترە لە دیکتاتۆری.. بۆیە پێویست دەکا لەسەر ئیسلامیەکان لەگەڵ پتەو کردنی دیمکراسی بن بەرامبەر دیکتاتۆری، نەك دژی یان بێلایەنیش.

١٠ - لە هەڵبژاردن وبەشداری کردنی پەرلەمان و حکومەت زۆرجار نموونەی (ح.یوسف) نەك هەر وەزیرێك بووە لە حوکمەتێکی بتپەرستی ناشەرعی بەڵکو خەونەکەی مەلیکیشی کردە بەرنامەی چارەسەری کێشەی ئابووری وولات، لە کۆتای سورەتی یوسف هاتووە (لقد كان فی قصصهم عبرة لاولی الالباب...).

١١ - بەشداریکردنی (ح.موسی)ش لەململانیی جادوو، زۆر جێگەی پەندە بەتایبەتی کە لە رۆژی جەژنی ئەوان و بە پێی دەستووری ئەوان و لە ژێر حوکمی ئەوان و... ئنجا ئەو دەرەنجامە گرنگەی بە دەست هینا :(فوقع الحق وبطل ما كان یعملون)،.. (والقی السحرة ساجدین، قالوا امنا برب العالمین). واتە بەرواڵەت بە ئامرازی ناهەق

دەستی پێکرد بە هەق کۆتایی هات، بە ناشەرعی دەستی پێکرد بە شەرعی کۆتایی هات، بە نەریت و سیاسەتی ئەوان دەستی پێکرد بە حوکمی خوای کۆتایی هات، بە ململانی دەستی پێکرد بە ڕێکەوتن کۆتایی هات..

١٢- کەواتە مادام ئەو لایەنە ئیسلامیە یان ئەو کەسەی کاندید دەکرێ بۆ هەڵبژاردن نیازی تایبەتی خۆی نەبێ نیازی خزمەتی ئیسلامی هەبێ ئەوا نەشیپێکی هەر خزمەتە، لێرەدا گرفتێکی مەزن هەیە و شایەنی هەڵوەستە بووە کەم بەلای داچووین، ئەویش ئەوەیە ئەوکەسەی هەڵدەبژێری بۆ دەزگایەك مانایەکی ڕاشکاوانە دەدا کە ئەوە (داوای ئیمارەت دەکا) و لە فەرموودەش هاتووە (لانولی امر هذا الدين من حرص عليه) ئەوە گرفتێکە زیاتر لە پاساوەکانی تەیاری دووەم کەچی باسیان نەکردووە.. بۆیە دەبێ زۆر لەوەش ووریا بین بەسادەی نەزانین.

١٣- لە زانستی سیاسیدا (فکری سیاسی) هەیە و (بەرنامەی سیاسی) هەیە، لیك جیان، فکری سیاسی بریتیە لە ئامانجە ستراتیژیەکانی کۆتایی قۆناغ، واتە گێڕانەوەی خەلافەت، هەرچی بەرنامەی سیاسی‌یە بریتی‌یە لە نەخشەو پلان و تاکتیکاتی قۆناغەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە تەیاری دووەمدا ئەو دوو چەمکە سیاسیە لێك نەکراوەتەوە، چونکە کاتێ لایەنیکی ئیسلامی دەچێتە نێو گۆڕەپانی سیاسی و ئاشتی و هەڵبژاردن ئەوا بەپێی بەرنامەی سیاسیە نەك فکری سیاسی، ئەو گۆڕان و کەم و زیادە وەختیانەی دەیکا لە بەرنامەی سیاسیە... فکرە سیاسیەکەی چەسپاوە... ئەوەش زۆر ڕەوایە و لۆژیکیشە... خۆ (فقه التقيه) بە روونی بۆ ئەو بەشە دەگەڕیتەوە، کەچی ئەو تەیارە حوکم لەسەر بەرنامەی سیاسی وەك فکری سیاسی دەدا.

١٤- دەبێ ڕەچاوی زەمینەی کۆمەڵایەتی وسیاسی و یاسایی و... بکری بۆ هەر وولاتیك بە جیا، ئەو حوکمانەی تەیاری یەکەم و دووەم با لە وولاتیکی وەکو لوبنان، مالیزیا، نایجیریا،.. لەگەڵ عیراقی پیشوو و هەندی وولاتی عەرەبی بە نموونە وەرگرین، لەکاتیکا بۆچوونەکانی تەیاری یەکەم لە لوبنان و نایجیریا و مالیزیا ڕاستە بەڵام لە عیراق و وولاتەکانی هاوشیوەی هەلە دەردەچێ، کەچی بۆچوونەکانی تەیاری دووەم دەقاودەق بە پێچەوانە لە لوبنان، مالیزیا، نایجیریا... هەڵە دەردەچێ و لە باقیەکەی تر ڕاست دەردەچێ، بزانە هەردوو لا چەندە پێویستیان بە چاکسازی کردن هەیە بۆ لەدایك بوونی تەیاری سێیەم، نە ئەوەندە توند و پەرووگر تەکفیری هەموو دنیا و جل وبەرگ و ناسنامەی گیرفانت بکەی، نە واش ئەتۆ بچی بەو پلەیە وەك تەیاری یەکەم لە کنێسەی ئیسرائیل خۆ هەڵبژیری تا ببی بە ئەندام، زۆر روونە هیچ تەیار ئاسایی نین و سەرەنجام تەیاری سێیەم لە هەناوی هەردوولا پەیدا دەبێ.

## تێبینی:

داوا لە خوێنەر دەکەم بە ووردی هەردوو (بەڵگەنامە)ی دەستووری لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) لە مەدینە نووسراوەتەوە بخوێنێتەوە چۆن پیادە کراوە، لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و عەقیدەیی.. تیایدا ئەو قۆناغانە دیاری دەکا، پەیوەندی دەستوریشت بۆ دیاری دەکا لەگەڵ شەریعەت قۆناغ بەقۆناغ.

## تەیاری سێیەم :

هەرچەندە ئەو دوو تەیارە لە رووی گەشەو دارشتنی بناغە وەك یەك نین، هیچ گومانی نیە تەیاری یەکەم بەرهەمی زیاتر بووە، تەیاری دووەم زیاتر قەتیس مابۆوە لە فتوای تاقانەو بەهۆی کاسیت و منبەرە تەسکەکان کەمتر لواوە بۆ شوینە گشتیەکان، لەلایەك قەدەغە بووینە هەم ئامێری بیروبۆچوونەکانیشیان زۆر تەسك بووە، ئەگینا

ڕەگ و ریشەی تەیاری دووەم لە پیش یەکەم دروست بووە، کۆمەڵی سوننەی محمدی لە ساڵی ١٩٢٦ه وە کاری ئیسلامی دەکا، بەڵام بەهۆی سروشتی ئەو ریبازەی بەرهەمی نەبووە، لە دوای دریژە کیشانی ئەزموونی ئەو دوو تەیارە و نەگەیشتنیان بە نموونەیەکی (مورتاح) بۆ سەلماندنی واقعیانەی بۆچوونەکانی خۆیان، ئەوا بزووتنەوەی میژووبە تایبەتی یاساکانی (تمكين الامة الاسلامية) تەیاری سییەمی هینا ئارایەوە، ئەو تەیارە زیاتر واقعی ترە لە هەموولایەك حسابی بۆ دەکری، ئەوە پیی وایە هەردوو تەیار لە بارووذۆخی خۆی ڕاستن بۆیە لە هیچیان دانەبڕاوە تەیاریکی جیا نیە لییان، زادەی هەردوو لایە، لەبەرنامەکانیدا هەم ئاشتیو تەبایی و بەشداری کردنی هەڵبژاردن و دیمکراسی دەکاو هەم هەڵگری پەیامی شۆڕشگیڕیو جهادە لە قۆناغ وبارووذۆخی خۆی، هەم دەیەوێ پرۆسەی چاکسازی تاك و کۆمەڵگە بکا هەم دەسەڵاتیش، واتە بە هەردوو ئاراستەی (نەدەوی) و (مەودودی)، ئەو تەیارەی هەر کۆکراوەی ئیجابیاتی هەردوو تەیار نیە، بەڵکو بەداهینانەوە رزگار بوونیشە لەسەلبیاتی پەنگ خواردووی ئەزموونە دوورو دریژەکانیان، مەرجیش نیە هەمیشە لە نیوەڕاستی هەردوولا بیت وەك دابەشیەکی چەندایەتی، چونکە (ڕاست)یش مەرج نیە بکەویتە سەر ریکی نیوەراستی دوو ناڕاست، میانڕەو یان چارەی سێیەم، جار وایە لەلایەکی ئەو پەرگەیە نزیکە جاریکی تر لەوی تر، لەچەندایەتیدا (٣) نیوەراستی (١,٥) کەچی لە میانڕەویدا رەنگە (٤) بێ یان (٢) یان، هەتا جار وایە (٥) یان (١)،.. ئەوەی زۆر چەسپاوە لەقۆناغەکانی سەرەتای تەیاری سێیەم تەواو جووتە لەگەل تەیاری یەکەم، ئنجا دۆخی شۆڕشگیڕی و پەنا بۆ چەك بردن زیاتر دەکەویتە سەر لایەنی بەرامبەر، لایەنیکی وەك (بەعس لە عیراق) ناسنامەیەکی ئاویتەی شۆڤینی فەڕەنسی وفاشی ئیتالی و نازی ئەڵمانی و فالانژسی ئیسپانی و دیکتاتۆری ناسیۆنالیزمی عەرەبیانە... کۆکردۆتەوە، واتە پانۆرامای سەلبیاتی میژووی هەڵگرتووە ئەوا جۆرە نەخشە و پلانیکی تری دەوێ نەك دەستە وەستاو هەڵوەشانەوەی ریکخستن و چالاکی سیاسی جاڕ بدەی وەك تەیاری یەکەم... ئەرکیکی مرۆفایەتی و خوایی بەجێ نەگەیاندووە.

کەواتە ئەو تەیارە وا دەڕوانی کە دروستی هەڵبژاردن و ژیانی سیاسی لەلایەك و لەلایەکی تر پەنا بۆ خەباتی شۆڕشگیڕی... هەریەکە لە قۆناغی خۆی زۆر دروستە.

ئەو دوو قۆناغەش هەر ناکەویتە سەر ئاستی گەشەی رابوونی ئیسلامی، بەشی هەرە زۆری دەکەویتە سەر (فقهی واقع) واتە گۆڕەپان و لایەنی دەسەڵاتدار، ئاخۆ دیکتاتۆر و داگیرکەر و زۆردارە یاخود دیمکراسیو ئازادی پەروەرە... نەك جاڕی ئەو دەسەڵاتدارە (کافرە) (ئەهلی کتابە)، عەلمانیە (بەپیی فقه الاولويات) چونکە (كافر عادل خير من مسلم جائر)، (ان الملك يدوم بالكفر و لا يدوم بالظلم)، دەسەڵاتداریکی نا ئیسلامی دیمکراسی زۆر چاکترە لە دەسەڵاتداریکی بەناو ئیسلامی زۆردارو دیکتاتۆر، هەر بۆیەش دەبینین واشیاوەو دەشێ زانایان و خەڵکیکی ئیسلامی لەجەورو ستەمی ئەو دەسەڵاتدارە بەناو ئیسلامیانە رادەکەن بۆ وولاتانی ئەورووپا، لەوێ تاڕادەیەکی چاك سەربەستن، مزگەوت و خویندن و چالاکیان ئازادە، کەچی لەناو جهانی ئیسلامی مزگەوتەکان بۆ خویندن داخراون، چالاکی سیاسی قەدەغەیە، هەتا لە هەندێ شوین بەرەسمی پۆشاك قەدەغەیە، تەیاری سێیەم بەووردتر (لە تیگەیشتنە کلاسیکیەکان) واقع دەقەبلینی و بەرنامی سیاسی بۆ دادەریژی، هەموو هەنگاوەکانی میانرەوە.

## میانڕەوی ئەو تەیارە :

هەندی وەسف هەیە ئی خودی ئیسلامە بە هەڵە دەپۆلینری، وەك ئەوەی جار وایە دەڵین ئیمە ئیسلامی میانڕەوین، یان ئیمە ئیسلامی جهادین،.. بەشیکی تر دەڵین ئیمە ئیسلامی سیاسین، بەشیکی تر دەڵین ئیمە ئیسلامی ناسیاسین،... هەموو ئەو وەسفانە هەڵەیە کە دەدریتە پاڵ (کۆمەڵیك)، چونکە خودی ئیسلام جیهادیو

نەرمیە، سیاسی و ناسییاسیە،... لێك جیا نیە بڵێی ئەوانە ئیسلامی سیاسین ئەوانەش ئیسلامی ناسیاسی، یان جهادی و نا جهادی... ئیسلام خۆی پوختەکەی میانڕەویە (وكذلك جعلناكم امة وسطا...)، هەردەم چارەسەریەکانی لە نیوان دوولای ئەو سەرو ئەوسەری چەوتەکانە، راو وەسفی چەند زانایەك تۆمار دەکەین لە بارەی میانڕەوی :

+ قازی نگری لە (دستور العلماء) : - العدالة بين التفريط والمفرط...

+ بن يوسف العامری لە (سعاد الاسعاد) :-لەبارەی (سیاسەتی راست) دەڵێ ئەوەیە لەسەر هەردوو تەوەری توندی و نەرمی، ترغیب و ترهیب بڕوا هەریەکە لە قۆناغی خۆی.

+ د.محمد عمارە لە کتیبی (معركة المصطلحات) دەڵێ :- الوسطية هي انها عدل وتوازن بين قطبين وليست انحياز لواحد منهما ولا مقابزة التامة لهما : انها حق بين الباطلين، والعدل بين الظلمين، والاعتدال والتوازن بين تصرفين وغلويين.

گەلێ جار بە هەڵەیی لەلایەن هەندێ ئەنجومەنی دوەلی و یاخود هەر (تیاری ئیسلاحی ئیخوان) دەڵێن ئێمە میانڕەوین، نەخێر میانڕەو مانای هەردەم نەرم و نیان و ملکەچی نیە، میانڕەوی جاری وا هەیە ئەوپەڕی بەرگریە، ئنجا بەوانەی دەووترێ (متشدد، يان متطرف، يان،...) عادەتەن لە لایەن داگیرکەرە دیکتاتۆریەکانەوە بە خەڵکانێك دەڵێن کە سەریان بۆ شۆڕ ناکەن، بەلاّم لە روانگەی فکری ئیسلامیدا (تشدد) ئەگەر لەسەر (اصل) بێت زۆر راستە و دڵسۆزیە بەلاّم کاتی هەڵە دەردەچی ئەگەر لەسەر (لق) تشدد بکەی کە نۆرەی نەهاتووە، بۆیە تەیاری سێیەم تاکە تەیاریکە میانڕەو بێت لە بارودۆخەکان بە پێی پێویست نەرم ونیان بێ لە کاتی پێویستی تریش هێزی رووبەڕوو بوونەوەی تیابێ، واتە نەئەوەندە پەریشانی بەشداری هەڵبژاردن و دیمکراسی بی بچی بەشداری هەڵبژاردن بکەی لە کنیسەی ئیسرائیل یان لە دیوی هندی کشمیر، نە ئەوەندەش توند بی دژی چاك و خراپ بوەستی.

کەواتە تەیاری سێیەم تەیاریکی میانڕەوە لە نێوان تەیاری یەکەم ودووەم بە مانای تەواوی میانڕەوی کە گشت بنەماکان دەگریتەوە.

## سەر هەڵدانی :

ئەو تەیارە زیاتر دوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی (٢٠) سەری هەڵدا، بەداگیرسان وسەرکەوتنی هەردوو شۆرشی ئێرانی و ئەفغانی، ئەوانە زیاتر خاوەنی ئەو رابوونە جهانیەن، بەخێرای نموونەیان بۆ درووست بوو (ئەگەرچی تێبینی و هەڵوەستەش هەیە) گەیشتن بە دروست کردنی دەوڵەت لەوانە (ئیران، ئەفغانستانی پیشوو، چیچانی پیشوو، سودان تا رادەیەك، تاجیکستان ساڵی ١٩٩١، زۆربەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی لایەنە ئیسلامیەکان بۆ تەیاری سێیەم دەگەڕیتەوە وەك بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیر، حزب اللەی لبنان، حماس و جهاد لە فلستین، حرکە الاصلاح لە یەمەن، مۆرۆ لە فلیپین، بەرەکانی کشمیر، بەرەی ئیسلامی لە لە تاجیکستان،... ئەزموونەکانی بۆسنە و کۆسۆڤا و نیمچە دورگەی هند و مالیزیا... کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران، و لە عیراقیش مجلس الاعلی، حزب الدعوە، هیئة العلماء السنة (سەرەرای هەندێ سەلبیاتیشی)، لە کوردستانیش (کۆمەڵی ئیسلامی) (بزووتنەوەی ئیسلامی) هەموو ئەوانە هەم بەشدارن لە ژیانی سیاسی و هەم لە ئەرکی شۆڕشگێڕیش دریغیان نەکردووە، بەڵکو پێشەنگ بوونە، حزب اللە چۆن (شهادەی دکتۆرای) هەیە لە رزگاری، ئاواش لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بووە، (کوتلەی وەفا) لە پەرلەمانی لبنان بۆ ئەو حزبە دەگەڕێتەوە، حماس چۆن شهادەی بەرگری بێ وێنەی هەیە ئاواش بەرنامەی هەڵبژاردنی هەیە و لە دوا هەڵبژاردنی شارەوانی ٢٠٠٤/١٢/٢٦ لە (٩) شارەوانی دەنگی یەکەمی هێنا لە سەرجەم (٢٣) شارەوانی- دوایی لە کەرتی غەززە لە کۆی چوار شارەوانی لە سێیان دەنگی یەکەمی هێنا، گەلێ نموونەی تر، هەموو ئەو گەشەسەندنە

بەهۆی تەیاری سێیەمە بۆیە ئیستا هەردوو تەیاری یەکەم و دووەم لە وەرچەرخاندان بەرەو ئەزموونەکانی تەیاری سێیەم. تەنانەت (الجماعة الأسلامية)ی میسر گەڕایەوە سەر نەهجی تەییاری سێیەم چەند کتابێکی فراوان و پر لە ئەزموونیان بلاوکردەوە لەوانە (نهر الذكريات) .

## بۆچی ئیسلامیەکان دەنگیان لە زیادبوون دایە :

ئەو پرسیارەی وەڵامی دیوێکی تری پرسیارێکی تری هەڵگرتووە، ئاخۆ بۆچی عەلمانیەت لە جهانی ئیسلامی دەنگی وا لەکورتی دەدا؟

زۆر روونە ئیسلامیەکان توانای بەرگریان ماوە ئەگەر وولاتیان دووچاری دەست دریژکاری دەرەوە ببێ، چونکە لە لبنان، کاتێ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٠ هاتە ناو خاکیان، ئەوا دەوڵەتی لبنان سوپای هەبوو، زۆربەی حزبە عەلمانیەکان میلیشیای شەڕی براکوژیان هەبوو، کەچی بە هیچیان ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ نەگەیەنرا، هیشتا حزب اللە لە گۆڕەپان نەبوو، لەگەڵ لەدایکبوونی خوارووی لبنانی رزگار کرد، ئەوە لە لایەك لەلایەکی تر هەر ئیسلامیەکانن بەرنامەی دادگەری و خزمەتی کۆمەلآیەتیان هەڵگرتووە، لەئەزموونی عەلمانیەتی نوێ دەبینین تەنها گەندەڵێ و بەرتیل و خۆویستی و نادادگەری و خۆ دەوڵەمەندکردن و پرانسیپی ( take and put) پەیڕەو دەکەن، لەکاتە تەنگانەکانیش بەرگریان پێ ناکرێ، هەروەك ئەزموونی (حزبی بەعس) لەدوای (٣٦) ساڵ لە ستەمکاری بێ وێنەی دەسەلات وگەندەڵێ و زۆرداری کەچی بەچەند سەعاتێك (قائد الفذ، بطل،...) زیاتر بەرگریان نەکرد ئەو سوپایەی بۆ گیانی ماڵ و منداڵ و پیرو پەککەوتە چەندە ئازاو دلێر بوو !

ئیتر تەنها ئیسلامیەکانن بتوانن ئەو هەموو دۆخە ترسناکە ڕاست بکەنەوە، بۆیە لەدۆخی ئاسایی (ئەگەر پۆلیسانە هەڵسوکەوت نەکرێ) ئەوا خەلکی بە بەرنامەکەی ڕازیە، نەك هەر خەلکی ئیسلام هەتا نا ئیسلامیش دەنگ بەو بەرنامەیە دەدا، کاتێ دەبینێ جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو شارەی ئیسلامیەکان بالآدەستن لەگەڵ شارێکی تری هەمان وولآت کەعەلمانی لێیە، وەك تورکیا بەنمونە یان جزائری پێشوو، بۆیە بینیمان لەوئەزموونانە لەدوای ئەزموونی یەکەم دیسان دەنگیان زیادی کردووە بە پێچەوانەی لێکدانەوەی بەشێك لە بیریارەکان لەسەرەتا پێیان وابوو ئەو دەنگە زۆرەی ئیسلامیەکان دەنگی عاتفی ئیسلامە، بەلآم بینیمان لە شارەوانی جزائر یەکەم جار ئیسلامیەکان لە ٧٠٪ ی دەنگیان هێنا لە مانگی ١٩٨٩/٦، کەچی دوای دەرکەوتنی رێکخستنی ئیداری و ئیش و کاریان دەنگیان زیادیکرد بۆ ٨٦٪ بۆ پەرلەمانی لە ١٩٩١/١٢/٢٦، لە تورکیاش بەهەمان شێوە یەکەم جار ٢٣٪، دووەم ٣٣٪ بەلآم لە دوا هەڵبژاردن دەنگی موتلەقیان هێنا و زۆربەی حزبە عەلمانیەکان کورسیەکیشیان نەهێناوە. هەربۆیەش ئێستا وا دەبینین (حماس) ئەوەندە دەنگی زیادیکردووە بە مسۆگەر لەداهاتوو چەند قات زیاد دەکا.

لە عێراقیش لەو هەڵبژاردنەدا (ئەگەر تەواو ئازادانە) بێت ئەوا هیچ گومانی نیە ئیسلامیەکانن هەتا لەو بارودۆخە ناسکەش بۆیان هەر دەنگی یەکەم دەهێنن لە ناوەڕاست وخواروو، یان بەمانایەکی عەسکەری بڵێین بە پێی (تواجد)ی هێزی ئەمریکی ئیسلامیەکان دەنگ دەهێنن، چونکە لەو سنورە زیاتر ئازادی هەیە.

| تەیاری یەکەم | تەیاری دووەم | تەیاری سێیەم |
| --- | --- | --- |
| ١ -گۆڕانی هێواش و نەرم. | ١ - گـۆڕانی تووند و شۆڕشگێڕانە. | ١ - بە هەردوولا. |
| ٢ - چاکسازی: تاك ــــ کۆمەڵ. | ٢ - چاکسازی: کۆمـەڵ ــــ تاك. | ٢ - بە هەردوولا |
| ٣ -گفت و گۆ. | ٣ - تەنها تبلیغ. | ٣ -زیاتربە هەردوولا |
| ٤ -دیموکراسـی تاکـە ڕێگــە و ئامرازە. | ٤ - جیهاد تاکە ڕێگە و ئامرازە. | ٤ -دیمکراسی ڕێگەیە کـە، ئامرازێکـە نـەك تاکە ڕێگە. |
| ٥ -بەرپرســـیاریەتی و بـــێ جورئـەتی. تەسـلیمی ئـەمری واقع. | ٥ -بێ بەرپرسیاریەتیو بـــە جورئـــەتی. دژایەتیـــەکی تونـــدی ئەمری واقع | ٥ -هەردوولا + گونجان لەگەڵ ئەمری واقع. |
| ٦ -نمونەی نیە. | ٦ - نمونەی نیە. | ٦ - نمونەی زۆرە. |
| ٧ -لەوپەڕی نەرم. | ٧ - لەوپەڕ تووند. | ٧ - لە نێوان هەردوو کیان. |
| ٨ - (امر بـالمعروف) بێ (نـهی عن المنکر). | ٨ - (نهی عن المنکر) بێ (امر بالمعروف). | ٨ - امر بالمعروف و نهی عن المنکر. |

## * ئەزموونەکانی جیهانی ئیســلامی *

هەڵبەتە لە دوای دارمانی خەلافەت لە ١٩٢٤ بەدواوە بەرەبەرە بزوتنەوەی ئیسلامی دروست بووە بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، ڕەنگە ڕاپەڕینەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ سـعیدی نەورەسـی لەهـەرە پێشـەنگەکان بـووبن، تـەیاری یەکەم لە ئیسلامیەکان زیاتر و ڕێکخراوانەتر بۆ ئەو مەبەستە هاتۆتە گۆڕەپان، تەیاری دووەمیش شان بەشانی یەکەم هاتووە، هەتا تەیاری سێیەم لـە دوای سـاڵانی هەشـتا پەیـدابوو ڕابـوونی ئیسـلامی لێهاتـەدی و ئیسـلامیش بـووە ڕەهەندێکی نوێی جیهانی. لە دوای دارمانی سەربازگەی سۆڤیەتی و دیکتاتۆریەکان، جیهان بەرەو قۆناغێکی نوێی ئازادی و دیموکراسی وەرێکەوت، ئیسلامیەکان پێی حەسانەوەو زۆر گەشەیان کـرد، بـە شـێوەیەك لـە هـەر وڵاتێـك ئازادی و دیموکراسی ڕاستەقینەی لێبوایە ڕابوونی ئیسلامی لێی بەخێرایی گەشـەی کـردووە، نـەك هـەر بـۆ تـەیاری سێیەم هەتا بۆ باڵەکانی تەیاری یەکەم ودووەمیش، بە پێچەوانەی ڕای شازی بەشێك لە ڕەوشەنبیرانی عـەلمانی کورد و عـەرەب کە جارجار دەڵێن بە دیموکراسی و ئازادی دیاردەی ئیسلامی سیاسی کز دەبێتەوە !

وەك تێبینی دەکرێ زۆربەی ڕەوشەنبیرمان لەو بابەتە ستراتیجیانە دەست کورتن هەر لە بـارەی داڕوخـانی (حزبـی بەعس)یش پێشبینیان دەکرد کە دەبێتە هۆی کزبوونی ئیسلامیەکان، چ لەوە پێچەوانەتر هەیە ئەو بەعسە عـەلمانیـە توونـدە دژ بە ئیسلامیە لەناو بچێ هیچ گومانی نیە شکستە بۆ عـەلمانیەت و لە قازانجی ئیسلامیەکانە هـەروەك وا دەرکەوت. لە ڕاستیدا هاتنی ئەمریکا هـەتا بەشێوەی داگیرکـاریش بـێ لـە دوا شـیکردنەوەی سـتراتیجی و (فقهـی

موازنه) دەردەچێ چاكترە لە حوكمی ئەو دیكتاتۆرانە، چونكە كەسانی وەك (صەدام)و هاوشێوەكانی چاكتر دەزانن زەبر لە ڕابوونی ئیسلامی بوەشێنن نەك ئەمریكاو ئیسرائیل، ئینجا هەرچی گۆرانێك بەسەر ئەو وولاتە دروست كراوانەی سایكس بیكۆ ١٩١٦ بهێنرێت هەم لە قازانجی كوردە هەم لە قازانجی ئیسلامیەكانی جیهان وناوچەكەیە، تاكە یاسایەكی ڕاشكاوانە لەو جیهانە نوێیە دەرچووبێ لەلایەن حزبی بەعس دەرچووبوو لە دژی ئیسلامیەكان بە (لەسێدارەدان) هەروەك بە ڕاستەوخۆ بۆ (حزب الدعوة) دەرچوو لەلایەن (مجلس قيادة الثورة) لە ساڵی ١٩٨٠ز، هۆیەكەش ڕوونە چونكە بە هەموو بارێك دیكتاتۆریەكان وداگیركەر تەنها حساب بۆ ئیسلامیەكان دەكەن، بەرەی عەلمانی توانای بەرگری دیكتاتۆریە بچووكەكانیشیان نەماوە، ناچاربەشی زۆری نووسەرو سیاسەتمەدارە عەلمانیەكان بەباڵای (صدام حسين)یان هەڵدەگوت بە (قائدالغد، القائد التأريخي)،(بطل، شجاع،..) كەچی بینرا چەندە ترسنۆك بوو !

دەركەوت كە بەرنامەی عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامی تەنها بەهۆی دەسەڵات ماوە، تاداهاتی میللەت بدا بە ئەندام و لایەنگرە بەرژەوەندی پەرستەكان، هەربۆیەش دەبینین لە هەر شوێنێك دیموكراسی و ئازادی ڕاستەقینەی لێبێ ئەوا عەلمانیەت دۆڕاوە، ئیسلامیەكان دەنگی یەكەمیان هێناوە، هەروەك لە : جزائر، توركیا، ئوردن، مالیزیا، پاكستان، تاجكستان، بەحرەین، تونس، فلستین، لبنان، نایجیریا،... زۆرشوێنێكی تر، هیچ گومانی نیە هەڵبژاردنی عێراقی داهاتووش ئیسلامی‌یەكانن دەنگی یەكەم دەهێنن جا چ شیعە چ سوننە، لە توركیا و جەزائر چونكە هەڵبژاردنەكە تەواو ئازاد بوو لایەنێكی عەلمانی دەنگی بای ئەوەندەش نەهێنا بۆ (ئیئتلاف)، بەو شێوە زیادی ئازادی و دیموكراسی لە پەیوەندی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ گەشەكردنی ئیسلامیەكان، پێچەوانەش بە پێچەوانە، بۆیە بەشێكی زۆر لە (تەیاری دووەمیش) ئێستا هاتوونە سەر باری بەشداركردنی هەڵبژاردن و داوای ئازادی و دیموكراسی بكەن، هەروەك سەلەفیەكان لە كوێت لە پەرلەمانی پێشووتر دوو ئەندامیان هەبوو، ئێستا حزبێكیان پێكهێناوە بەناوی (حزب الأمة) بە سەرۆكایەتی (د٠حاكم مطيري) هەروەها جماعە ئیسلامیەی میسر، زۆر لایەنی تریش بەڕێوەن، لە وولاتانی تر بواریان پێ نادەن بە حوكمی دیكتاتۆریانەیان ئەگینا زۆربەی دەیەوێ بەشداری ژیانی سیاسی بكا.

لەلای هەندێ لە ئیسلامیەكان نمونەی سەرنەكەوتنی بەشداری دیموكراسیانە لە جەزائروتوركیا وتاجكستان وپاكستان دەهێنرێتەوە، زۆر ڕوونە ئەو هەڵگەڕانەوە و شكست هێنانە لە دیموكراسی نەبووە، بەڵكو لە پەشیمان بوونەوە بووە لە خودی دیموكراسی، واتە هەتا دیموكراسی بوو ئیسلامیەكان پێی گەشەیان كرد بەڵام كاتێ دیموكراسیەكەیان پشتەوشكێن كردەوە بەرەو ئینقلابی عەسكەری و دیكتاتۆریانە، ئەوكاتی ئیسلامیەكان دووچاری شكست بووینە، هەروەك ئینقلابەكەی جزائری ١٩٩٢، هەڵمەت و یاخی‌بوونەكەی (ڕەحمانۆف) لە تاجكستان لە ١٩٩١ بە پاڵپشتی ڕووسیا، ئینقلابی توركیا، ئینقلابی پاكستان.. هەموو ئەوانە ئینقلابیش بووینە لە دژی دیموكراسی.

كەواتە لە باری ئاشتی و دیموكراسی هەر ئیسلامیەكانن هێزیان لە بەرنامەی سیاسی و دادگەری پتەوەو پێی سەردەكەون. لە باری بەرگری و شۆڕشگێڕیش هەر ئیسلامیەكانی تەیاری سێیەمە توانیویەتی لەو شوێنانەی كە شایستەی بەرگری و ڕاپەرینە نمونەی بەرگری و سەرەنجامەكانی بە دەست بهێنێ لەو سەردەمەی بەهێزی تكنۆلۆجیا و پەیوەندی دەسەڵاتدارە دیكتاتۆرە بچووك و زلەكان. بەڵام بابزانین بۆچی ئەو بەرگریە تەنها بە ئیسلامیەكان دەكرێ؟ خۆ لە عەلمانیەتیش خەڵكی دڵسۆز و نیشتمان پەروەری تیایە ؟

لە ڕاستیدا پەیوەندی داگیرکراو بە داگیرکەر یان (استعمار و مستعمر) بە سێ قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە، قۆناغی یەکەم لە کۆتای سەدەی (١٩)دەست پێ‌دەکا بە تەکنۆلۆجیایەکی سادەتر وولاتانیان داگیرکردووە بۆیە بەرگریەکەش لە توانای نیشتمانی و نەتەوەییە دلسۆزەکان بووە، کەچی لە دوای ئەو قۆناغە لەنیوەی سەدەی (٢٠)ڕا دەست پێ‌دەکا تەکنۆلۆجیای داگیرکاری و ئیمپریالیزمی بەهێزتر بووە ئەو جارە بەرگری لەتوانای بیری نەتەوەیی نەما، نۆرەی بیری مارکسی هات توانیان وولاتەکانیان ڕزگار بکەن وەك ڤێتنام، کەمبۆدیا، لاوس، مۆزەمبیق، ئەنگۆلا، خوارووی ئەفریقا،.. زۆر شوێنی‌تر،.. کەچی لەگەڵ گەشەی زۆر زیاتری ئێستای داگیرکاری و ئیمپریالیزمی ئەو جارە لەتوانای نەتەوەیی و مارکسی نەما، زیاتر لەوەش لەتوانای تێکڕای عەلمانیەت نەماوە، تەنها لەتوانای ئیسلامیەکانە ئێستا ئەو بەرگریە بکەن، هەر بۆیە دەبینین لە شوێنێکی وەك لبنان لە نێو سوپای ڕەسمی و نەتەوەیی و بیری مارکسی و سەرجەم عەلمانیەت تەنها (حزب اللە) توانی ئەو ئەرکە ببینێ، بەهەمان شێوە ئێستا سەرتاسەری بەرگریەکان ئیسلامین لە چیچان، بەلقان، کشمیر، ئەفغانستان، خوارووی فیلیپین، فەلەستین، عێراق،.. هتد.

هەموو ئەو بەرگری کەرانەش چۆن لە گۆڕەپانی بەرگری پلەی یەکەمیان هێناوە لە هەمان کاتدا لە گۆڕەپانی ئاشتی و دیموکراسی دەنگی یەکەم لە بەرنامەی ڕێکخستن، خزمەتگوزاری دەهێنن.

## ئەزموونە تاڵەکان :-

لەڕاستیدا (ادعوا الی سبیل ربك بالحکمة) ماناکەی ئەوەیە بەپێی بارودۆخی شوێنەکە بانگی هەق بکەن، بەپێی پێویستی، مەرج نیە هەربە ئاشتی، بەرگری و ڕاپەڕینیش لە کاتی خۆی، بۆیە گەلێ جار تێڕوانینەکانی تەیاری یەکەم و دووەم لەگەڵ مەبەستی خزمەتیشیان دەبێتە زیان، بەو ڕادەیە لە شوێنێکی وەك کشمیر یان فەلەستین یان کوردستان کە لەلایەن (UN) یش لە بەندی (١)ی پەڕەگرافی (٣) هەروەها لە بەندەکانی (١) و (٥٥)ی (میثاق الأمم المتحدة)، ڕەوایی بە خەباتی بەرگریان دەدا، بەڵام تەیاری یەکەم هەر پەیڕەوی ناکا، کەچی لە فەلەستین یان کشمیر بەشداری هەڵبژادنی دەسەڵاتی داگیرکەر دەکەن، بەڵام بەشداری بەرگریەکە ناکەن، ئەوە یان (حکمەت) نیە، ئەوەیان ئەزموونی سلەمینەوەیە، ناکرێ هەموو ڕۆژ (ڕێکەوتنی حودەیبیە) بکەیتە پاساو بۆ هەنگاوە مل کەچیەکان و سارد و سوڕی، لە شوێنێکی تری وەکو جەزائر دیسان ئەزموونێکی تاڵی تەیاری یەکەم ودووەم هەیە، تا ئەو ڕادە تەیاری یەکەم لایەنگری ئینقلابی عەسکەریان کرد لە١٩٩٢ هەم لە دژی ئیسلامیەکان کە دەنگیان لە ٨٦٪ هێنابوو هەم لە دژی خودی دیموکراسیش، چەندین هەڵوێستی تری ناهەقیان گرتەبەر، ناوی حزبیان چەند جار پێ گۆڕین، مینبەرەکانیان هەردەم بلند گۆ بوو بۆ دژ بە جیهاد و شۆڕش و بەرگری بە ناوی ئەوەی سەردەمی چەك و بەرگری نەماوە... کەچی لەکۆتاییدا کاتێ (محفوظ نحناح) خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی ئەوا (ئەنجومەنی دەستوور) لە بڕیارێکدا لە ١٩٩٩/٤/١٥ (محفوظ نحناح)یان لە لیستی پاڵێوراوان دەرکرد بەهۆیەکی پڕپەند و ووتیان : چونکە محفوظ نحناح شەرەفی بەشداری بەرگری جەزائیری نیە لە دژی داگیرکەر، ئەوەیە تاڵی ئەزموون، بەهەمان شێوەش ئەگەر (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان) کاتی خۆی بەشداری شۆڕشی کوردستانی نەکردبایە ئاواش بە ئیسلامیەکانی کوردستانی ئێستا -بە یەکگرتووشەوە-دەووترا و دەردەکران، جا جێگەی سەرسوڕمانە تا ئێستاش زۆرجارتەیاری یەکەم بەگەل عەلمانیەکان دەکەون بۆ هەڵمەت لەسەر (بەرگری و شۆڕش) ودەڵێن سەردەمی هێز و عەسکەرتاری نەماوە..

هەر تەمەنی ١٠ ساڵ بێ لەو جیهانە هەست بە پێچەوانەی ئەو گۆتانە دەکا، وا هەموودنیا لەسەر هێز دەڕوا و دابەش بووە و دەسوڕێ.. بریا وابوایە زۆر لە قازانجی ئیسلامیەکان بوو چونکە ئەوانن لە مەیدانی ئاشتی وئازادی

دەوڵەمەنـدن، لـە بنەچـەدا ئـەو گۆتەیـە لـەوەوە دێ وەك لـە سـەروو باسـی قۆناغـەكانی (ئیمپریـالیزمی) و قۆناغەكانی(بەرگری)یش كـرا، كـە لـەتوانای عـەلمانیـەت نـەماوە، لـە هـەوڵ و تەقـەلا دایـە سیفەتی (شـەرعی)لـە (بەرگری)خەلكی تریش وەربگرێتەوە، بەپێی بنەمای (مادام بە من نەكرێ با بەكەس نـەكرێ) ئینجا هەڵمـەتی نـاو زڕاندن و ناوناتۆرەی (تیرۆر، جیاوازیخواز، تێكدەران، یاخیبوان، دژ بەیاسا،...) دەنوسێنن بە (بەرگری) بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازان لەو سۆنگەیەوە دێت، ئـا لێرەدا تـەیاری یەكـەم گـەلێ جار بەشـداری ئـەو هەڵمەتـە دەكـا لەوخالـە یەكتردەگرێتەوە لەگەڵ عـەلمانیەكان وئەوانیش حزبایەتیان لێ دەبێتە ئامانج و پەیڕەوی هەمان بنەمای سەروو دەكەن لەدۆخی وادا (ئەگەر شەریعەت بە ئێمە نەگەڕێتەوە با بە كەسی تر نەكرێ).

ئەزمـوونی تەیاری دووەمیش گەلێ تاڵە كاتێ ئۆقرەیان نامێنێ و لەو شوێنانەی شایستەی بـەرگری‌و ڕاپـەڕین نیـە پـێی هەڵدەسـتن بـێ ڕەچـاوی بـارودۆخی نـاوەكی و دەرەكـی و فقهـەكانی (موازنـە، ممكـن، تـدرج، اولويـات، تغـير، واقع،...)، بەوشێوە توندیەی بێویستی خۆشیان خزمەتی ستراتیجیەتی دوژمنی خۆیان كردووە، بـەو فتـواو سـیرەیان هەمـوو دەرگاكانیان لە پێش خۆ داخستووە، هەمـوو لایەكیان دا پاڵ دوژمن،.. تاكـارتێكی سـووریان بـەڕووی خۆیـان هەڵدەگرن و بە هەڵس و كەوتی خۆیان، خۆیان لە گۆڕەپان دەردەكەن، چونكە لەو سـەردەمـەی عـەولەمـە ئەگـەر زۆر بەنەخشە و پلانی زانستی نەبێ ئەوا جاروایە دەكەویە داوی ستراتیجی دوژمنت و تیایدا دەخولێیتەوە و بینا دەكەی (بێكرێ) هەستیشی پێناكەی، گەلێجاریش بە هۆی ئەو تێڕوانین و كورت بینی و سەرچیخی و یەك لایەنی لێكدانەوە فاول لە نزیك گۆڵیخۆت دەكەی و ئەویش گۆڵی كوشندەت لێدەكا، وەك بینیمان بـەو زانیـاری و سـتراتیجیە سـادەی تەیاری دووەم ئەفغانستان و چیچان كە بەرهەمی تـەیاری سـێیەم بـە دەست هـاتبوو بـە هەڵـەی تـەیاری دووەم لـە نێوچوو، ئەزمـوونی جەزائر بەدەست (الجماعة المسلحة)، خوارووی فیلیپین بەدەستی (جماعة أبو سياف) لەباربچـێ بەیەكجاری، لەبەرامبەر دا دوژمنانی خۆیـان دەوڵەمـەنـد كـردەوە، ڕووسیا بـە سـانایی ڕەوایـی دەولی وەرگرتـەوە و چیچانیشی خستەوە ژێر دەستی، ئەمریكا هاتە ئەفغانستان،.. خەریك بوو سەركەوتن بە دەست بێ بیناكان هەمـووی تێك ڕووخا.. ئەوانە هەمـووی ئەزمـوونی تاڵن... نەزانینی قەبلاندنی واقیعە لێك جیانەكردنەوەیە لە نێوان پلەكان ـ مـوازەنەكان، هەرگیز ٩٠٪، ٥٠٪، ٣٠٪ وەك یەك نین، هەردوو تەیار كێشـەیەكی تریـان هەیـە (لەوبارەیـەوە) كـاتێ مـوفتیەكیان لەوشوێن ودەورووبەرەی لێدەژی بـەپێی ئـەو ناوچـەیە فتـوای جیهـانی دەدا، گریمـان ئـەو لـە شـوێنێكی دیكتاتۆری و پۆلیسانە بووە نابێ فتواكانی بۆ شوێنێكی وەك لبنان یان مالیزیا، ئێران،.. بدات. زۆربەی جـار تونـدی و زۆرداری دەسەڵاتدار پاڵی داون بۆ ئەو هەڵوێستە توونـدەی كاردانـەوە، ئـەگینا بـەپێی چـەندین سەرچاوە ئەگـەر (ڕێبەرانی قاعیدە) بەوشێوە لەكاتی خۆی دەربەدەر نەكرابوونایە ئەوا نەدەگەیشتنە ئـەو هەڵوێسـتەیان، هەربۆیـەش دەبینین لە زۆربەی ئەو وولاتانەی ئازادی و دیموكراسیـیەكی ڕاستەقینەی لێیە كەمتر وولاتەكە دووچاری وەها قەیرانی توندڕەوی بوویتەوە، واتە توندڕەوی یەكەم جار هی دەسەڵاتدارە، هەر بۆیەش دەبینین گەلێ جـار (حزبـی تحريـر)یـش سەرەڕای ئەو هەڵوێستانە لەشوێنی تری ئازادی (نسبی) بەشداری لە هەڵبژاردن كردووە هەر بۆ نمونە هەندێ هەڵبژاردە لە ئەندامیان تۆمار دەكەین (علی فخرالدين لە لبنان)، (عبـدالرحمن مـالكی لـە سـوريا)، (احمـد داعـور لـە ئـوردن). بەهەمان شێوەش لە سەرەتا (برایان) میانڕەو بوون دروشمی (حق ـــ قـوە)و وێنـەی دوو شێر و ئایـەتی (واعدوا لهـم مااستطعتم) هەڵگرتبوو، بەڵام دیسان بەو فشارەی دەسەڵاتداری توندڕەوی دیكتاتۆر بەو لایەی داخستوون. سەرنج بدە ڕەفتاری دەسەڵاتداران چەندە كاریگەر بووە هەریەكەی لە سەر سكە لاداون ٠

# بەشی چوارەم

## * هەڵبژاردن لە عێراق *

لە دوای دروست بوونی عێراق لە ١٩٢١ ز لە لایەن بەریتانیا پەیرەو کردنی قۆناغـەکان (داگیر کـردن ١٩١٤ ــ ئینتداب ١٩٢١ ــ سەربەخۆی ڕواڵەتی ١٩٣٢) چەند جار هەڵبژاردن کراوە، ئەوکاتی لایەنی ئیسلامی بوونێکی وای نەبووە بۆیە بەشدارنەبووە،بەڵام تا ڕادەیەك بوارێکی ئازادی ودروست کردنی حزب و کۆمەڵ و ڕۆژنامە هەبوو، دەست گۆڕی دەسەڵاتیش بەو ڕادەیە هەبووە شێوەیەك بووە لە (مەلەکی دەستووری)، هەر لە بنەچە شدا دروست کردنی عێراق و مێژووی و جۆری کۆمەڵگەکەی کەمتر دیموکراسی ڕاستەقینە هەڵدەگرێ سەرباری ئـەوەش کودەتـای ١٩٥٨ تموزی بەدوا داهات، زیاتر بەرەو دیکتاتۆریانە ڕۆیشت تـا کۆدەتـا ترسـناکەکەی ١٧/تموز/١٩٦٨ بەیـەکجاری بـووە زیندانێك مانای هەڵبژاردن و ئازادی و دیموکراسی لە هیچ فەرهەنگێکیان جێ نەبۆوە، هەموو دەسەڵاتەکانی یاسایی و جێبەجێکردن و دادگایی لە (مجلس قيادة الثورة) کۆبۆوە، مەزنترین زەبری کوشندەی لە زانایانی ئاینی و ڕابوونی ئیسلامی وەشاند، دوایی لە کوردستانیش هەموو خەلکەکەی لە (٨٠ ــ ٩٠) کم٢ کۆکردەوە بۆ هەنگاوێکی ترسناك تر، دوژمنی هەموو لایەك بوو بەڵام بەپێی ڕەگەز پەرستی و تایفیەکـەی زیـاتر فشـاری لەسـەر سـەروو و خـوارووی عێراق بوو، دوو جەنگی لەگەل دراوسێیان هەڵگیرساند.

تا سیستەمی نوێی جیهانی ئەمریکی وای خواست عێراقیش بە ڕاستەوخۆی داگیربکاتەوە لە ٢٠٠٣ ز، سـەر لـە نوێ وا نۆرەی جۆرێك لە نەرێتی دیموکراسی و هەڵبژاردن هاتۆتەوە ناشزانرێ چەندە بە ڕاستەقینەیی دەخایەنێ. دیسان لە بارەی هەڵبژاردن کێشەیەکی زۆری دروست کردووە بە هۆکاری نوێ و جیاشەوە، بێجگـە لـەو (٣)تـەیارەی پێشـوو خودی عێراقیش بوویتە ٣ بەشی سەرەکی بۆ بەشدایکردنی هەڵبژاردن، یەکەمیان کورد بە هەموو شێوەیەك لەگـەڵ هەڵبژاردن دایە، شیعەش (بە مەرجی ئازادانە) لەگەڵن، زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگەی سوننەی عـەرەبیش[7] بـەلای بەشداری نەکردنن، بەشی زۆری پاساوەکانی بەشداری نەکردن کەلەلایەن (هيئة العلماء السنة) هاتووە ئەوەیە لە ژێر سایەی داگیرکاری وولات ناشێو ناکرێ... ئەو بابەتە لەڕووکەش پەیوەندیدارە بە کێشەی تەیارەکانی ئیسلامی بەڵام لە ناوەڕۆکدا هۆکاری ترە، ئەو هەڵوێستەی (هيئة العلماء) زۆر لە ژێر سایەی(دیفاکتۆ ــ ئەمریواقع) وتەنها خوێنـد نەوەی دوا نوسخەی ڕووداوەکە بەپێی (دەماودەستی)و (یەك لایەنی)و (سەرچیخی)...بابزانین ئەو هەڵوێستە لەکوێوە دێت؟ لە پێشدا دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو (هيئة)یە و ئەندامانیشی هیچ هەڵوێستێکی ئیجابی چ بەکردەوە چ بەگۆتە بەرامبەر ئەو هەموو مەینەتیەی کورد نەبووە لەسەر دەستی بەعس، ئینجا گلەیی و هەڵوەستەکانیان لەسەر (یاسای کاتی عێراقی ــ کەلە ١٠/٣/ ٢٠٠٤ دەرچووە) لەبەر کەمی پابەندی بە شەریعەتی ئیسلامی نـەبوو بـەڵکو لەبەر داڕنراوی عێراقە لە (عروبة) !.

ئینجا کە ئەوانە پێیان وایە ئێستا عێراق داگیرکراوە، ئەدی نازانن عێراق و وولاتانی عـەرەب لە دوای سایکس ــ بیکۆ ١٩١٦ و دروست کردنی ئەو (وولاتان)ۆکەیان بۆیان لە دژی خەلافەتی ئیسلامی.. ئەوا هەر داگیرکـراو بوونـە بەڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ، هێزو بنکەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لە زۆربەی وولاتانی عـەرەبی هەبووە دەمێك بە

---

[7] ئەو ناوەی (سوننەی عـەرەب) ڕاست و دروست نیە و کەچی واباوی وەرگرتووە، زۆر کێشەی فکری و عـەقیدیش دروست دەکا، چونکە (صدام)و (میشیل عـەفلەق) و (عـەرەبێکی چاکیش) هەر بە سوننەی عـەرەب ناودەبەن.

بیانگەی (مەترسی شیوعیەت) دوای (مەترسی ئیسلامیەت). بۆ ئەومەبەستەش سووکە سەرنجێك دەخەینە سەر پرۆسەی دروست کردنی عێراق وەك نمونەیەك بۆ زۆربەی وولاتانی عەرەب :

نیشتمانی ئیسلامی جاران بەسەر چەندان ویلایەت و ئیالەت دابەش کرابوون بەپێی (لامەرکەزیەت)، عێراق ویلایەتێك نەبووە لەوانە، کە بەریتانیا و فرنسا هاتن لەسەر نەخشە ناوچەکەیان دابەش کرد بەپێی (ڕەنگ)و پیتی (B,A،...) چونکە ئەو وولاتانە بوونی بەو قەبارە و سنوورە نەبووە، هەر بوونی سیاسی نەبووە لە مێژوودا، بە بڕیاری ئیمپریالیزمی ئەو وولاتانەیان دروست کردووە بە ناوی (الدولة القومیة) یان (دولة القطریة)، عێراقیان لە (٣) ویلایەتەکەی (بەسرە، بەغدا، موسل) دروست کرد، نەك عێراق پێشتر لە (٣) ویلایەت پێك هاتبێ هەروەك وا باوە و هەتا لەخوێند نە بالاکانی عێراق و کوردستانیش بەو چەوتیە دێ، بەو شێوەیە بڕیاردرا خەلافەت پارچەپارچە بکەن بۆ چەندین مەبەستی ئاشکرا و نهێنی، لە نهێنیەکان : ١- تا یەك نەگرنەوە جارێکی تر. ٢- هەردەم ناکۆکی و کێشە لە ناوخۆ و دەوروبەریان هەبێ. ٣- تا بەڵێنی بەلفۆری ١٩١٧ بچەسپێ و ئیسرائیل بە ئاسایی دروست بێ وبەردەوامیش بێ.. لەگەڵ چەندین مەبەستی تری ئابووری و سیاسی وشارستانی وئیمپریالیزمی... زۆربەی مەبەستەکانیشیان هاتۆتەدی، دوا بڕیاری دروست کردنی عێراق لە کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١/٣/١٢ لەلایەن (برس کۆس) نوێنەری بەریتانیا، (ساسۆن عسقیل) نوێنەری یەهودیەکان، (جەعفەر عەسکەری) تەیاری نەتەوەگەری عەرەب، (ئیلمار هۆلدن) سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا، (سیسلترۆ، ئیدی، بل،...) ڕاوێژکارانی بریتانی بە سەرپەرشتی چەرچڵ خۆی.[8] بەو شێوەیە ئەو عێراقە بە قازانجی ئیمپریالیزمی و زایۆنی و لە دژی گەلانی کورد وعەرەب و تورکمان و تەوەری ئیسلامیش دروست بووە، نەك بە ئارەزووی گەلانی ناوچەکە، هەربۆیەش تا ئێستا ڕۆژ ویادی جەژنی سەربەخۆی عێراق نیە، دوایی لە لایەن بەریتانیاوە مەلیکیان لە دەرەوە بۆ هێنا حکومەت و دەستوور، سوپا، سنوریان بۆ دروست کردن، تاکرد یان بە ئەندام لە (عصبة الأمم) لە١٩٣٢.... ئاوا عێراق دروست بووە و بۆ ئەو مەبەستانەش، جا چ لەوە نەفامی ترە ئێستا بڵێی عێراق داگیرکراوە!، یان داکۆکی لە (وحدة التراب العراقی) و (العراق الحبیب) و.... گۆتەی ئێوە (أنفصالیین)! بکەن، ئەوە چ نەزانینێکە، بەتایبەتی ئەگەر لایەنێك ناوی ئیسلامیشی پێوەبێ، ئیتر ئێستا باسی چی بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن دەکەن گوایە عێراق داگیرکراوە ! ئەی پێش ئێستا عێراق بەهەشت بووە ؟

نەخێر لەوەتەی ئەو عێراقە بەو مەبەستانە لە ١٩٢١ دروست بووە برایەتی کورد و عەرەبی ڕاستەقینە، شیعە وسوننە.. نەماوە، هەتا برایەتی عەرەب خۆبەخۆش نەماوە، بەپێی گەیشتنی پەیام و مەبەستە عەلمانیەکانی سایکس ــ بیکۆ بۆناوەوە برایەتی وا نامێنێ، هەتا لە ناو کوردیش خۆبەخۆ زۆر لاوازبووە، هەر بۆیەش لە ناو خودی عێراق هەڵوێستەکان لێك جیابووینە ولێك جیا دەبن، لە دوای سەدەیەك ئەو عێراقە هێشتا یەك گەل نیە، لەڕاستیدا لە دوای داڕمانی خەلافەت و جێگرتنەوەی عەلمانی لە جیاتی بیروبڕوای ئیسلامی، دەستوور لە جیاتی شەریعەت، فکری نەتەوەیی لەجیاتی ئومەتایەتی، ئەوا بنەمای (مصائب قوم عند قوم فوائد)یش جێی (مثل المؤمنین فی توادهم و تراحمهم کمثل الجسد اذا اشتکی منه عضو تداعی له سائر الجسد بالسهر و الحمی) گرتەوە، بۆیەش کاتێ لەکورد قەوما (مصائبەکەی) بووە(فوائد) بۆ برایانی عەرەب، (مصائب)ی شیعە بووە (فوائد) بۆ سوننە،.. پێچەوانەکانیشی بە پێچەوانە..، ئەو سوڕەش کۆتایی نایە بەو عێراقە خواروخێچە جا دەبینین لە هەڵوێستە ووردو درشتەکان خەڵکانی عێراق لێك جیابووینە، لە شۆڕشی ١٩٢٠ کوردو شیعە بەشدار بوون لە دژی ئنگلیز سوننە

---

[8] بۆ زیاتر بڕوانە (تأریخ الوزارات العراقیة ــ عبدالرزاق حسنی) و (التأریخ الأسلامی ــ ج١١ ــ محمود شاکر ص٤٨)

بەشدار نەبوو بە پێی پێویست، لە بڕیاری بەعسی ١٩٦٣ دژ بە کورد (سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە) دیسان (محسن الحکیم) فتوای حرامی دا کەچی (حرس القومی) زۆربەی لە تەوەرەی عەرەبی ناوەڕاست بوو، بەپشتیوانی زانکۆی عەرەب، هەمان تەوەر پشتیوانی عێراقی بەعسی بوو لە جەنگی دژی ئێران، خواروو و سەروو هەڵوێستیان جیابوو، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ سەروو خواروو بە تووندی بەشداربوون ناوەڕاست لەنێوان بێلایەنی و لایەنگری بەعسی مابوون، هەتا لە دانانەوی دوو هێڵی(٣٦)، (٣٤) لە لایەن (UN) بۆ پارێزگاری سەروو و خواروو لە دەست بەعس کەچی ناوەڕاست نەداوای کرد نە پێویستیشی هەبوو، تاهاتنی ئەمریکا و داگیرکردنەوەی عێراق و مەسەلەی فیدراڵی و هەڵبژاردن و بەرگری و... لەکاتی داگیرکردنی تەواوی عێراق لەلایەن ئەمریکا لە کۆتاییەکانی نیسان، چەندین خۆپیشاندان لە ناوچەکانی تکریت بێجی، تا موسڵ کرا، تیایدا داواکرا کە هێزی ئەمریکی بێتە ناو ئەو شارانە نەك کورد و شیعە، زۆر هەڵوێستی تر دێتە پێش هەروا لێك جیادەبن، بە ڕاستی یەك گەل نیە ونین، شینی یەکیان شایی ئەوی ترە، جا چۆن بەو بیرە نەتەوەگەری و ڕەگەزپەرستیەی (کە ئێستا لە هەموو دەم زیاتر گەشایتەوە) ئەو سێ چینەی عێراقی سەرەکی دەحەوێنێتەوە، دەبێ ئیسلامیەکان لەو بناغە قووڵانە بگەن ئینجا دەتوانن هەڵوێست لەسەر هەڵبژاردن و داگیرکاری و کێشەی کورد و کێشەی مەزهەبی و زۆرایەتی و کەمایەتی بەو تەرازوانە وەربگرن.

هەر ئەو فاکتەرە قووڵانەیە وای کردووە (هيئة العلماء السنة) یان لایەنی تری ناوەڕاست بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، ئەو ئیمتیازەی لە ١٩٢١ لە لایەن بەریتانیا درا بەناوەڕاست ئەگەر ئێستا بیدرێتەوە بەمسۆگەری بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و گوتارە ئاینی و سیاسیەکانیان دەگۆڕێ، دەبێ ووریابین لەو هەڵوێستە شازانە بزانین ئاخۆ لە هەناوی فکری ئیسلامی دەردەچێ یان لە هەناوی عروبەیەکی داپۆشراو بە تەنکە بەرگێکی ئیسلامی. هەر بۆیەش (ثابت) نین ئێستا پەشیمان بوونەتەوە لە بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن.

کەواتە تائێستا جیایی هەڵوێستی ناوەڕاست لە سودمەندیەکەی هاتووە، وا نامێنێ، بۆیەش ئەو هەڵوێستە و گوتارە سیاسیەیان گرتۆتە بەر، نەهاتوون دەست بارێك بگرن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی عێراقی چ سەروو چ لە خواروو، دژی ئەو پلانەی سایکس ــ بیکۆ یی‌و بەعسیەکان، ڕەنگە هاتنی ئەمریکا و داگیرکردنەوەی ئەو وولاتانە بە ڕاستەوخۆی زۆر خزمەت بەخش ترە لە نەخشەکەی سایکس ــ بیکۆ ١٩١٦، چونکە لەوێ ئەمریکا لەگەڵ نەبووە، لایەك لە سیستەمی نوێی جیهانی ئەمریکی ئەوەیە نەخشە کۆنەکانی دەولی هەڵوەشێنێتەوە و بەپێی خواستی فەرهەنگی بەرژەوەندیەکانی بالای ئەمریکی دابڕێژێتەوە، لە ڕاستیدا ئەزموونی سایکس ــ بیکۆ بۆ کورد و عەرەب و گەلانی ترو ستراتیجیەتی ئیسلام گەلێ تاڵ بووە، دڵسۆزانی ئەو دووبەرەیە لەو سەدەیەی ڕابردوو جەوریان بەدەست بەرهەمەکانی سایکس ــ بیکۆ لە حکومەتە عەلمانیە دیکتاتۆریەکان و داگیرکەران کێشاوە، چاکتر لە ئیمپریالیزمی و زایۆنی توانیویانە و زانیویانە دەست لە ڕابوونی ئیسلامی بوەشێنن سەرچاوەکانیان ووشك بکەن وەك وا لە پێش چاومانە، بۆیە چۆن ئەو لێکدانەوە ستراتیژیانەی ڕەوشەنبیری کورد هەڵەیە بەرامبەر بە داڕووخانی بەعس، ئاواش لێکدانەوەی (هيئة العلماء السنة) و هەڵوێستی تەیاری دووەمی ڕابوونی ئیسلامی بەرامبەر قەبلاندنی بنچەی ئەو وولاتانە وهەڵبژاردن تیایدا هەڵەیە، سەرجەم گرفتەکان زیاتر لە ژێرخانی زانیاریەکانە، ناشبێ لە یاد بکەین بەشێك لەو هەڵوێستە چەوتانەی هەندێ لەئیسلامیەکانی عەرەب بەکاریگەری (شۆڤینیەتی عەرەب)ە، هەرئەوەش وای لەبەشێك لە عەرەبی ئیسلامی کردووە بانگێشەی (خەلافەت هەر دەبێ بۆ عەرەب) بێ بکا کەچی پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ (أسمعوا و أطيعوا أن استعمل عليكم عبد حبشي كأنه رأسه زبيبة) بۆیەش دەبینین لە پێکهاتەی (هيئة العلماء السنة)ش دیسان دەبێ هەر ئەوان سەرکردەبن و کوردیش پاشکۆ، خۆ لەچاو کورد کەمایەتین مادام هەر ئەو

تەرازووە نەفامیە حسابی بۆ دەکرێ، بەپێی ئەو حسابە بوایە ئەوا کاتێ شیعە ٥٨٪بن، سوننە (بەکورد و عەرەبە)وە ٤٥٪، کوردیش ٢٢٪، کەمایەتیەکانیش ٣٪ کەواتە سوننەی عەرەبی ناوەڕاست تەنها لە ٢٠٪ن ئەگەر بەپێی ئەو ڕێژە بوایە ئەوا دەبوایە زانایەکی کورد سەرۆکی ئەو هیئە بوایە، بەڵام تەنها لەو دۆخانە ئەو برایانە دەڵێن جا جیاوازی کورد و عەرەب نیە !

ئەو برایەتیە وەك دابەشی ماڵی دوو براکە، برایانی عەرەب دەڵێن بابەشی ئێمە کەم بێ لە سەر زەوی تا سەربان بۆ ئێمەبێ، لەسەربان تا ئاسمان بۆ برای کوردمان بێ، یان وەك مام هەژار دەڵێ:

به فەرموودەی ئەو لە ژینا هاوبەشین لەشایی‌و شینا

شین بۆ من و شایی بۆ ئەو من ئەبێ‌لەڕ بم ئەو قەڵەو

ئەو هەموو هۆکارو فشارانەی دەڤەری‌و هەرێمایەتی وجیهان بەردەوامە لەسەر کوردستان، ئەو بارودۆخە کاتیانە زۆر جار پەیدابووە، هێشتا هەڕەشەی توانەوەی کورد لە هەموو لایەك ئامادەیە، بەتایبەتی شوێنەواری سایکس ـــ بیکۆ، بۆیە ئەرکێکی سەرباری (مان و نەمان)ی ئیسلامیەکانی کوردستان لەگەڵ عەلمانیەکان کە گشتیان لە ژێر ئەو هەڕەشانەن، دەبێ بزانرێ لەو عێراقە زیندانیە نەخشەی سیاسی‌یەکان لەلایەن نەخشە کۆمەلاّیەتیەکان دیاری دەکرێ، جا دەبێ دەروازەکانی گۆڕانی یەکجاری لەو هەڵبژاردنانە بدۆزینەوە، بەدڵنیایی دەربارەی کورد و ڕابوونی ئیسلام پێك بەستراوە لە خاڵە ستراتیجیەکان، دەبێ هاوسەنگی‌یە ستراتیجیەکانی نێوان ئەو لایەنانەی عێراق بەرەهەندی جیهانی عەرەبی بتوێژینەوە، هەر بۆ زانین ویارمەتی‌دان بۆ ئەو توێژینەوە ستراتیجیە.

سەدەی ڕابردوو دەسەڵاتداری ناوەڕاست بەهەموو شێوازەکان عەلمانی تاقی‌کراونەوە هەر دەرد ومەینەتی بووە، یەکێ لەهۆکارەکانی درێژە کێشانی ئەوەبووە تەوەری ناسیونالیزمی عەرەبی لە پشتیان بووە تا ئەو ساتەش، هەرچی لای خوارووی عێراقیشە ئەوانە زۆرایەتین لە عێراق بەڵام لە جیهان کەمایەتین قووڵاّییەکی ستراتیژی عەرەبی لەگەل نیە، عێراقیش ناسنامەی عەرەبیە.. بۆیە وا ڕووبەڕووی قەیرانێکی نوێ دەبینەوە کەمتر چارەسەری کلاسیکی هەڵدەگرێ، لە شێوەی بۆسنەو هەرسك وکرواتیا یە بۆ هەموو ئەوانە عەقلێکی ستراتیژی قووڵی دەوێ، بناغە و زەمینەی هاوبەش بدۆزیەوە تا بە هەموو لایەك هەم زاڵ بین بەسەر ئەو قەیرانانە و هەم کوردیش جارێکی تر نەکرێتەوە بە ڕاگێر،هەم تەکانیش بە ڕابوونی ئیسلامی بدرێ... ئەوەیان بەرنامەی هەڵبژاردنی پێدەووترێ، پێویستە لایەنە ئیسلامیەکان (بەتایبەتی ئیسلامی‌یەکانی کوردستان) لەو هەڵبژاردنە دەری‌خەن.

# بەشی پێنجەم

# هەڵبژاردن لە کوردستان

زۆر جار ئەو شەڕی براکوژیەی لەسەر دەسەڵات دەدرێتە پاڵ هۆکاری جیاجیای وەکو هۆی کەلتوری ئیسلامی، جۆری خێلەکیانەی کورد، دواکەوتەیی... لە هۆیە ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەکەی دا دەکەلێنن، ئەوانە بوختانن، هەروەك بوختانیشە بە هۆکارەکانی نەبوونی دیموکراسی لە کوردستان، چونکە وولاتێکی وەك هند گای دەپەرستن و وا دواکەوتوون، یان وەك سەنیگال و نایجیریاو زۆریتری ئەفریقی و ئاسیایی وا هەیە لە هەموو ڕووەکانی ئابووریو سیاسی و کۆمەڵیەتی و کەلتووری... لەکوردستان دواکەوتووترە کەچی هەڵبژاردنی تیا دەکریو بەئەنجامەکانیشی قایلن، ئەوە لەلایەك لە لایەکی تر ئەو بیانۆ و پاساوانەش ناخوا کە دەڵێن جاری ئێمە نەگەیشتینە ئەو قۆناغەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی سەربەست، گوایە ئەوە بەندە بە سیستەمی عەلمانیەت و بازاڕی ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنی و لیبرالی... نەخێر، دیموکراسی زیاتر بەندە بە عەقلیەتی دەستەڵاتدار خۆ لە میسر مەڵبەندی عەلمانیەت و بازاڕی ئازاد بووە بۆ هەر دیموکراسی نین، خۆ لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد و لیبرالی و هەمووش بوون ئنجا ئەوجۆرە دیکتاتۆریە بووینە لە سەردەمی فاشی ونازی و ڤالانترس کەچی ئەزموونی ئیسلامی نوێی ئێران بازاڕی ئازاد و لیبرالی و عەلمانیش نین ئاواش دیموکراسین و بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قایلن، هیچ دەزگایەکیان نیە هەڵنەبژێر درابێ (٥) سەرەك کۆماریان لەو (٢٥) ساڵە گۆڕیوە.

لەکوردستانیش هەرچەندە بانگێشەیەکی خەست بۆ ئازادی و دیموکراسی دەکرێ بەڵام زۆر ڕوونە عەلمانیەتی کورد هێشتا ئاسەواری عەلمانیەتی دەسەڵاتداری عەرەبی لەسەرە، کەتا مردن هەر سەرەك بن، لە کوردستانیش ئەوانە جارێ لەناو حزبەکانیان دیموکراسی نین و سەرۆکەکانیان ناچنە ناو هەڵبژاردن و دەست گۆڕی دەسەڵات لەوێ ناکەن ژمارەکەی ٩٩,٩٩٪ی عەرەب دەهێنن، ئیتر بۆ ئەو سەلبیاتە دەدەنە پاڵ کەلتووری کورد و ئیسلام... نەخێر هەموو کوردیش وانین، ئەوەتا حزبی شیوعی دووجارە ڕابەری خۆی گۆڕیوە بێ گیروگرفت، ئیسلامیەکانیش (٤)جار ڕابەریان گۆڕیوە تائێستا، بەکورتی ئیسلامیەکان زیاتر دیموکراسیترن لە عەلمانیەکانی جیهانی ئیسلامی نەك هەر لەکوردستان بۆ ئەو بەراوورده بڕوانە ئەزموونی چیچان (٣) سەرەك کۆماریان گۆڕی، لەئێران هیچ دەزگایەکیان نیە هەڵنەبژێردرابێ، گۆڕینی عبدالرحمن وحید لەئەندۆنیسیا، دەستگۆڕی دەسەڵات لەڕەفاه بۆ فەزیلە و لەوێ بۆ (عدالة والتنمية)... حزب اللەی لبنان (٣) ڕابەری گۆڕیوە، حماس (٣)ی گۆڕیوە.. کەچی لەنێو عەلمانیەتی عەرەب سەربار وا مەلیکی عەلمانیش داهێنرا، دەسەڵات دەبێتە میرات هەریەکە کوڕێکی ئامادەکردووە بۆ جێنشین لەجێی خۆی هەروەك لەسوریا ڕوویدا.

لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ ی کوردستان بەپێی چالاکی و قارەمانیەتی پێشمەرگایەتی شاخیش نەهاتەوە کەوا چاوەڕوان دەکرا (ی.ن.ك) دەربچێ، کەچی وادیارە ئەو ڕێسایە کوردستانیشی گرتەوە، کە خەڵکی لەو سەردەمەی مەدەنیەت کەمتر لایەنگری (عەسکەرتاریەت)و چەکداری و...، هەروەك ئەزموونە شکست خواردووەکانی بەرەی ساند ستا لە نیکاراگوا، بەرەی ڕزگاری جەزائر لەو سەردەمی ودوایش بەرەی ڕزگاری کۆسۆڤا KLA... لەکوردستانیش (ی.ن.ك) لەناو عەلمانیەت چالاکی پێشمەرگانەی زیاتربوو، لە ناو ئیسلامیەکانیش (بزوتنەوەی ئیسلامی) کەچی هەردوولایان دەنگیان لە بەرامبەرەکەیان واکەمتر بوویتەوە، بەو شێوەیە ڕێژەی دەنگەکان لە کوردستان لە زۆرەوە بۆ کەم بەو شێوەیەی خوارەوە بوو :

| حزب | لیست | سەرۆك |
|---|---|---|
| پ.د.ك | ٤٣٧٨٧٩، ٤٥,٢٪ | ٤٦٦٨١٩، ٤٨,٣٪ |
| ی.ن.ك | ٤٢٣٩٣٣، ٤٣,٨٪ | ٤٤١١٤٧ ، ٤٦,٢٪ |
| ئیسلامی | ٤٩١٠٨، ٥,٠٨٪ | ٤٤١٠٥٧، ٤٥,٦٪ |
| حسك | ٢٤٨٨٢، ٢,٥٪ | ٣٨٨١٥، ٤٪ |
| شیوعی | ٢١١٢٣، ٢,١٪ | |
| پارتی‌گەل | ٩٩٠٣ | ٢٣٣٤٢، ٢,٤٪ |
| بێلایەن | ٥٠١ | |

دوای ئەوەی ئەو ئەنجامە لە لایەن (ی.ن.ك) قەبوول نەكرا سیستەمی (٥٠ بە ٥٠) لێ‌هاتەدی و دوای بووە جەنگە ناوخۆییەكان و دوولەتی لەو ماوەیەی هەڵبژاردنی شارەوانی وسالآنەی قوتابیان و...

ئەو ڕێكەوتنە نوێیەی (لیستی هاوپەیمانی كوردستان) بەووردی دەری دەخا كە دەنگی حزبە دەسەڵاتدارەكان زۆر لەكورتی داوە، بەژمارەش قایلن بەو لێكدانەوەیە، ئەوەتا لە ٥١٪ و ٤٩٪ هاتوونەتە سەر ٤١٪، دەنگی ئیسلامیەكانیش زۆر زیادی كردووە سەرەڕای ئەو هەموو فشارو كێشە ناوخۆییەكان و كەم و كوڕی كوشندە لە بەرنامە و ستراتیجیەت و نەخشە و پلانەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتی وئیداری...

لە قۆناغی نوێش دیسان ئەو ڕێكەوتنەی حزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان هەرچەندە یاسایی و دیموكراسیانەشە بەڵام ترسانیشە لە دیموكراسی، هەتا لەكێشەیەكی وەكو كەركوك و دەستوور وسنور لەگەڵ (مركز) خۆبەخۆ ڕێك نەدەكەوتن كەچی لە پێناو مانەوەی خۆیان لەدەسەڵات لە هەموو فاكتەرەكان گرنگ تر بووە پەكی پێ‌خستن، لەسەر دەسەڵاتدارانی عەرەب و كوردستانیش ڕێسایەك هەیە دەڵێن ئەگەر (بە وەرگێڕانی بۆ كورد) : دەسەڵاتدارانی كورد بەخەیە دووڕیانی ئاخۆ بەكوردستانێك قایلن كە خۆیان دەسەڵاتدار نەبن بەڵام سەربەخۆبێ و ئاوەدان و گەشەسەندوو، یاخود خۆیان دەسەڵاتداربن و كوردستانێكی دابەش و داگیركراو وێران..! دەڵێن بێ‌گومان دووەم هەڵدەبژێرن، لەسەر ئەو بنچینەیە ئەو هەنگاوەیان (توافق) واتە پەرلەمانەكە هەروەك جاران هیچ كاریگەریەكی نابێ، (نەخێر) و (بەڵێ) بەكۆ دەنگ دەبێ، وەك پەرلەمانی عێراقی و عەرەبی دەبێ، جا بەشداری ئەو لایەنانەی تر جگە لە دەسەڵاتداران هیچ مانایەكی نابێ مادام لە پێشدا بە ڕێكەوتنی هەردوو (م.س) دابڕێژێ.

ئەو جۆرە ڕێكەوتنانەی (توافق) بووە لە وولآتانی وەكو قوبرس لە١٩٥٩ كرا، لە لبنان، لە بۆسنەو هەرسك لەكۆتایی سەدەی بیستەم كرا. عێراقیش پێویستی بەو(توافق)ە هەیە بەڵام لەناو یەك میللەت هەرگیزاو هەرگیز نەكراوە و شایەنی كرانیش نیە، كەواتە جارێ دیموكراسیەكەش تەواو نیە تاكێشە لەسەر بەشداری كردن و نەكردن لەنێو ئەو سێ تەیارەی ئیسلامی ببێ.

## بەرنامەی ئیسلامیەكان لە كوردستان :

هەڵبەتە لایەنە عەلمانیەكانی كوردستان بە دیكۆریش بێ هەریەكە (یەكێتیەكی زانایانی) هەیەو بەئاشكرا رای دەگەیەنن كە ئەوانیش ڕێز لەشەریعەت ئیسلامی وحوكمەكانی دەگرن، بەكورتی ئەگەر بەسیاسەت بێ یان نا هەڵس وكەوتیان بەرامبەر ئاینی ئیسلام رەنگ دانەوەی باری كۆمەڵایەتیەكەیە، ئیسلامیش لە كوردستان ڤاكتەرێكی زۆر

بەهێز بووە، بۆیە تا ئێستا لە پەرلەمان و پەیڕەوی حزبەکان و دەزگای رەسمی خۆ لە هەموو ئەو بەندانە دەبوێرن کە رووبەڕوو لەگەڵ دەقی ئاینی تێك بگیرێ، بەڵام ئەوانە خۆشیان دەڵێن ئێمە ئاینی نین عەلمانین، کەواتە یاسایەك نایەتە پەرلەمان بەڕاشکاوی دژی شەریعەت بێ، بۆیە کۆمەڵێك تایبەتمەندی سەربار هەیە لە کوردستان (کەلەبابەتەکانی رابووردووش باسمان کردن) ئیسلامیەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن. بەتایبەتی کە دەستوور لە هەرێم نیە جارێ، وناشتواندرێ لەو دەستوورە مادەیەکی وەك ئەوەی لە (دەستووری ئینتیقالیەکەی) عێراقی ئێستا داڕێژراوە کە ئاینی ئیسلام ئاینی سەرەکیە. ئیتر بواری هیچ تەیارێکی ئیسلامی نامێنێ رێ لەبەشداری کردن بگرێ، بەپێچەوانەوە بەپێی ئەو دەستوورە هێلی سوور و یاسایی بۆ عەلمانیەت دانراوە نەیبەزێنی، کەواتە دەنگ هێنان و نەهێنانی زیاتر ئەکەوێتە چالاکی لایەنە ئیسلامیەکان، چەندە دەتوانن (بدیل)بن بۆ ئەو واقیعەی کوردستانی تێ کەوتووەلە دوولەتی، گەندەڵێ ئیداری، بەرتیل، خۆ دەوڵەمەند کردن، خەڵکی شایستە لە شوێنی شایستە،... بەرنامەی ئیسلامیەکان نابێ تەنها لە سەروبەری هەڵبژاردن دەرخەن وەك پاگندەی هەڵبژاردن، دەبێ هەڵبژاردن بکرێتە دەنگ بۆ بەرنامەو مدرسە نەك عاتیفەی حزبی، لەراستیدا چاك یان خراپ بەرنامەی ئەو حزبە دەسەڵاتدارانە، با نەخشەی داڕژراویش نەبێ، لەو ١٣ ساڵەی رابووردوو دەرکەوتووە، واتە بەرنامەکانیان روونە چ لەبارەی تەوەری رزگاری نیشتیمانی چ لە تەوەری رزگاری کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتیی حزبیە، ئیمتیاز بە حزبیەکان دەداو نادا بەباقی هاووڵاتیتر، تا لەگەڵی بمێنن، لە باری وادا زیانی قورس دەکەوێتە ئەستۆی زۆرایەتی هاووڵاتی کە کەمتر هەست بەو دەردانەش دەکەن ئەگەر بۆیان نەووروژێنی، هۆی ئەو دۆخەش ئەوەیە کە حزبەکان لەرووی ئایدیۆلۆژی لاوازن ناتوانن خەلکی پێ کێش بکەن ناچار بە ئیمتیازی مادی قەرەبۆی دەکەنەوە، ئەوەش قەیرانەو کۆمەڵگەیەکی زیاتر نەفام و ستونیان بۆ دروست دەکا، جا ئیسلامیەکان ئەگەر زاڵ بن بەسەر ئەو قەیرانە کوشندەیە ئەوە مانای وایە دەرمانی ئەو دەردەیان لایە، زۆربەی میللەت و رەوشەنبیری لە دەورە دەئاڵێ، دەبێ بزانین کێشەی خەلکی کوردستان دوو تەوەری سەرەکیە بۆ گەلالەکردن هەر بەرنامەیەکی هەڵبژاردن، یەکەمیان دەیانەوێ کورد لەو هەرەشەیەی دەوروبەری رزگاربێ جارێکیتر دووچاری ئەو مەینەتیانە نابێتەوە، واتە چ پەیامێکت پێ یە بۆ ئەو دڵنیاییە، دەبێ بەرنامەی خۆی دەرخا ئا خۆ کوا پلانی رزگاری کوردستان لەگەڵ تەوەرە ناوەکی وئیقلیمیو جهانی، یان چی لەو بارەیەوە کردووە، ستراتیژیەتی چیە وچۆنە؟ ئنجا بەش دووەمی رێکخستنی ژیانی خەلکیە دەبێ بەروونی دەریخا چارەسەریەکانی بۆ کێشەکانی ژیان، کێشەیگرانی، بێ ئیشی، نادادگەری، جیاوازی ترسناکی چینایەتی، دانانی نرخ و، رادەیەك بۆ بازاری ئازاد، سوو وپاوەن کردن، پیشەی سەربەست، پلانی ئاوەدان کردنەوە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، گێرانەوەو بیناکردنەوەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، ناسنامە لە عەولەمە، سەروەری یاسا، لێك جیاکردنەوەی حزب لە دەدەسەڵات، نا مەرکزی ئیش وکار بەدەست تاقمێك، داڕشتنەوەی یاساکانی کوردستان، سزای بەرتیل خۆر و گیرفان پڕ کەران کە بە ناشەرعی کردوویانە، لێپچانەوەی هەموو ئەو کارە نایاساییانە... ئا بەو بەرنامەیە بێتە گۆرەپان، ئەوا بەئاسایی خەلکی سەرنج دەداو (جگەلە بیرو باوەریش) خەلکی نا ئیسلامیش بەرژەوەندی خۆی لەو بەرنامەیە دەدۆزێتەوە دەنگ بۆئەو بەرنامەیە دەدا، نابێ هەر بەرنامەی هەلخەلەتان و گۆتەی بێ پیادەبێ، دەبێ ئەو بەڵێنانە بن شایستەی جێ بەجێ کردن بن، ناشبێ بەهیوا بێ هەموو بوێ دوای هەموو لە دەست دەچێ. هەردەم بەرنامەی (زانستی) بۆ زۆرایەتی دادەرێژررێ، کەمایەتیەکی سوودمەند تەنها مولکی دوسەڵاتدارە، بەخێرایی خۆی لەگەڵ رێك دەخا ئەوانە نەبەکەلکی ئیسلامی نەبەکەلکی هیچ لایەنێکی رادیکالی دێن.

# بەشی شەشەم

## مانا و سەرەنجامەکانی هەڵبژاردن

بەشەکانی پێشوو لەپێش هەڵبژاردنی عێراق نووسرایتەوە، ئەو بەشەیان لەدوای هەڵبژاردن.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە ژمارە :

تەنها ئەوانە تومار دەکەین کە پێویستن لە ڕەوتی بابەتەکەمان

### ١- لەسەر ئاستیعیراق :

دەنگە بنچینەییەکان پێش خستنەسەری دەنگە سەربارەکانە.

| ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ریژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| لیستی هاوپەیمانی یەکگرتوو (شیعە) | ٤٠٧٥٢٩٥ | ٤٨,١٩٪ | ١٣٢ |
| هاوپەیمانی کوردستانی | ٢١٧٥٥٥١ | ٢٥٪ | ٧٧ |
| لیستی عیراقی (علاوی) | ١١٦٨٩٤٣ | ١٣,٨٪ | ٣٨ |
| بەرەی تورکمانی | ٩٣٤٨٠ | ١,١١٪ | ٣ |
| کۆمەڵ | ٦٠٥٩٢ | | ٢ |

### ٢- لەسەر ئاستی کوردستان : بۆ پەرلەمان

| ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ریژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی کوردستانی کە پیکهاتبوو لە (پارتی و یەکیەتی و یەکگرتو و حزبی شیوعی کوردستان و ٠٠٠هتد | | ٨٩,٥٥٪ | ١٠٤ |
| کۆمەڵ | ٨٥٢٣٧ | ٥,١٪ | ٦ |

### بۆ شارەوانی یە سەرەکییەکان :

شارەوانییە سەرەکییەکانی هەولێر سلێمانی دهۆك، ئەنجامە سرەتاییەکانمان وەرگرتوو کە نزیکەییە :

| ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ریژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکیتی نیشتمانی کوردستان | ٧٥٥٤٢٣ | | ٤٨ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٢٨١٦٨ | | ٦١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٣٠٠٠٢ | | ١١ |
| کۆمەڵ | ٧١٨٦٩ | | ٤ |

## چەند مانایەكی :

لەو هەڵبژاردنە و سەرەنجامەكانی چەند مانەیەكی زەقی دەرخست بەژمارە بەدەرلە ئارەزوو، كەمتر بواری دەمەتەقێی هێشتەوە، كۆمەڵێك تیۆری سیاسی وكێشەی كۆمەلایەتی و دیمۆگرافی كردە ڕاستیەكی زانستی، زۆر مانای قووڵ و فرە ئاڕستەی تیایە، لەوانە :

١ - مانای وایە زۆرایەتی خەلكی عێراق بەو دۆخەی ئێستا (ئیجابی و سەلبی) قایلن، ئەوەش بەدەوری خۆی سەرچاوەی كۆمەڵێك مانای ترە وەك : قایل بوون بە داگیركەرێكی بیانی نەك دیكتاتۆریەكی خۆماڵی، ئەوەش بۆ هەموو وولاتانی عەرەبی هەم كاریگەرە و هەم ڕاستیشە، لە لایەكیتریش مەتەڵە، دیسان ماناكەی قووڵ تر دەبێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو مەتەڵە، لە سێ ئەگەردا یان داگیركەرەكە زۆر باشە، یان میللەتەكە زۆر چەواشە و عەوامە، یان دیكتاتۆرەكان گەلێ ستەمكارن،... ستەمی دیكتاتۆر بێ ڕادەیە، بەلام خالێكی تریش هەیە لە هەموان بنچینە تر و لەبیریش كراوە ئەوەیە لە بنیات ڕا ئەو وولاتە عەرەبیانە بۆ ئەو مەبەستە دروست كراون لەلایەن ئیمپریالیزمەوە.

٢ - مانای وایە داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە بەهەموو سەلبیاتیەكانیشەوە لەچاو هەڵس و كەوتی حزبی بەعسی عەلمانی نەتەوەگەری ئیجابیە بە پێوانەكانی شەرعیەتی جەماوەری بە پێی بەشداربووان، زۆربەی شەرعیەتەكانی ئیسلامی سیاسی و چەپی و عەلمانی و نیشتمانی وەرگرتووە، ئەوەش زۆر پرسیار و مەتەڵی تر هەڵدەگرێ، ناكۆكی نێوان گوتە و كردەوە هەڵدەگرێ، سەر سوڕمان دروست دەكا بۆ نەوەكانی داهاتوو، بەلام بەسەرنجێكی پسپۆڕانە بۆپلانی ئیمپریالیزمی (فرق تسد) و دابەشی جیهانی ئیسلامی وكوردستانی سەرسوڕمان و پارادۆكسەكان دەڕەونەوە.

٣ -مانای وایە هەر كورد نیە پێخۆشحال بێ بەهاتنی ئەمریكا، زۆربەی گەلانی عەرەبیش، عەرەبی عێراقی و توركمان و ئاشورو كلد و... پێخۆشحالن، ئەگەر بە گۆتە شتێكیتریش بلێ. هەتا سوننەی عەرەبیش (یان چاكترە بلێین عەرەبی نێوەڕاست) هەرچەند زۆرایەتی بەشداری هەڵبژاردنیان نەكرد، بەلام هێشتا زیاتر بە ئەمریكا قایلن نەك بە دەسەلاتی كورد و شیعە، هەروەك لە خۆپیشاندانەكانی سەرەتای داگیركردن لە خۆپشاندانە جەماوەریەكانی ناوچەكانی ناوەڕاست داوایان دەكرد (با ئەمریكا بێت نەك كورد و شیعە)!!

٤ -مانای وایە وولاتانی عەرەبی بەهۆی فاكتەرێكی دەرەكی نەبێ لە دیكتاتۆریەوە بەرەو ئازادی و دیموكراسی ناگۆڕێن، هەڵبەتە تاڕادەیەك نەریتی سیاسی كوردیش كاریگەرە بە ئەزموونی سیاسی عەرەب، بەلام میللەتانی تری موسڵمان وانین، سەرنج بدە جگەلە (دەسەلاتدارانی عەرەب و بەشێكی كۆنە كۆمارەكانی سۆڤیەتی پێشوو) هەمووی لە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دەست گۆڕی دەسەلات و ئازادانەن... لە ئێران، توركیا، مالیزیا، ئەندۆنیسیا،... وولاتانی ئەفریقی (ناعەرەبی)... دیكتاتۆریەكانی ئەو سەردەمەش وەك دیكتاتۆری پێشوو نیشتمان پەروەرنین، هەروەك بینیمان لە ئەزموونەكانی فاشی ئیتالی و نازی ئەڵمانیو شۆڤێنی فرنسی و ڤالانتریسی ئیسپانیو تۆرانی توركی... كەچی دیكتاتۆریەكانی ئێستا سیفەتەكانی فاشی و نازیو شۆڤینە... بەلام نانیشتمانی و ترسنۆكن، هەردەم بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی و نەتەوە و میللەت دەخاتە ژێر بەرژەوەندی دەسەلات و خودی خۆی، لەپێناو مانەوە هەمووشتی قەبووڵە، بۆیە دواكەوتوترین و ڕیسواترین دەسەلاتێكن لە جیهان دا و زەمینەیان ئامادەیە بۆ سزای نێودەوڵەتی و داگیركاری و خۆبەدەستەوەدان.

٥ -مانایەكیتر، ئەزموونی عەلمانی نەتەوەگەری لە شكست دایە، بۆیە ئەزموونی حزبی بەعسی و كۆتایی هاتنی بەوشێوە ڕیسواییە و بێبەرگریە و دادگاییكردنی سەرانی بریتیە لە دادگایی كردنی ئەو مەدرەسەیەی عەلمانی

نەتەوەگەری، هەربۆیەش لەو هەڵبژاردنە ئەو مەدرەسەیە دەنگی پێنەهاتووە، تەنها لە کوردستان دەنگی هێناوە ئەویش بەهۆی کێشەی کوردە نەك هێز و بەرنامەی ئەو مەدرەسەیە بێت.

٦ - مانای وایە لەهەر زەمان و زەمینێك ئازادی و دیموکراسی هەبێ ئیسلامیەکان دەنگ زیاتر دەهێنن، هەروەك زۆربەی ئەو خالانەی پێش بینی کرا لە بەشی یەکەمی پێش هەڵبژاردن.

٧ - مانای‌وایە هەرچی گۆرانکاری بێ لەو دیکتاتۆریانە لە قازانجی ئیسلامە، ئەوەتا ئەمریکا داگیرکەرە و بەرنامەکانی بەناڕاستەوخۆ لە دژی ئیسلامیەکانە کەچی ئیسلامیەکان لەژێر ئەو داگیرکەریەش هەر دەنگیان لە هەموان زیاتر هێنا، ئەوەندەش پەندە بۆ کورد کە بزانێ ئیسلامی نامۆ نیە ئەوەتا دەورووبەر هەمووی بەرەو ئیسلامیە، تورکیا، ئێران، عێراق، وولاّتانی‌تریش پالێوراون بۆی، واتە هەتا لەوساتەش کورد لەبەرەی ئیسلامی بێ نەك لە بەرەی عەلمانی، دەروازەی ڕزگاری نزیك دەکاتەوە، هەرچۆن کورد کوشتەی دەستی بەرەی عەلمانی نەتەوەگەری دیکتاتۆرە، ئەوا ڕابوونی ئیسلامیش کوشتەی هەمان بەرەیە.

٨ - لەلایەکی‌تریش قایل بوونی ئەمریکا بەو ماناو سەرەنجامانە مانای قایل بوونە بەدەستکاری بنەماکانی (سایکس ــــ بیکۆ) چونکە ئەو هەڵبژاردنە یەکەم جارە هەندێ لە (بنەماکانی) سایکس ــــ بیکۆ دەگۆڕێ،... ئەوەیان زیاتر لە دوای باسی‌دەکەین.

٩ - هەندێ ماناو ڕاست کردنەوەی تریشی تیابوو، ئەگەر چی برایانی سوننەی عەرەب تەواو بەشدارنەبوون، برا شیعەکان پێیان وابوو لە ٧٠٪ ی عێراقن برا سوننەکانیش پێیان وابوو شیعە تەنها نزیکەی لە ٤٠٪ دەبن... دەرکەوت هیچ لایەکیان وانین و نزیکەی لە ٥٨٪ ن، کوردەکانیش بە قەبلاندنی برا عەرەبەکان لە ١٦٪ و بەقەبلاندنی خۆشی لە ٢٦٪ بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەیە نزیکەی لە ٢٣٪، برا تورکمانەکانیش پێیان وابوو لە ١٢٪ ن کەچی کەمتر ٢٪ ن، هەرچی سوننەی ناوەڕاستە ژمارەکەی لێڵە هێشتا بەلاّم لە خوار ٢٠٪ ن.

١٠ - زۆر بە روونتر دەرکەوت دیسان یێ پێکهاتەی عێراق هەڵوێستیان لێك جیایە، ئەوجارە بەو شێوەیە وەك رووکاری گشتی (نەك رەها)، کورد بەرەو عەلمانیەت، سوننەی عەرەب بەرەو عروبی، شیعەش بەرەو ئیسلامی، لە چوارچێوەی هەڵبژاردن، ئەگینا لەنێو سوننەی عەرەب رابوونێکی بەهێز لە ئارادایە٠

١١ - زۆر مانای‌تری ترسناکی ئاشکراکرد بەتایبەتی لەبارەی (بەرگری)، کە لەدوای داگیرکردنی عێراق پێی هەڵساون، دەرکەوت ئەو بەشەکەمایەتین، بەشێکن بەرگری لە بەرژەوەندیەکی ناڕەوا دەکەن کە ئیمپریالیزم پێی داون لە سایکس ــــ بیکۆ، هەربۆیەش لەو هەموو تاوانەی حزبی بەعس بەرامبەر سەروو و خواروو بێدەنگ بوون وە بگرە زۆربەیان لایەنگری بوون لە کاتێکا ئەو دوو پێکهاتە لە شۆڕش و بەرگری‌بوون لە دژی بەعس، بەپێی هەموو پێوانەکانی ئیسلامی و چەپی و نیشتمانی و بەرگری و شۆڕش لەدژی بەعس زۆر ڕەواو ئەرك تر بوو لەوەی ئێستا، ئەوە پاساو نیە بۆ داگیرکەری ئێستا بەلکو ئەوە زانستی (موازنەیە)، هەر بۆیەش دەبینین ئەو بەرگریە سنوورەکەی تەواو ئەو سنوورەیە کە لە سەردەمی بەعس سوودمەند بووینە لەو مەینەتیانەی گەلانی تری عێراق، دەبوایە لەوسەردەمی ئەو (بەرگری)ە و(هیئة العلماء) دروست ببوایە، تائێستا ڕەوای ئەو بەرگریەشی وەردەگرت، ئەوەش لەچوارچێوەی نەبوونی یەك هەڵوێستی پێکهاتەکانی عێراقە، لەڕاستیدا ئەو بەرگریە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەك دەکا، نابێ هەر بەناوی تیرۆرست کۆتایی پێبێنین، نەخێر، ئەو ناوچەیە شاخاوی ودارستانی نیە لێی حەشار بدرێن، ئەوانە لە نێو هەناوی میللەتی ناوەڕاست حەشاردراون بەشی هەرەزۆریان لەگەڵن. لەڕاستیدا ئەوەندە دژی ئەمریکا نیە ئەوەندەی بەرگریە لەدژی گەلانی عێراقی‌ترو دەیانەوێ بڵێن ئێوە (دەبێ هەر لە ژێر دەستمان بن)، جا ئەگەر

ئیسلامیشیان تیابێ بەجۆرە ئامانجێکی تریش هاتبێ کۆششەکەی دەچۆڕێتە ئەو خواستە ناڕەوایانە، چ لەبەرگرە راستەوخۆ بێ یان نا راستەوخۆ، هەر بە نمونە (هيئة علماء السنة) گوایە بەشداری هەڵبژاردنی نەکردووە، کەچی بۆ ناوچەی کەرکوك فەتوای دا کە عەرەبەکان بچن بەشداری هەڵبژاردن بکەن ۰۰۰دەزانی بۆچی ؟ لێکی بدەوە ۰

## پێشبینی و ئەنجام :

* بۆچونێکی گەرم هەبوو گوایە سەرەنجامەکانی هەڵبژاردن لە پێشدا دارێژاوە بەخواست ویستی ئەمریکا خۆی، ئەو جۆرە زیادەڕەویە لەگومان و بۆچونە لەنێو خەلکانێکی (ڕۆشنبیری سەرەتایی) گەلێ زۆرە، ئەوەش لەکەم زانیاری دێت لەلایەك لەلایەکی‌تر لە دووبارەبوونەوەی شانۆگەری دروست کردنی ڕووداو و لایەن و... بۆ چەواشەی میللەت، دەرکەوت ئەنجامێکی ڕاستەقینەی بێ دەست تێوەردانە، چونکە کەمترین بواری دەست تێوەردانی بکرابایە ئەوا لیستی (العراقية)ی ئەیاد عەلاوی دەردەچوێنرا، ڕەنگە لیستی یەکەمی سەرکەوتوو (شیعی) تەواو بەدەربێت لە ئارەزووی ئەمریکا،... کەچی بەسەرەنجامیش قایل بوون. چونکە :

داگیرکردنی عێراق بەچەند بیانۆیەکی یاسایی و ئاسایشی و سیاسی بوو...کەچی نەسەلمێنرا کە چەکی کۆکوژی هەیە، ئارامی نەچەسپا، بیانۆی هەرە دوای گۆڕینی دیکتاتۆر بۆ دیموکراسی‌بوو... ئەوەیان واهاتەدی تاڕادەیەك، خۆئەگەر دەستکاری ئەو دیموکراسیە وسەرەنجامەکانی بکرابایە ئەوا دوا پاساوی ادەست دەدا بەرامبەر ڕای‌گشتی جهانی‌وناوەکی ئەمریکی‌و ناوچەکەش.

* ئەو پێش بینیانەی کرا کەلە بەشی یەکەم نووسرا بەشی هەرەزۆری واهاتەدی جگە لەهەندێ دۆخ نەبێ.

* هەریەکە لەبەرەی تورکمانی، لیستی (العراقية)، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بەدەربوون لەو ئەنجامانەی هێنابوویان لەدوایی باسێکیان دەکەن.

* پێش بینی سوننەی عەرەب بەوشێوەیە نەبوو بۆیە بەشداریان نەکرد، کەچی ئەوسەرەنجامەیان بینی، ئێستا وابەخێرایی پەشیمان بووینەوە، وا بەشکستەوە بەشداری داڕشتنەوەی دەستوور و ئەنجومونەکان دەکەن لە ئێستاوە خۆئامادە دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

* مەزنترین سەرەنجامی ئەوە بوولە سەرتاسەر ئیسلامی‌یەکان دەنگیان زۆر زیادی کردووە، بە پێچەوانەی ئەو پێشبینی‌یەی لە نێو ڕەوشنبیرە عەلمانی‌یە کوردەکان باوبوو لە پێش روخانی بەعس گوایە ئیتر ئیسلامی لاواز دەبێ، کەچی تەواو پێچەوانە بوو... وادەبینرێ.

## ئەنجام و گۆڕان :

چەند گۆڕانێکی گرنگ لەسەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە دێتەدی ئەگەر سەرەتایش بێ زۆربەیان یەکەمین جارە دێتەدی لەوەتەی عێراق دروست کراوە، لەوانە گۆڕان لە سایکس ـــ بیکۆ، داڕشتنەوەی عێراق، چارەنووسی بەرگری، تەوافوق، پێکهاتەی عێراق، هاوپەیمانیەتی،... هەریەکە شتێك لە بارەی ئەوگۆڕانانەیان لە سەردەنووسین.

**ـ (١) ـ**

## دەست كاری سايكس ـ بيكۆ :

+ لەبنەچەدا هاتنی ئەمريكا بۆ ناوچەكە هەر ئەو بيانۆو ئامانجە جاڕدراوانە نيە، هەر لە كۆنەوە ڕۆژئاواييەكان هەر شوێنێكيان داگيركردبێ بەناوی خەيريات و ڕزگاری و ئازادی بووە، كە ميراتی عوسمانيان دابەش كرد سەرۆكی ئەمريكی (ويلسۆن) ١٩١٨ چواردە بەندی جاڕنامەی مافی چارەنووسی گەلان ڕاگەياند، كاتێ ئەفريقايان داگير ودابەشی‌كرد لەژێر ناوی قەدەغەی بازرگانی (قولەڕەش)، لەهەندێ شوێنی‌تر بەناوی مرۆڤايەتی و قەدەغەی بلاّوبوونەوەی باروت، كە خوارووی عێراقی ئێستا داگيركرا لەلايەن بەريتانيا جنرال مود لە ١٩١٧/٣/١٩ بەبەيان وتبووی (ئێمە داگيركەر نين بەلّكو ڕزگاركەرين، هاتووين سەری عەرەب بەرزكەينەوە)، هەلبەتە ئەوجارەش ئەمريكا بەناوی ڕزگاری‌ودیموكراسی هاتووە خودی پرۆسەكەش بەناوی ياسای ڕزگاری عێراقە كەلە ١٩٩٨ كلينتۆن مۆری كرد هەرچەندە دوای ياساييانە بۆوە پرۆسەی داگيركردن. بەلاّم پێش ترو ئێستاش زۆر مەبەستی فرە ئاڕاستەی ئالۆزی لە ژێرەوە بووە (بوار نيە لێرە باسی بكەين).

يەكێ لەو ئاڕاستەيەی ئێستا هەلسەنگاندەوەی نەخشەی (سايكس ـــ بيكۆ ـــ سازانۆف ١٩١٦)، كاتی خۆی ئەمريكا لەو دابەشيە نەبووە بۆيە لەو ساتەوە دەيەوێ دەستكاری بكا، لەو ماوەيە زياتر زەمينەی بۆ ڕەخساوە جاتاوێك بەناوی سيستەمی نوێی جيهانی، تاوێكی‌تر بەناوی پرۆژەی (ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە)، هاتنی ئەمريكا و پرۆژەكەو سيستەمی نوێی جيهانی دەستكاری نەخشەی (سايكس ـــ بيكۆ)ی تيايە، بەپێی بۆ لوان، جاگۆڕانی نەخشەی سياسی‌و كۆمەلاّيەتی‌و ياسايی ئەو وولاّتانە بەگەلانی ناوچەكە نەدەكرا، تەقەلايەك لەدوای يەكەكانی تەياری (نەتەوە گەری، دوای تەياری چەپی، ئێستاش تەياری ئيسلامی) ئەو كۆنكريتەيان پێ‌هەلنەوەشاوە. بۆيە تێك ئەلقانی ئەو ئامانجە لەگەلّ ئامانجی ئەمريكی ستراتيژيەتێكی زێڕينە،...ئەو گۆڕينە ئەگەر سەرەتاو زەحمەتيش بێ بەلاّم دەروازەی گۆڕانێكی گرنگە لە دنيای دابەش و پەرتەوازەی و براكوژی و كلكايەتی‌و دواكەوتەيی و عەوامی و نامەدەنی كە كۆمەلّگەی ئيسلامی تێ‌خراوە، بۆ دنيای يەكڕيزی پێشڕەوی و بنياتی كۆمەلّگەی تكنۆلۆژی‌و سەربەخۆيی بەرەو ناسنامەی ئيسلامی ڕەسەن.

**ـ (٢) ـ**

## دامەزراندنەوەی عێراق :

+ هەروەك باسكرا عێراق بەمەبەستی ئيمپرياليزمی دروست بووە نەك بە ئارەزووی ميللەتانی ناوچە، واتە لەبناغەدا بەچەوتی و لاسەنگی دامەزراوە، بۆيە زۆر سروشتيە ئەو هەموو مەينەتيە بەسەر عێراق هاتووە و دێت، زياتر لەوەش لەو ساتی‌دا لەناوەخۆی عێراق دام و دەزگاكانی دەولّەتی لەسەر بنچينەی سزاو تۆلّە لە كوردو شيعە پڕكرايتەوە، چونكە ئەو دوولايە لەگەل هاتنی بەريتانيا ١٩١٤ بەرگريان دەست پێ‌كرد و خەريك بوو هەموو نەخشە مەزنەكانيشيان لێ‌هەلوەشێننەوە، كاتی (نوێنەری بالاّی بەريتانيا لە عێراق) گەڕايەوە بەريتانيا لە ١٩٢٠ ڕايەكی بەهێز پەيدابوو كە بگەڕێنەوە و عێراق[٩] بەجێ‌بهێلن، لەكاتێكا هێزەكانی شێخ محمود بەهانای خوارووش چوو ([١٠])

[9] هەر بۆ ناسين دەلّێين —عێراق — ئەگەر نا عێراق بەو سنورە جوگرافی‌يە هەر نەبووە ٠

بەپێی کتێبەکانی (العراق فی دوري الأحتلال و الأنتداب ـــ عبدالرزاق حسنی) وکتێبی (الثورة العراقیة الکبری ـــ د. عبدالله فیاض) زۆر سەرچاوەی تریش لەکۆی(١٣٠٠٠) مجاهید لەخواروو (١٥٠٠) سوننە بووە ئەوانیش زۆربەی کوردی کوردستان بوون، هاتبوون بە پیل بانگەوازی جهاد، لەکۆی (٩٥٠٠) شەهید (٥٠٠)ی سوننی زۆربەی کورد بووە، (٩٠٠٠) شیعە بووە. کەچی ناوەڕاستی عێراق (کەبیری عەلمانی نەتەوەگەری زیاتر لێ تەنیبۆوە) بە گوڵ باران و هۆنراوە و ئاهەنگ و دەفەی دەروێشان پێشوازیان لە داگیرکەر کرد بەو هۆنراوەیەوە دژی بەرگریش ئەو هۆنراوەیە نمونەیەکە بەسەر (برسی کۆکس) ووتراوە لەلایەن (جمیل صدقی الزهاوی):

ان العراق لمسعود برؤیته — ابا له من بلاد العدل قد وردا
ارأف بشعب بغاة الشر قد قصدوا — اثارة الشرفیة وهو ما قصدا
ماانسی یوم بدت في القطر حادثة — من الحوادث تنسی الوالد الولدا

له سەر ئەو دوو پایگایەی (١ -مەبەستی ئیمپریالیزمی وەك ڕەهەندی ئیقلیمی و جیهانی. ٢ - سزاو پاداشتی پێکهاتەکانی عێراق وەك ڕەهەندی ناوەکی) دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق پڕکرایەوە، هەر لە : سنوور، پایتەخت دانان، سوپا، ئەنجومونەکان، سەرۆك(مەلیك)، پەرلەمان، دادگا، دەستوور، عەلمانیەتی، مەرکەزیانە، پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و پیشەسازی،.... هتد.

بەخواروخێچی و ڕەگەزپەرستی و تایفیانە دامەزراوە، هەمووی پێویستی بەچاکسازی هەیە لە بناغەڕا، چونکە لە هەناوی میللەتێکی عەوام، لە ژێر سایەی (سایکس-بیکۆ) هەلبەتە (سیستەمێکی سیاسی دیکتاتۆر و مەدرەسەیەکی عەلمانی نەتەوەگەری) بەرهەم دەهێنێ، کارگەیەکە هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرهەم هێنانەوەی نمونەی بەعس، هەموو ئەگەرێکی نێگەتیڤ هەڵدەگرێ، بۆیە هەڵەیە هەر کورد بەجیاوازیخواز ناوزەد بکرێ، بەوشێوەیە ڕەنگە پێش کورد شیعە و سوننە لێك جیاببنەوە، سەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە ئەو نەخشە ترسناکەو هەردوو پایگاکەی خستەوە ژێر داڕشتنەوە و گۆڕان، کەواتە چوار ئەگەری چارەسەری ڕاست و دروست لە پێشە :

١ - لە سایکس ـــ بیکۆی ١٩١٦ وە دەستکاری بکرێتەوە و جارێکیتر دەسەلاتی سیاسی لەسەر بنچینەی (یەك پێکهاتەیی ڕەگەزی یان نەتەوەیی یان تایفی) دروست بکرێتەوە هەروەك لەئامانجەکانی (عصبة الأمم) مادە(١) پەرەگرافی(٣) هاتووە.

٢ - عێراق وەرچەرخێنرێ لە ستونی(ڕەگەزی و تایفی و نەژادی..) بۆ ئاسۆیی(مەدەنی، بڕوایی، دەستووری)، ئەوەش تەنها بە داڕشتنەوەی عێراق لەسەر بنچینەی ناسنامەی ئیسلام کە هەر سێ پێکهاتەکە لێی هاوبەشن بەیەکسانی، ئەوەش هەم داگیرکەرو هەم وولاتانی عەرەبی پێ نا قایل و نیگەران دەبن.

٣ - یان دەبێ لەژێر شێوەیەکی(ئینتدابی) یان یاسایەکی نێودەوڵەتی هەلپەسێردرێ، هەروەك لە سەرەتای دروست بوونی عێراقیش لەبەرهەمان هۆ لێژنەی تەحکیمی موسل پێشنیازیان کرد کە عێراق بۆماوەی (٢٥) ساڵ لەژێر ئینتداب بێت

٤ - چارەسەری دیڤاکتۆیو سروشتی لەوساتەوە کە بگونجێ لەگەڵ دام و دەزگاو نەریتی دەولی، چارەسەری پێکهاتنیدەستوری(تەوافوقیە)، ئەوەی دوایش زیاتر پالێوراوە بۆ پەیرەوکردن.

---

[10] بروانە رەفیق حیلمی — یاداشتەکان .

## تەوافوق :

دروشمی شۆڕشەکانی کورد لەدوای ١٩٥٨ دیموکراسی بووە بۆ عێراق، کەچی وا دەرکەوت ئەو دیموکراسیە نابتە چارەسەر، بۆیە لەناکاو باز دراوەتە سەر (تەوافوق)، ئەوەش مانای وایە سەرکردایەتی کورد ستراتیجیەتی نەبووە و نەیزانیوە پێویستی بە تەوافوق دەبێ تا ڕووداوەکان یەخەگیری بووین، هەرخودی ئەو تەوافوقە لە سەرووی فیدڕالیە، واتە دەسەلاّتەکان بە دەستووری دابەش دەکرێ بەپێی ڕێژەی پێکهاتنیان لە عێراق، هەڵبژاردنی دیموکراسی هەریەکە لەچوارچێوەی کیانی فیدڕالیەکەی خۆی دەکا، بەوشێوەیە دام و دەزگاکانی پڕدەکرێتەوە، نمونەی ئەو سیستەمە لە زۆر وولاّتی وا هەیە کەکێشەی ستونی هەیە لە ڕەگەزی و تایفی و نەژادیو ئایینی هەروەك قوبرس، لبنان، بلکان، چیکوسلۆڤاکیا،... لە لبنان وا پێکهاتوونە (هەروەك لە بەلگەنامەی نیشتمانیو دواییش لە کۆنگرەی تائفی ١٩٨٩) سەرۆك مەسیحی (موازنە)، سەرۆك وەزیر ئیسلام (سونی)، سەرۆکی پەرلەمان ئیسلام (شیعی).

لەدەستووری ١٩٥٩ ی قوبرسیش تۆماریان کرد کە سەرۆك (یۆنانی) بێ، جێگری (تورك)، لەکۆی (٥٠) ئەندامی پەرلەمانیش (٣٥) یۆنانی و (١٥) تورك بێ، (٧) وەزیریش یۆنانیو (٣)ش تورك، هەتا دەگەیشتە سوپاش لە (٦٠٪) یۆنانی و لە (٤٠٪) تورك... هتد.

عێراقیش لە فرە نەتەوەو فرە نیشتمان و فرە تایفە پێکهاتبوو، بەسەرۆکایەتی سوننەی عەرەب، سوودی لەدوو هاوکێشەی یەکتربڕی تەك و لۆی زۆر ئالّۆز وەرگرتبوو، کەمایەتیەکەیان تیا کردبووە زۆرایەتی، بەتایبەتی لەسەردەمی ڕابوونی نەتەوەیی، بەزەحمەت ئەو مەتەڵە لەو دوو هاوکێشەیە دەدۆزرایەوە.

لەهاوکێشەی یەکەم دا بەتەوەری نەتەوەگەریدا... سوننەی عەرەب زۆرایەتی خۆیان لەڕێی عەرەبایەتی (بەهۆیشیعەوە) گوزارشی دەکرد، لە هاوکێشەی دووەمی تایفی (شیعی و سوننی)دا ئەوا دیسان زۆرایەتی بۆ(سوننەی عەرەب) لەڕێی زۆرایەتی سوننە (بەهۆی کوردەوە)،...!!

ستراتیژیەتی سەرکردایەتی کورد هەر لەتەقەلا و شیکارکردنی یەك هاوکێشە بوو بۆی نە دەدۆزرایەوە، هەتا ڕابوونی ئیسلامی دوای هەشتاکان ئەو مەتەڵەی دەرخست وئەو جارە هەردوو هاوکێشەکە پێکەوە شیکارکران ڕاستی کەمایەتی سوننەی عەرەب ئاشکرابوو وەك مانگی چواردە، تائێستا بانگێشەی (کلنا عراقیین) بەو مەرجەی بوو وەك دووبراکە (لەزەوی تا سەربان بۆ من (سوننەی عەرەب)، لە سەربان هەتا ئاسمان بۆ برا ئازیزەکانی ترم بێ !).

ئێستا تەواو کاتی ئەوە هات عێراق لەسەر بنچینەی (تەوافوق) پڕبکرێتەوە دان بنرێ بەو واقیعەی جیای نەتەوەیی و تایفی، ڕاستە لە بنەچەدا بران بەلاّم ئێستا بوختانە بلّێی برانە، لەو دەروازەیەوە بەرەو برایەتی دەگەڕێنەوە، ئەگینا عەلمانیەتی نەتەوەگەری (کە سەرکاری سایکس ـــ بیکۆ بوو) بەرپرسە لە تێك چوونی برایەتیەکە.

ئینجا هەر (تەوافوقی)کۆتای نیە، دەبێ میکانیزمی گرانتی ناوەکی وا داڕێژرێ کە دەستەلاّتەکان دەستوری بن، واچاکە بۆ ئەو هەنگاوەش عێراق لەسەر شێوەی ئەلمانیا و یابان و... وولاّتێکی بێچەك و سوپا بێت، جگە لەپۆلیس، تەنها ڕوو لە بیناکردن و گەشە و تکنۆلۆجیا بێ، جاکاتێ دەبینی وا کورد فاکتەرێکی دروستکەری سوپای عێراقە، یان لە یادیدا پشوی ڕەسمی ڕادەگەیەنێ بەڕوونی دەردەکەوێ چەندە بێستراتیژیەتە، بۆیە هیچ هەنگاوێکی ئەمریکی بە ئەندازەی (هەلّوەشاندنەوەی سوپای عێراق) ئیجابی نەبووە.

لەڕاستیدا دوو زەمانەتی ناوەکی هەیە بۆ کورد (کاتێ یاسای: مصائب قوم عند قوم فوائد. لەپەیرەو دابێ) یەکەمیان: بێهێزی عێراق و نامەرکەزیانەی. دووەمیان : کێشە و دابەش بوونی شیعە و سوننە. بەهەمان شێوە بۆ

شیعەش سوننە دابەش ببێ بۆ کورد و عەرەب... ئاوا دابەشی هەر کیانێك بەتەوەرێك زەمانە بۆ کیانی سێیەم، ئەوە هەمووی زەمانی میکاڤیلیانەیە بەڵام ئەوەی لێی بەرپرسیارە سایکس ــــ بیکۆ و بیرۆکەی دروست بوونی وڵاتۆکەکانی وەك عێراق و سوریا و ئوردەن... خۆ کاتی خۆی (لێژنەی تەحکیمی موسل) ئەو پێش بینیەی کردبوو، کە تیایدا هاتبوو:

ئەگەر عێراق سەربەخۆیی ئەو پێکهاتانەی هەموو یەکتر دەکوژن، بۆیە داوایان کرد عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە ژێر ئینتداب بمێنێتەوە، جا ئێستاش ئەگەر ئەو دوو زەمانەتە نەبێ دەبێ بەجۆرێك عێراق لەژێر یاسایەکی جیهانی بێ، ئەگینا ئەو (تەوافوقە)ش دڵنیایی تەواونیە.

ــ (٤) ــــ

## لیستی شیعە و کورد :

ئەوە بەرهەمی کۆمەڵێك پاڵنەری مێژوویی و واقیعی یە، بە کورتی باسێکیان دەکەین، هەرچەندە ئەو زاراوانە (شیعە)، (سوننە)، (کورد)،... دروست نیە، بەڵام وەك زاراوەی باو وەری دەگرین، ئینجا نەکورد یەك ڕەنگە و نە شیعە و سوننەش بۆیە باسێکی گشتیە لە خالە هاوبەشەکانیان نەك ووردو تێروتەسەل :

(١)هەر لە دروست بوونی عێراقەوە هەردوولا بێبەشن لە ئاستەکانی سیاسیو ئابووریو زانستی و خزمەتگوزاری بۆیە بارێکی دەروونی هاوبەشیشی بۆ پێك هێناون.

(٢)هەڵوێستی کورد و شیعە زۆر لێك نزیك بوو لە زۆربەی ڕووداو و پێش هاتەکانی مێژووی عێراقی نوێ، هەتا لە پەلامارەکانی بەعسی عەرەبی عەلمانی بۆسەر کوردستان لە سەردەمی عبدالسلام عارف ١٩٦٣، **محسن الحکیم** (مەرجەعی بالای شیعەی ئەوسا) فتوای ڕەسمی دا کە جەنگ وتالانی کورد حەرامە ودووچاری کێشەی زۆریش بۆوە، ئینجا لە ئەنفال وکیمیایش بەعس نەیتوانی فتوا لەوان وەرگرێ کەچی لە بەشێك لە یەکێتی زانایانی عەرەبی وەرگرت، لە کوردستانیش فتوای بەشێکی کەم لە مەلا و شێخەکان بەهۆی تەقەلای (عزەت دوری) وەرگیرا، بەڵام بەشی هەرەزۆری زانایانی کوردستان لەو کاتی لە شۆڕشی شاخ لەڕێزی بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری بەرگری پێشمەرگانەی دژ بە بەعس بوون، واتە هەڵوێستی ئیسلامی شیعە نەك هەر لە تێکرای عەلمانی عەرەبی چاکتربوو لە کوردیش باشتر بوو کە بەشی هەرە زۆری لەڕیزی بەعس لەشێوەی (أفواج) و(رفاق) بوون بەرێژەی ٣٥٠ جار بە ئەندازەی ژمارەی پێشمەرگە.

(٣) بەهۆی مەیلی ئیسلامی کۆمەڵگەی شیعە زیاتر هاودەردو هاو چارەنووسی کورد بووینە، بۆیە لەزۆربەی ئامانجە ناوەکیو ئیقلیمیو جیهانی لێك نزیکن.

(٤) هەر بناغە و پلان و مەبەستەکانی سایکس ــــ بیکۆ و ڕێکەوتنەکانی تری سان ڕیمۆ، پاریس، لۆزان،... ودوایش چالاکی ئەو وڵاتانەی زادەی ئەو ڕێکەوتنانە هەر لە دژی ئیسلام و کورد بووە بەتایبەتی لەو ناوچەیە.

(٥)هەر لەسەر ئەو بناغانەدا کۆمەڵگەی شیعە لەگەڵ ڕەوتی زانکۆی عەرەبی و تەیاری ناشیۆنالیزمی و دەسەڵاتدارانی عەرەب ڕێك نین، بۆیە شیعەش وەك کورد بەنامۆییو ناوی بیانی و عەجەمی و ئێرانی و هەتا هندیو... جارجار بە دەستی زایۆنیش ناوزەدکراون !

(٦) وارێك کەوتووە زۆربەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەی کورد هەڕەشەشە لەسەر ئاسایشی کیانی شیعە، پێچەوانەش بە پێچەوانە.

(٧) ئـەوەی زیـاتر زامنـی ئـەو ڕێکەوتنـەیان دەکـەن کـەمتر سـنوری کۆمـەڵایـەتیو نیشـتمانی شـیعە و کـورد بەسەریەکەوەیە.

(٨) هەڵبەتە شیعەش دەمارگیرییەکی هەیە، بـەڵام دەمارگیرییەکـەی (عروبـی) نیـیە بـەڵکو مەزهـەبیی، لـە عروبیەکە سێدارەیەکە بەخەستی بۆ سەر کورد، کەچی مەزهەبییەکە رووی لە زیاتر لە (٩٠٠) ملیۆنە واتە بەشێکی کەم بەر کورد دەکەوێ، بە تایبەتی لەو دۆخەی بیّ کیانی وە بگرە کاریگەری وای نییە، ئینجا بە هـەردوو پێوانـەی کوردایەتی و ئیسلامـەتی دەمارگیریـە مەزهەبیەکـە ئـەهوەنترە، خـۆ بـواری چاکسـازیش هەیـە دەتـوانرێ لەلایـەن ئیسلامییەکانی کوردسـتان ترسـی دەمـارگیری مەزهـەبی لـە لایـەن شـیعە کـەم بکرێتـەوە و بـەرەو ئیسـلامییانەی راستەقینە رێکەون، بەتایبەتی بۆ ئەو قۆناغە هەمـوو لایەك لە چوارچێوەی چەمکی پان و بەرینی (ئوممەی ئیسلامی) کۆ بینەوە نەك خۆ بچووك کردنەوە لە مەزهەب و جیاوازی یە مێژوویە بیّ سوودەکان ٠

٩ - بەشێکی زۆری کوردیش شیعەن و بەهەردوو باری شیعایەتی و کوردیەتی چەوساینەوە، ئـەوەش فاکتەرێکـە بەڵام کەمتر کورد توانیویەتی بەکاریبهێنیّ.

جابەپیّی (ئەمری واقیع) لەدوای سایکس ـــ بیکۆ کورد لە عێـراق نـاتوانیّ بیّقایـل بـوونی عـەرەب ئـەو مافـە زەوت کراوانەی بدرێتەوە، هەلبەتە تەیاری عەلمانی عروبیش خودی ئەو مافانە بەهەرەشە لەسـەر ئاسایشـی عـەرەب دەزانیّ و زۆر بەسانای سیاسیانە و یاساییانە بەدەستی زایۆنی و یاخیبووی لەقەلەم دەدا، دیسـان کـورد دەگەرێتـەوە دۆخی داخراوی :

جم و جۆل ← شۆرش ← جەنگ ومالّ ویّرانی ← شکست

بۆیە ئەگەر خاوەن پرۆژەی سیاسیو ستراتیجیەت بێت ئەوا دەبیّ بەدوای بەدیلێکی تر بێت لەناو عەرەب کە : ١- زادەو هەماهەنگی سایکس ـــ بیکۆ نەبیّ. ٢ - لەگەڵ تەیاری عروبی و زانکۆ رێك نەبیّ. ٣ - لەگەڵ وولّاتانی بریار بەدەستی جیهانی و عـەرەبی رێك نەبیّ.

٤ -لەسەر بنچینەی نەتەوەگەری و زۆرایەتی بەرامبـەر کـورد پێـك نـەهێنیّ.... ئـەوەش تـەنها لـەو دەم و دەسـتە لەبوونی شیعە دێتە دی، هەروەك ئەو بوونە نەبوایە ئەو دەستکەوتانەی کوردیش نە دەهاتەدی لە سەرۆکایەتی کۆمار و کێشەی کەرکوك و پەرلەمان و دارشتنەوەی عێراق..... زۆری تـر... دەبـیّ سـەرنج بـدەین کـە قـوول دەبینـەوە بـۆ (ئەلقەی پشت شیعەش) دەبینین گەشەی رابوونی ئیسلامییە ئاوا گەشەشە بۆ دۆزی کورد.

بۆیە ئەو کۆمـەڵە خاڵە گەلیّ بەهێزن، نەك هەر بۆ لیسـتی هاوبەشـی شـیعە و کـورد بـەڵکو ئامـانجی سـتراتیژی رابـوونی ئیسلامیشـە، دەبوایـە ئیسـلامیەکانی کوردسـتان لـەو زەمینـە قووڵـە بەرنامـەی سیاسـیان لەسـەر ئاسـتی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دابرشتبایە، ئەوەش ئینقلاب نیە بەسـەر سـوننەی عـەرەب، بـەڵکو راسـت کردنـەوە و چاکسازی هەڵەی مێژوویـیە کە ئیمپریالیزم چاندوویەتی وەرگێرانی سـوننەی عـەرەب لـە سـەر تەنیشـتەوە بـۆ سـەر قاچەکانی خۆی و عەیارەکانی ٠

## گرفت و ناکۆکیەکانی لیستی شیعەو کورد :

ئەو لیستەی سەروو لە نێوان (عەلمانی کورد) و (مزاشێکی ئیسلامیە)، بـەتێکرایی یاسـاکانی سیاسـی میکـاڤیلی بەسەردا زاڵە، زیاتر بەرژەوەندی تایبەتی رۆل دەبینـیّ، تەمـەنی دەوەسـتێتە سـەر پانتـایی (کـۆك) و (ناکۆکیـەکانی) دەماودەست، کەمتریش پێش بینی زانستی لیّدەکریّ، بـە تایبـەتی دەسـتێوەردانی دەرەکـی بـە هـەمـوو ئاڕاسـتەیەکی دژوار ئامادەیە، ئەگینا وەك لەخوارەوە دەردەکەویّ ناکۆکیەکان کەمترن، لەوانەش :

١ - كێشەی دەستووری : لیستی کورد پەیرەو و ئامانجی عەلمانی‌یە کەچی لیستی شیعە زیاتر خواستی دەوڵەتێکی ئیسلامیە بۆ عێراق لەکۆتایدا. هەرچەندە کورد هەر کوشتەی دەستی هەرسێ تەوەری عەلمانی جیهانی و ئیقلیمی و ناوەکی بووە

٢ - کێشەی مەزهەبی : جیاوازیەکی زۆر سانەویە، بەتایبەتی بەڕوانگەی عەلمانی، چونکە عەلمانی دوورە لە ئاینیش چ جای مەزهەبی، بەڵام پاساوێکە بۆ بەکارهێنان، چونکە یەکێ لەپاساوە چەوتەکانی دانوستانی ١٩٨٣ ی نێوان (ی.ن.ك) و(بەعس) گوایە ئێرانێکی (جیای مەزهەبی و نەتەوەیی) سەرکەوتوو بەسەر عێراقێکی (جیای نەتەوەیی) ترسناکترە بۆ ئاسایشی کورد.

٣ - کێشەی نەتەوایەتی : کاتێ لیستی شیعە ئەوەندە دەمارگیری عەرەبی نەبێ ئەو کێشەیە بە لاوازی دەمێنێتەوە، بەڵام گومانی نیە ئەو هەموو دەستکاریەی نەخشەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی کوردستان هەر لە ساڵی١٩٢٥ وە لەسەر دەستی بریتانیا دەستی پێ‌کردووە و حکومەتەکانی یەك لەدوای‌یەکی عێراق بەردەوامیان پێ‌داوە زۆر قورسە سەودای لەسەر بکرێ و بەخێرایی چارەسەربکرێ، بەتایبەتی‌کێشەی کەرکوك، کە خەلکێکی زۆری(تەعریب) شیعەی خواروون حکومەتی بەعسی بەو مەبەستەی ناکۆکی نێوان شیعە وکورد هێناوینی، ئینجا زۆربەی گەلی تورکمانی‌ئەو ناوچە هەم شیعەن و هەم لەژێرکاریگەری تورانیەتیشن. بۆیە واپێدەچێ قەیرانی سیاسی زۆر سەر هەڵبدا، ئەگەرچی عێراق بە دیکتاتۆریانە بەشێوەی جەنگ گوزارشی لە نائارامیەکانی پێکهاتەی عێراقی دەکرد، بەڵام بە دیمکراسیانە بەشێوەی قەیرانی سیاسی و حکومی گوزارشی لێدەکا.

٤ - فاکتەری ئیقلیمی : زۆر ڕوونە شیعە زیاتر ڕوو لە ئێران بووینە لەزەمانی ناکۆکی نێوان سەفەوی عوسمانیش لە کاتێکا کورد زیاتر لایەنگری عوسمانی بووە، بەڵام عەلمانیەتی کوردی ئێستا لەو بارەیەوە کەمتر چەسپاوە لەسەر هەڵوێستی ئیقلیمی.

**— (٥) —**

## کەواتە چەندە بەردەوام دەبێ ؟

دیفاکتۆی هاوبەشی مێژوویی‌و سیاسی‌و دەروونی شیعەو کورد دیگۆراکەی[11] دروست کردووە، بەڵام لە دەسەڵاتا دیگۆرا خۆشی ئەمری واقیع (دیفاکتۆ) دروست دەکا، بۆیە دواجار و لەژێر پەیرەوی میکاڤیلیانە ئەو ڕێکەوتنانە لەرزۆك دەبێ، هەر دەمێك ناکۆکی یاساییەکە بە ژمارە لێك بۆوە یان لەلایەکی‌تر لەسەر (حسابی دەستکەوتێکی سیاسی) ژمارە و ڕێژەی‌یاسایی بۆ تەواو بوو نەخشەی سیاسی‌ولیستەکان دەگۆڕێن هەتا لەگەل کۆنە دوژمنیش بێ، هەروەك لە کوردستان بینرا لەگەڵ کۆنە بەعسیش کرا و هەموو بنیاتانەی مێژوویی و ستراتیجیەتی و تیۆری سیاسی و دەروونی تێك دەڕووخێ، ترسناکە، هەر خودی (ئیئتلاف) لە پەرلەمان هاندەرە بۆ ڕێبازی میکاڤیلیەت، بۆیە ڕەنگە چەند جار ئەو نەخشەیەی هاوپەیمانی بگۆڕی، ئەوەش بابەتێکە لە کەم و کوڕی ستراتیژیەتی کورد، زۆربەی‌جار سەرکردایەتی نوێی کورد (خلط الأوراق)ی کردووە، کەمتر (زانستی أولويات) و (موازنە)ی بەکارهێناوە، ئەو دەردە لەنێو ئیسلامی و عەلمانی کورد بلاوەو یەکێکە لە هۆکارەکانی دەربازنەبوونی کورد لەو مەینەتیە.

---

[11] دیفاکتۆ زیاتر بەمانای ئەمری واقیع دێت بێ‌بناغەی یاسایی ، هەرچی دیگۆرایە بەمانای حوکمی یاسایی دێت بێ مەرجی واقعی .

## ستراتیژیەتی کورد :

لە پێکهاتەکانی عێراق :

ئەو بەشە بەڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیە : ئاخۆ بۆ کورد کام لا ستراتیژیە لە هاوپەیمانیدا، شیعە یان سوننە ؟

ڕاستە ئەو پرسیارە تا پێش دروست کردنی عێراق بێ‌مانا بوو، میللەتانی ئیسلام برا بووینە، بە فتوای (شێخ الاسلام)[١٢] کە لە ١٩١٤/١١/٧ دەرچوو زانایانی کورد و شیعە و بەشێکی سوننە بەرگریان لە داگیرکاری بەریتانی کرد لە ١٩١٤ــــ ١٩٢٠ لە خوارووی عێراقی ئێستا، بۆ ئەو دۆخە زێڕینەش جارێکی‌تر دەبێ هەرسێ پێکهاتەکەی عێراق بگەڕێنەوە سەر ئەو بنچینە ئیسلامیە، دەبوایە دەست پێش خەریش لەلایەن سوننەی عەرەب بوایە، کەچی بە مل دانیان بە ئایدۆلۆژیای عەلمانیەتی ناشیۆنالیزمی نەك عێراقێکی فرەنەتەوە و تایفیانەیان پێ یەك نەخسترا هەتا یەك نەتەوەی عەرەبیش بەو هۆیە بوویتە ٢٢پارچە، بەپێی ئەو ئایدۆلۆجیە ئەوان خاوەنی عێراقن، کوردیش کەمایەتیەکی پلەدوو، ئاینی ئیسلامیش لە خزمەت عەرەبە و دەبێ سەرکردە و پێشڕەو و مامۆستا بن، بەو بۆچوونە نەفامیە (شریف بن حسین) لە مەککە ساڵی ١٩١٦ لەگەل نوێنەری بریتانیا (ماکماهۆن) ڕێکەوتن پەلاماری خەلافەت بدەن کە بە (شۆڕشی عەرەبی مەزن ١٩١٦) بەناوبانگە، کەواتە بەو ئایدۆلۆژیە هەردەم ئامادەیە نمونەی بەعس دووبارە بێتەوە، ئەو ئەرك و سپاردەیەش لە عێراق بە هەموو بەشەکانی دەوڵەتیشەوە بە سوننەی عەرەب سپێردرا وشایستەی ئەو ئەرکەش بوون لەو ساتی، مومکینیشە، چونکە : (١) ڕێکە لەگەڵ تەیاری عروبی عەلمانی، (٢) لەگەڵ زانکۆی ڕەگەز پەرستی عەرەبی، (٣) لەگەل لایەن و زادەکانی‌تری سایکس ـــ بیکۆ.... ئەوەش مەبەستەکانی ئیمپریالیزم بوو، ئەو ئەزموونەی (فرق تسد) و کۆن و قووڵە و داناش دایڕشتووە، کاتێ (ئەسکەندەری مەقدۆنی) ڕۆژهەلاتی داگیرکرد هاواری ناردە لای (ئەرستۆ) وا سەرکەوتووە لەسەر زەوی بەلام چۆن زاڵیش بێت بەسەر کۆمەڵگاکانیان، ئەرستۆ وەلامی بۆ نارد : دابەشیان بکە دژ بەیەك و سەرانی نادڵسۆز بۆ ئایین و خاك و میللەتەکەیان لێ‌بکە دەسەلاتدار. لەسەر ئەو بنچینەیە وولاتانی ئیسلامیش بە کوردستانەوە دابەش کران، تا : پەرتەوازە بن نەك یەکگرتوو، عەلمانی بن نەك ئیسلامی، دیکتاتۆری بن نەك دیموکراسی، نەژادی و دەمارگیر نەك لێبوردە و ئومەمی، بێ‌هێزو دژ بەیەك نەك توندوتۆڵ، بێ بەرنامەو پلان بن نەك خاوەن بەرنامە، نمونەی ناشرین نەك جوان، هەردەم پێویست بەوان بن نەك سەربەخۆ...هەلبەتە ئەو پەیامە بەبەرنامەیەکی عەلمانی نەتەوەگەری هەڵدەگیرا تا کۆتایی، ئەو زەمینەش لە عێراق لەنێو (سوننەی عەرەب) دۆزرایەوە، ئەو ساتی کورد و شیعە بە توندڕەو خوازیاری شەریعەتی لەقەلەم درابوون، عەرەبیش بە میانڕەو هەروەك چۆن هەموو داگیرکەرێك لایەنگرانی بە میانڕەو و عاقل ناوزەد دەکاو وولات پارێزیش بەتوندڕەو و تیرۆریست و تێکدەر و بەدەر لەیاسا... وەسف دەکا، ڕەنگە بەشێکی زۆر لەچاك خوازانی سوننەی عەرەب ئەو ڕاستیانە یان نەزانیبێ، کە لە بنەچەدا ئەوەیە پەیڕەوکردنی ئامۆژگاریەکەی (کرچۆل) کە داوای کردبوو (هەتا قورئان لەنێو ئیسلام دوور نەخرێتەوە داگیر ناکرێن) ئەوە بناغەی سایکس-پیکۆشە. لەسەر تەیاری ئیسلامی کوردی و شیعە ئەرکە بەزمانی گفت وگۆ ئەو ڕاستیانەیان پێ‌بسەلمێنن و

---

[١٢] شیخ الاسلام پایەکی ئاینی نێو عوسمانی بوو بەپلەی قازی هەرەبالا ، دەسەلاتی لەدوای سولتان دەهات ، زۆربەی شیخ الاسلامەکان کورد بووینە لە بنەماڵەکانی بدلیسی ، حیدری ، ئامیدی ، ... بووینە .

هەنگاویان پێبهاوێن نەك هەر چاویان لەشوێن گرتنەوەی ئەو ڕۆڵە بێت، ئاستەنگیشە لەو ساتەی دژواری دەمارگیری بەهەمەوو ئاڕستەیەکە لەژێر سایەی بەهاکانی عەلمانی و میکاڤیلیو هێزی بیانیش ئەو هەنگاوانە بنێن و دەستکاری کۆمەڵێ بنەمای وەك : (ناوی عێراق، ئالاکەی، بناغەکانی دەوڵەت، دەستوور، عەلمانیەتەکەی، نەتەوە گەریەکەی شوێنی پایتەخت، سوپا، مافی هەمەوو لایەك،...) بکرێ، هەم ئەرکی نیشتمانیە هەم ئیسلامیـیە (ئەوگۆڕانانە) هەتا سەر بناغەی سایکس ـــ بیکۆ ئەگەر بلوێ.

... کەواتە ئالەو بارودۆخە بەپێی ئەو واقیعەی عێراقی نوێ چ بکرێ ؟ جاران ئەو پرسیارە زیاتر بەلای کورد و شیعەوە بووە. ئێستا بەلای سوننەش گرنگە بەتایبەتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەویش بەدوای هاوپەیمانیە، بەوپێیە ڕاکێش ڕاکێشی تاکتیك و بەرژەوەندیەدەربازە، نەك بەها و ئاکار، ئەوەش سەلبیە، بەلام واقیعە بۆیە دەکەوێتە خانەی توێژینەوەی زانستی نەك ئاینی، لەدوای هەڵبژاردن ئەو هاوپەیمانیەتیەی نێوان شیعەو کورد ئاسایی و چاوەڕوان کراو بوو، بەلام ئەوە تاکە سەرەنجام نیە، ڕەنگە بێبەرنامەیی و هەڵس و کەوتی چەوتی کورد وا بکا(شیعە و سوننە)ی عەرەب یەکخاتەوە هەروەك لەهەردوو تەیاری خالصی و سەدری لەلای شیعە و لەلای (هيئة علماء السنة) بەدی دەکرێ، لەسەر گوتاری "بالای عەرەب" و "خاوەن پەیامی""عروبی" و"مامۆستایەتی" کۆببنەوە، سەردەمی ڕابوونی نەتەوەگەری زیندووبکاتەوە کە ڕابوونی ئیسلامی کزی کردبوو، دیسان دەکەوینەوە نەخشە خنکێنەرەکەی ٧٨٪ عەرەب و ٢٢٪ کەمایەتی کورد، ئەوانە هەمووی ئەگەری مەحاڵ نین، بۆیە لەسەر ئیسلامیەکان پێویستە بتوانن قەناعەت بەعەلمانی کورد بهێنن ڕوو لەگوتاری سیاسی ئیسلامی بکەن، تا دۆست لەناو عەرەب پەیدابکەن ئەو دەست بارە قورسە پێکەوە هەڵگرن، ئەوکاتە کورد فرە کلیلی لەدەست دەبێ نەك تاکە ڕێی هێزی بیانی، خۆ ئەگەر سەرانی سوننەی عەرەب واز لەو پەیامە سایکس ـــ بیکۆوە، ناشیونالیزمی نەفامی بهێنن ئەوەی کورد کاردانەوەیە وا لە ئێستاوە سۆزی نەورۆز لەچاو سالانی داگیرکەر چەندە کەم بوویتەوە، هەمووی چارەسەر دەبێ، بەلام ئەو قەناعەتە جارێ لای سوننە نییە، کەواتە پرسیارەکە ئێستا جۆرێکی سادە وەردەگرێ، ئاخۆ ئەگەر (هەر بووە ئەمری واقیع) لەپێش کورد تەنها شیعە و سوننە عەرەبەکان بۆ دەست باری ئەو قۆناغە هەبێت، کامیانە لە خزمەتی ستراتیژیەتی کورد ؟ زیاتر کام لایە لە خزمەتی ڕابوونی ئیسلامیشە ؟ هیچ گومانی نیە بەهێزکردنی سوننەی عەرەب (هەڵبەت مەبەست ئەو بەشە شۆڤێنیە عەرەبەکەیە نەك سوننەی بیروباوەڕ) بەخۆ بەو ئایدۆلۆژیە عروبی هیچ چارەنووسێکی نە بۆ کورد نە بۆ ڕابوونی ئیسلامی تیانیە، کەواتە بە هەمەوو سەلبیاتەوە دەبێ بە دوای هاوپەیمانی کور و شیعە بگەڕێیت، تا ئەو کەلتوورەی کۆمەلایەتی و ڕەگەزی و سیاسیو یاسای بۆ سوننەی عەرەب دروست بووە لەپشتیوانەکانی عەرەبی وجیهانی هەڵدەوەشێتەوە، (باسی کاریگەری سیاسیو ڕەگەزی کرا لە پێش تر) بزانین سەرەنجامی یاساییەکەشی چەندە کاریگەرە ؟. ئەگەر دیسان نەخشەی ڕابوونی نەتەوەگەری عەرەبی زیندوو بێتەوە لەجیاتی ڕابوونی ئیسلامی نوێ ئەوا سوننەو شیعە یەك دەگرنەوە وەك عەرەب، لەڕووی یاسایی عێراق دەبێتەوە بەشێك لە نیشتمانی عەرەب و خەلکی عێراقیش دەبنە بەشێك لە(ئومە) ی عەرەبی، کوردیش دەخرێتەوە کەموولەی توانەوە، ئەو هێزە یاساییە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ مادە(١)ی نەتەوەیەکگرتووەکان کەهاتووە ناوی نیشتمان و گەلەکە بەزۆرینەی ئەو خەلکە ناوزەد دەکرێ، بەلام ئەگەر فاکتەری ئاینیو تایفی (کلاسیکیش بێ) جێی ڤاکتەری نەتەوەگەری بگرێتەوە ئەوا زۆرینە وکەمینەکە هەڵدەوەشێتەوە بۆ نەخشە وجۆرە هاوسەنگیەکی تر، زۆرینەی عەرەبی ڕەها نامێنێ تاباری یاسایی وەرگرێ هەروەك ئێستا لە (قانون إدارة الدولة العراقية الأنتقالية) مادە (٧) ـــ ب ـــ تۆمارکراوە (گەلی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب) ئەوە بەرهەمی ئەو دابەشیەی سوننەو شیعەیە،

ئەگینا دەستووری نەدەبوو، کەچی بەداخەوە بەشێکی زۆر لەڕەوشەنبیرو لایەن و سەرکردەی کورد هێشتا لەو ستراتیژیە نەگەیشتوون، گەلێ جار بەهەلچوویەوە ئەو دابەشیەی عەرەب بۆ سوننەو شیعە بەزیانی کورد دەژمێرن، ئەو ڕایە دەست کورتە لەسەرەتاکانی زانستیو لوژیکیش، هەربۆیەش واچاوەڕوان دەکرێ لایەنی عەلمانی کورد کەمتر ڕەچاوی ئەو بناغە قوولانە بکاو ڕەنگە ئەو هاوپەیمانیەتەی لەگەل لیستی شیعە بێ هێنانەدی ئامانجە گرنگەکان تێك بچێ، یان پاساوێکی تر دەهێننەوە گوایە شیعەش لە سوننە خراپترە، ئەگەر دەسەلاتیان هەبێ و هەر عەرەبن،... ئەو فەرمایشتانە ڕۆمانسیو سەرچیخ وعەوامین، بەراوردەکان ناتەواون، نە سوننە هەمووی خراپن نەشیعەو نە عەرەبیش نە کوردیش هەمووی باشن، ئەو تویژینەوەیە زۆر دوورە لەو سادەیی و عەوامیە بەلکو قوول دەبێتەوە بۆ ڕەهەندی جیهانیو ئیقلیمیو مێژوویی بۆ فرە ئامانج لە دوای هەلسەنگاندنی ئەنجامەکانی بە هەموو لایەك، دوا تەرازووش بۆ تەرازووی دادگەریە نەك دەمارگیری نەفامی، لەسەر ئەو واقیع و بنچینانەیە شیعە بۆ هاوپەیمانی چاکترە، هەرگیز شیعە ڕۆلی سوننەی پێناگێردرێ لەسەرکاری سایکس ــــ بیکۆ و نە ڕۆلی ناشیۆنالیزمی، ئیتر بەشی (خەمی) تایفی هەر بۆ کورد نیە لە پێشدا بۆ عەرەبە لەوەشدا هەنگاوێکی مەزنمان نا لە خراپترین دۆخی ڕابینراو ئەوا بارێکی قورس سەرملی کوردمان گواستەوە سەرملی خەلکی تریش، ئەوە تەرازووی ستراتیژیەتە نەك تەرازووی هەلچوون.

ئەوە پیلان و خەسلەتی میکیاڤیلیانە نیە، بەلکو زۆر شەرعیشە، دەبێ ئیسلامیەکانی کوردستان بە ووردتر سەرنج بدەنە ئەو بابەتە تەرازوەکانی هەلسەنگاندن، چونکە یەکیەتی شیعەو سوننەی جاران لەسەر بنچینەی (عقیدەی ئیسلامی) نەبووە، لەسەر بنچینەی (ناسیۆنالیزمی عروبی) بووە، بۆیە لەیەك جیاو یەك نەبوونیان شەرعی ترە نەك یەکبوونیان، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە : ((وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الأثم والعدوان))سورەتی–المائدة/٢ -، واتە (تعاون)ی شیعەو سوننە لەسەر (البر والتقوى) نەبوو جاران، بۆیە هەلوەشاندنەوەی چاکترە، هەروەك ئیمام عەلی لەبارەی (عەوام) دەفەرمووێ : ((اذا تجمعوا ضروا واذا انتشروا نفعوا)) واتە دیسان ئەگەر شیعەو سوننە لەسەر عروبە یەکخرێنەوە هەر (اثم و عدوان) ە، دەبێ بشزاندرێ سوننەی عەرەبی هەموو جیهان بۆیە لە شیعە لالووتە چونکە لە خەتی عروبە لایانداوە ئەو عروبەی سێدارەی رابوونی ئیسلامی و مافی خەلکی کوردستانە ٠

## * سەرەنجامی لە کوردستان *

مانا و گۆڕانەکان : زۆر بەکورتی باسێکیان کەتایبەتە بە :

## ناوەوەی کوردستان :

١ -ئەگەر لەدەرەوەی کوردستان بڕیار لەسەر هەلبژاردن نەدرابوایە جارێ بەزەحمەت لە کوردستان لەبەر ناکۆکی لەسەر دەسەلات ئەو هەلبژاردنە ئەنجام دەدرا و ڕەنگە تەمەنی پەرلەمان دەبوە (٣٥) سالەکە. زۆر ڕوونە ئێستا وا دیمکراسیەکەی عێراقیش بەپێش کوردستان کەوت.

٢ -ئەوەی ڕابینرا زۆربەی واهاتەوە، دەنگەکانی حزبە دەسەلاتدارەکان بەڕێژەی ١٤٪ پ.د.ك، لە ١٣٪ ی.ن.ك کەمی کردووە لەچاو ١٩٩٣، هەرخۆشیان هەستیان بەو کەم کردنە کردبوو بۆیە بە ڕێژەی لە ٤١٪ قایل بوون لە جیاتی ٥٠٪، واچاوەڕوان دەکرێ لە هەلبژاردنی داهاتوو زیاتر دەنگەکانیان کەم بێتەوە لەژێر سایەی ئەو گەندەلیە ئیداریەی بێتام. بۆیە چیتر لەڕووی یاسایی ناتوانرێ هەرلایەی حکومەتێك بۆخۆی دروست بکا چونکە ڕێژەی یاسایی دەنگی پەرلەمانیان تەواو کەمە.

شایانی باسە لەبەشی یەکەم پێش بینی لەکورتیدانی دەنگی حزبە دەسەلاتدارەکانمان کرد لەگەل هۆکارەکانیش.

٣ - ی.ن.ك بە (٢٧٢٥٥) دەنگ لەپێش (پ٠د٠ك) بوو بەلام وەك کورسی پارتی (١٣) کورسی لە شارەکییەکان زیاتر بوو لە (ی٠ن٠ك).

٤ - ئەوەی دەنگی زۆر زیادی کردبوو ئیسلامیەکان بوون، لە بێکورسی پەرلەمان بوونە خاوەن (١٥) کورسی، واپێدەچێ بۆ هەلبژاردنی داهاتوو زیاد بکا.

هەرچەندە کۆمەلی ئیسلامی لەژێر بارودۆخێکی سەختی سیاسیو مالی و... سەرکردەی زیندانی بووە لەلایەن ئەمریکاو، مۆلەتی چالاکی سیاسی یاسایی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەتەواوی پێنەدراوە، لەئوستانی دهۆك بواری هەلبژاردنی تەواویان نەبووە، کەچی ئەو دەنگەی تارادەیەك ناکاو بوو بۆ داهاتوو چەند قات دەبێتەوە.

٥ - لە کوردستان تا ئازادی و دیموکراسی زیاتربێت زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی دەنگ دەردەکەوێ، هەردوو حزبی دەسەلاتدار زیاتر لەوناوچانەی دەسەلاتی عەسکەریان تیادا بالایە دەنگی یەکەمیان هێناوە، مانای وایە هێشتا ئازادی تەواو نیە، دەنگە ڕاستەقینەکانیان بریتیە لەدەنگی ئەو ناوچانەی کەخۆیان لیی دەسەلاتدار نین.

بەهەمان شێوە هێشتا دەنگی ئیسلامیەکان زۆر لەوە زیاترە ئەگەر تەواو دیموکراسی هەبێ.

## داهێنانی دوو پایەی نوێ :

ئەو هەلبژاردنە وەك زەمین لەرزین زۆر گۆڕان پەیدا دەکا نەخشە دەگۆڕێ، دورگەی نوێ پەیدا دەکا و لەناودەبا،... بەو شێوە لەو سەرەنجامە دوو پایەی نوێی لەکوردستان داهێنا، یەکیان سەرەك کۆماری عێراق لە (ی.ن.ك)، دووەمیان سەرۆکی ئیقلیم لە (پ.د.ك) لە چواچێوەی ڕێکەوتنەکانی نێوانیان.

## سەرەك کۆمار :

لەڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٦ بەکۆی (٢٢٧) دەنگ بەرامبەر (١٧ غائب + ٣٠دژ) بەڕێز (جلال حسام الدین تالەبانی) بووە سەرۆکی کۆماری عێراق. ئەگەر چی فەترەکەی کەمە، دەسەلاتی پایەی شانازی هەیە زیاتر، بەلام بۆ مێژووی عێراق و کوردستان دەگمەن و نایابە، مانای وایە بۆ یەکەم جار هاوولاتی کورد بەڕاستەقینەی پلە یەکە، کاریگەری زۆریشی دەبێ بۆ ناسینی کێشەی کورد، زیاتر بەرەو جیهانی کردنی کێشەکەیە، هەر خودی ئەو سەرەك کۆمارەش لێهاتوو و داهێنەرە، خزمەتی عێراقیش زیاتر پێدەکرێ، واتە بەڕاستی عێراقی کوردو عەرەبە. دەبێ بە ووردی سەرنج بدەین ئەو جۆرە دەرفەت و دەگمەنانەی بۆ کورد دەڕەخسێ وەك یەکەم جار بە کوردی دوان لەڕاگەیاندنی تورکیا، بوونی یەکەم فراکسیۆنی کوردی لەپەرلەمانی ئێران... یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق... بەدەروازە و پەیژەی ئیسلامیەکان دێتەدی نەك عەلمانی نەتەوەیی سەردەست. ئەو دەسکەوتەش لە ژێر سایەی سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی عێراق هاتەدی، ئەگینا بە درێژایی دەسەلات و نەریتی عەلمانی کورد هەرگیز نەدەگەیشتە سەرۆك کۆمار، لە ڕاستیدا ئەو دەسکەوتە نوێیانە لە (لەت بوونی سوننەی عەرەب و شیعە) هاتووە بەلام ئەگەر بە قولتر لێکی بدەیتەوە دەبینی ئەویش لە رابوونی ئیسلامی هات کە جیی رابوونی نەتەوەیی گرتەوە، بەداخەوە سەرکردایەتی کورد کەمتر لەو ستراتیژیە پسپۆرن، ئەگینا چۆن داوای دەستوری عەلمانی و عێراقیکی عەلمانی و کوردستانێکی عەلمانی دەکەن. ئەی ئەزموونی ئەو ٨٠ سالەی عەلمانی چی بە کورد نەکراوە؟!

خۆ ئەگەر سیرەو بڕوای سەرەك کۆماری نوێ ئاینی بوایە بەدەیان قات هەم خزمەتی کورد وعێراقی پێدەکراو هەم خودی خۆیو هەم مانەوە و دەنگ هێنانی لەسەر ئاستی عێراق بۆ هەلبژاردنی داهاتوو، لەو ڕووە و سیاسەتمەدارانی

کورد ئەوەندە دانانێن بزانن چی لە خزمەتی کورد بکەن. ئەو ئەزموونەش گەلێ‌پشت ئەستوورتر دەبوو ئەگەر لەوچوارەدە ساڵەی کوردستان تەواو دیموکراسی بوایە نەك براکوژیو شەڕە دەسەڵات و دیاردەی (الحزب القائد) هەریەکە لە حکومەتی خۆی،...

## سەرۆکی هەرێم :

ئەو پایەیە زیاتر یاساییە نەك سیاسی، بەدیلی ڕابەرایەتی نیە بەڵام بۆ کورد تێکەڵیەکی لە هەر دوولا پێویستە لەگەڵ ئەندازەیەك لە کاریزمی، تابۆشایی (سەرکردەی ڕۆحی) لە کوردستان پڕ بکرێتەوە کە لە دوای ١٩٧٥پەیدابووە، لە ڕووی یاسایی سەرۆکی هەرێم پێویستی بەلایەنی کەم (نیوەی دەنگ +١) هەیە بۆیە ڕەنگە سەرۆکیهەرێم دروست نەبێ‌جاریٰ بە یاسایی، بەڵام سەرکردەی ڕۆحی دەبێ دەنگی ٤/٣ میللەت بهێنێ، بەداخەوە لە کوردستان ئەو سەرکردە هێشتا دروست نەبووە هەتا یاساییەکەش، ئەوەش دەگەڕێتەوە زیاتر بۆ ئەوەی سەرکردەکانی نوێی کورد خۆیان قەتیس کردووە لە نێو حزبێك، ئیتر تەنها دەبنە سەرۆکی ئەو حزبە بەهەموو سەلبیاتیەوە نەك هەموو کورد، بەتایبەتی کاتێ‌خەلکی دەبینی جیاوازی دەکرێ لە نێوان ئەو حزبە خاوەن ئیمتیازە و هاووڵاتیانی ئاسایی بێ بەشن لە ڕووەکانی سیاسیو ئیداریو داهاتیو هەتا یاسایش، بۆیە هەر سەرکردەیەك بیەوێ ڕابەرایەتی ئەو میللەتە بکاو لەو قۆناغە سەختە ڕزگاری بکاو ناوو خزمەتی وەك ناوبانگی غاندیو نیلسۆن ماندێلاو خمینیو دۆدایف و ملا مصطفی و...بێ ئەوا دەبێ سەرکردەی میللەت بێ بەهەموو ڕەنگەکانی نەك تەنها حزبێك، ئینجا کۆمەڵێك مەرج و رووخساریتر هەیە لەپێش هەموان سەرکردەی ڕۆحی دەبێ ئایین پەروەربێ، چونکە سەرکردەی حزبێکی عەلمانی هەرگیزاو هەرگیز با بەو ئومێدە نەبێ. بۆیە لە و دەم و دەستە کەمتر لەو جۆرە سەرکردەیە ئامادەیە لە کوردستان، هەتا سەرکردە ئیسلامیەکانیش چونکە ئەو پایەی سەرۆکی هەرێم یان ڕابەری ڕۆحی پێویستی بەوەش هەیە سەروەری بەرگری لەکێشەی کورد کردبێ، ئەوەش لەنێو ئیسلامیەکان وا پەیدانەبووە هەرچەندە لە شاخیش بووینە بەڵام بەرنامەکانیان هێشتا نوقستانی هەیە لەو ڕووەوە، بۆیە زیاتر لە(کاك مسعود بارزانی) نزیکە ئەگەر بتوانێ ببتە سەرکردەی کورد و بەڕاستەقینە دووركەوێتەوە لە حزبایەتی، هەروەك ئەو ڕۆلە گرنگەی دا دەبینین (سیستانی) دەیگێڕێ بەسەرەك حزبەکانی تری (شیعە) ناگێردرێ.

بەو شێوەیە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٤ بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا بەپێی یاسای (ژ: ١ – ٢٠٠٥ز) کۆی دەنگی پەرلەمان، بەڵام لەدوای (٥) مانگ ئنجا ڕێکەوتن، تا سەرۆکی هەرێمیش هەڵنەبژێردرا، ڕێگە بە پەرلەمانیش نەدرا کۆبێتەوە، بۆیە جێی سەرنجە لەسەر ئەو پرۆسەیەو یاساکەی هەڵوەستەیەك بکەین.

## چەند سەرنجێك لەبارەی یاسای سەرۆکی هەرێم

هیچ گومانی نییە هەنگاوێکی میژووی پێویست بووە ، لەگەڵ کەم و کوڕیش بەڵم بەپێی شیان کەسێکی شایستە بوو بۆ شوێنێکی شایستە ، بە مەبەستی گەشەو بیناکردنی ئەو پایە ستراتیژیە ئەو کورتە راو سەرنجە لەبارەی تۆمار دەکەین :

١ - مەرجەکانی سەرۆکایەتی هەرێم هەروەك لە ماددەی (٥) هاتووە بە هێز نییە ، ئینجا لە جیاتی ئەوەی میللەت مەرج و پەیمانی قورس بخاتە سەر شانی ( سەرۆکی هەرێم ) وا کرا کۆمەڵێك مرجی سەپاندە سەر میللەت ئینجا حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکان کەوتنە وە گەڕ و سەرۆکایەتیشی وەرگرت ٠

٢ - خودی ئەو یاسایەش کە دەرچوو لەگەڵ هەر یاسایەکی تریش لە پەرلەمان تەواو (یاسایی) نابێ مادام دەستورێکنەبێ پاڵپشتی بخرێتە سەر ، کوردستان دەستوری نییە و دەستوری عێراقیش جارێ ئەو زەمینەی تیانییە ، چونکە دەستور لە سەروی پەرلەمانە ، پەرلەمانیش ئەرکی یاسایی ئەوەیە لەو دەستورە یاسا هەڵێنجێ ، ناتوانێ ببێتە هاوتای دەستوریش ، چ جای ئەوەی ئەو یاسایە لە بنەڕەتدا لەنێوان هەردوو مەکتەب سیاسی دارژراوە ٠

٣ - لە دوو هەڵبژاردنی ١٩٩٣ —٢٠٠٤ لیستی سەرۆکی هەرێم بریتی بووە لە ٤٦٪ و ٣٧٪ واتە راددەی یاسایی تەواو نەبوە ، کەچی دەبینین سەرۆکی هەرێم دەنگی رەهای لە پەرلەمانهێنا ، ئەوەش مانای وایە ئەو سەرۆکە لە لایەن میللەت ویستراوە بەڵام حیزبەکەی بار قورسییەو بویتە هۆی کەم بونەوەی دەنگی سەرۆکی هەرێم ، لە کاتیك رەوایی کێشەی کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی میللی هەیە ، بۆیە ئەو سەرۆکە پێویستە خۆی بچوك نەکاتەوە لە حزبێك ٠

٤ - لە ماددە (١) وەسفی سەرۆکی هەرێم دەکات لە چوارچێوەی دەسەڵاتی (تەنفیزی) کەچی لە ماددە ( ١٠) دەسەڵاتەکانی دەکشێ بۆ ( تەشریعی و قەزایی وهێزی پێشمەرگەو زۆر دەسەڵاتی تریش ٠

٥ - لەکاتی سەرپێچی یان لەکاتی تێکگیرانی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ دەزگایەکی تر لەسەروی سەرۆکی هەرێم نییە تا ئەو تێکگیرانە یاسایی یانە لێکبکاتەوە ، بەتایبەتیکاتێ سەرۆکی هەرێم لە دەسەڵاتی ( تنفیز) یش بێت و بێ جێگرو یارمەتی دەر ، ئەو دۆخە ئەوەندە ئاڵۆز و دەگمەن نەدەبوو ئەگەر سەرۆك لەسەر شێوەی ( ویلایەتی فەقیە) یان (مەلەکی دەستوری ) یان ( سەرۆکی شانازی و رێنمایی دەر ) بوایە ، هەرچەندە ویلایەتی فەقیەش لە ئێران باڵا ترین دەسەڵات نییە ،ئەنجومەنی خوبرەگان کە پێکهاتوە لە (٧٢) زانای هەمە جۆر چاودێرن لە سەری و بە هەڵبژاردنی میللەتیش هاتوون و ئەوانیش ( وەلی ئەمر) یان هەلبژاردووەو کە زیاتر ( رێنمایی دەرە ) نەك دەسەڵاتی تەنفیزی ٠

٦ - لە ماددەی (٨) هاتوە بە ( نیوە+١) ی دەنگەکان سەرۆك هەڵدەبژێردرێ کەچی بۆ لادانی ( 3/4) ی دەنگی دەوێ، ئینجا دیاریشی نەکردوە ئەو سەرۆکە ئەگەر دانەبەزی ئەرکی کێیە دایبەزێنێ خۆ ئەو دۆخانەهەر روو لە (کاك مەسعود) نییە نۆرەی تر سەرۆکێکی تر دێت ئەویش بەو هەموو دەسەڵاتەوە، کێ دەڵێ یەکێك نایە لە سەر ترازی (هیتلەر) چۆن لە رێی پەرلەمانی شێوەیەکی وا ئەڵمانیایی بەو ئەنجامە گەیاند ٠

٧ - ئەو جۆرە دەسەڵاتە دەگمەنە بۆ سەرۆك (جگە لە وڵاتانی عەرەبی کە بەدەرن لە یاسائەگینا تەنها لە سەرەتای سەددەی بیستەم لە ئەزمونەکانی کۆدیۆی ئیسپانی و و میللی چیقی تورکیا ، فۆهری ئەڵمان دۆتچی ئیتاڵی شێوە دەسەڵاتێکی وا پیادە کراوە بۆ ئەو سەردەمەی نوێ ناشێ٠

٨ - ئەو فۆرمەی ( یاسای سەرۆکایەتی ) هەردولای (ی٠ن٠ك) و ( پ٠دك) لێی بەرپرسیارن نەك یەکلا ، مادام ئەوانە لە رەوتی گەیشتن بەو فۆرمە بە شەففافیەت نەبوە تا بزانرێ پرۆژەی هەریەکە چیبووە؟ کام لایان زیاتر خەمی دیموکراسی و نیشتیمانی و دادگەریان بووە ؟ کەواتە تاکە چارەسەر لەو دەم و دەستە بۆ ئەوەی مەترسی لەو ئەزمونە نەبێ بەلای تاك رەوی لەلایەك لەلایەکی تریش بۆ خزمەتی کێشەرەواکەی میللەتی کورد و بەردەوامی خودی سەرۆکیش وا چاکەسەرۆکی هیچ حزب هەر حزبی نەبێ دەبوایە بە کێ لە مەرجەکانی سەرۆکی هەرێم بوایە ،بەڵکو مولکی هەموو خەڵکی کوردستان بێ بە کوردو تورکەکان وئاشورو کلدو عەرەب و هەموو لایانە سیاسیەکانیش بە عەلمانی و ئیسلامی وچەپیشەوە٠ لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەش بووترێ کە لە دایك بوونی سەرۆکی

هەرێم سەرەتای کۆتایی دەسەلاٚت و نەخشەی دیارشی و(bi-party ) ،واتە دوو دەسەلاٚتی و دوو سەرۆکی... ئیتر نۆرەی هێزی سێ یەم و بەدیل بەخێراتر دێتە پێشەوە ئەگەر (بدیل) خاوەن بەرنامەبێت.